# نامەیەک لە قوبرسەوە

(کۆمەڵە کورتە چیرۆک)

نوسینی: ئازاد کەریمی

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**ناوی کتێب: نامەیەك لە قوبرسەوە**

**زنجیرەی کتێب:**

**ناوی نووسەر: ئازاد کەریمی**

**پیتچنین: ئەمجەد عەلیمورادی**

**نەخشەسازی:**

**نەخشەسازی بەرگ:**

**چاپ: چاپی یەکەم**

**تیراژ: 500 دانە**

**نرخ: دینار**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی (2009)ی پێدراوە**

**چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ــ هەولێر**

*** مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و خاوەن کتێبەکە**

*** ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**

**www. Kurdchap. com**

## «ئەنگین»

دایکی لە سەر سوجادەکە خەریکی نوێژخوێنـدن بـوو. لـە بـەرخۆیـەوە ورتـە ورتی ئـەهـات و دۆعای ئەکرد: یان دۆعای بەخێر ئەکا یان دۆعای شەڕ! نا! دایکم زۆر دڵی باشـە قـەت دۆعـای شەڕ لە کەس ناکا. دڵی نایە! بەڵام دوێنێ شەو ووتی ئەبێ لەسبەینێەوە لە سەر بەرماڵی نوێژ دەس بکەم بە دۆعا و نزا لە ماڵی حاجی زەکی. ئەڵێم چونکە دەستیان لە ڕوومانەوە ناو کچیان بەئێمـە نەداو کوڕەکەمیان ناهومێد کرد خوا کۆستیان بخات. ئەوکچەشیان هەتا ماوە لـە دونیـادا ڕەش و ڕەهەنە بێ و فرمێسکی چاوی قەت وشکەوە نەبێ...

«ئەنگین» لەم بیرانەدابوو، ڕوانیەوە دایکی کە خەریکی نوێژ خوێندن بوو. پەچـەو ڕووبـەنـدی بە سەر خۆیدا دابوو. بەڵام جارجار دەنگی ئەبیسرا. دەستی هەڵـێنا بـوو ڕووی کردبـوە ئاسمـان و دۆعای ئەکرد. لە تاقێکدا چەن ڕیز پـەرتـۆک وەک قورئـان و کتـێبی ئـاییـنیتـر هـەڵـچنرا بـوون. بەرگی قورئانەکە بەقوماشێکی سەوزەوە لە لای سەرووی هەموویانەوە دانرابوو. لە ناو تاقـەکـەدا وێنەیەکی «بەدیعوزەمان»[1] داکوترابوو. وێنەکە هی کاتی گەنجی بەدیعوزەمانە، هـی ئـەو ساڵـانەیـە کە لە «بابی عالی»[2] ئیزنی وەرگرت خوێندنگایێکی فەرمی و بەشکۆلە «ئەدرەمیت»[3] بکاتەوە. چاوەکانی بەدیعوزەمان پڕە لە قسەو باس و تانە و تەوانج. بزەیەک بە سـەر لێویـەتی، ئەو بزە، ئەوەندەی تر مانا ئەدا بە نیگاهە ڕەمزاویەکەی شێخ سەعیدی نوڕسی.

دەنگی دایکی هاتە گوێی: سوبحانەڵا، ئەلحەمدولیلا، تەبارەکـەڵـا... دایکـی ژنێکـی درووس و بەڕێزە،لە عەشیرەتی شێخی سەر بە سولالەی«شێخ عەبدولقادری گەیـلانی»[4]یـە. لـە لای بـاوکی دەرسی خوێندوە و موریدی شێخ موتەلیبی «تلۆ»[5]یە. چوارشەممەی هەموو هەفتەیەک ئـەچوو بـۆ زیارەتی شێخ لە تلۆ. هەرکات زۆر دڵی تەنگ ئەبوو ئەیووت: ئەنگین! بمبە بۆ «مەنزیل»[6] بـۆلای شیخ عەبدولباقی برای شێخ ڕەشید لە«سەنسور»[7]. زۆر جارانیش پێکـەوە ئـەچوون بـۆ زیـارەتی حەزرەتی «وەیسولقەرەنی»[8] یان غەوسی«خیزان»[9].

سفرەکە دانەخراوە، لە ناوەڕاستی ئۆدەکەدا چوارقەد کراوە و سوراحی و پـەرداخ و خوێـدان و تەباخ و کەوچک بە دەوریەوەن. ئەنگین لە دایرە هاتووەتەوە. هێشتا چاک و چۆنییان پێکـەوە نەکردوە. دایکی هەر لە سەر سوجادەیەو خەریکە نوێژ ئەخوێنێ. هەوای نیوەڕۆ گەرمە و عاسمـان بێ هەورە. لە لایەن چیای«ساسۆنە»[10]وە شنەیەکی بێ هێـز دێـت و ئـەدا لـە پـەردەی پـەنجێـرەی دیوەخانەکەیاندا.

دایکی سڵاوی نوێژەکەی داوە و بێ ئەوەی لە سەر سوجادە هەڵسێ ووتی : من بەڕۆژووم! نان ناخۆم، فراوینم بۆ لێناوی، لە سەر چراگازەکەیە، بەشی خۆت تێکە و بێخۆ نوشی گیانت بێ. ئەنگین دڵی ڕووخا : دایکم بەڕۆژووە؟! دیارە زۆر لە حاجی زەکی تووڕەیە، ئەیەوێ دۆعا و نزاکانی بەڕۆژوەوە بباتە دیوانی خودا!ئای ماڵ هەژار خۆم! بە شەرەف! دۆعاکانی دایکم گیرا ئەبێ و قوڕ ئەچێ بە سەر ئەو بنەماڵەدا!. سەری مەنجەڵەکەی لابرد. دایکی «کەلەندووشی»[11]درووس کردبوو. نەیزانی چۆن نانی خوارد، ئەوەندە بە پەرۆش بوو. دایکی هەر خەریکی دۆعا و پاڕانەوە بوو. لەوانە بوو دڵی تۆق بکا بۆ ئەوەی پرسیارێک لە دایکی بکا سەبارەت بەو ڕۆژووە.ئەیویست بزانێ ئاخۆدایکی دۆعا لە«بێریتان»ئەکا یان نا؟!

بەڵام لە ڕووی هەڵنەهات. لە شەرم و ترس و ڕقدا خەریک بوو ئەمرد. شەرم لە دایکی، ترس لە وەی دایکی دۆعای شەڕ لە بێرتان بکا و ڕق لە حاجی زەکی. حاجی زەکی زۆر دڵرەق و بێ بە زەیی و ڕوو شکێنە.زۆربەی خەڵکی بەدلیس ئەی ناسن. پیاوماقوڵ و سەر بە دەرویە. کوڕەزای خەلیل ئاغای «موتکی»یە[12]پیاوێکی خوشناوە بەڵام لە سەر ئەو شتەی کە خوی بڕیاری داوە پێداگرە، قەت نەبوە پاشگەزی بڕیاری خۆی بێ. تەنیا لە بەر یەک شت حازر نابێ بێریتانی کچی شوو بکا بە ئەنگین ئەڵێ: ئەنگین دووجار ژنی هێناوە بەڵام پێش لەوەی زەماوند بکا هەر دوو دەسگیرانەکە ی تەڵاق داوە. کێ ئەزانێ کچەکەی منیش تەڵاق نادا ؟ منیش ئابرووم هەیە حەز ناکەم بەبۆنەی بێ بڕیاری و ڕاڕایی ئەنگین ئابڕووم بچێ!.

دەرکی حەوشەکەی کردەوە. هەوا گەرم بوو، ئەوەندە گەرم بوو کە مرۆڤی بێ تاقەت ئەکرد. دارگوێزەکەی ناو حەوشە،گوێزی گرتبوو. پێستی گوێزەکان سەوز بوو: «هەر لە هەڵووژە ئەچن»... دەرکەی داخست. هاتە ناو کۆڵانەوە. دیواری ماڵەکان بەرز بوون،ئەتووت هەموویان قەڵان. لەلای ژوورەوە قەڵای بەدلیس بە سەر گردێکەوە بوو. دیوارە نیمچە کاولەکانی قەڵاو دیواری حەوشەکانی ماڵانی شاری بەدلیس چەشنێ خەڵسەو هێمنی پێ بەخشی. چەن کەسێکی بینی لەو گەرمادا عارەقی ڕەش و شینیان دەر دابوو، ئەهاتن و ئەچوون. شار چۆڵە. دووکاندارەکان لە سەر سەندەڵیەکانیان پاڵیان داوەتەوە وەنەوز ئەدەن.

نەیئەزانی بو کوێ ئەچێ. چەن جار ویستی بچێ بۆ دوکانی حاجی زەکی و سوێندی بدا، قسەی بۆ بکا بەشکوو ڕازی ببێ. بەڵام نەیئەوێرا. ئەترسا حاجی زەکی هەر ڕێگە ی پێ نەدا.

دامابوو، نەیئەزانی چی بکا؟ عارەقی کردبوو، عارەق لە سەروچاوی ئەهاتە خوارەوە باشە من دوو جار دەسگیراندار بووم بە ڵام دواتر هەڵوەشاوەتەوە. جاری یەکەم کچەکە پەشیمان بوو، ڕاستەکە ی پەشیمانیان کردەوە، نا! باوک و دایکەکەی پەشیمانیان کردەوە. تەماحی ماڵی دنیا

ئەوانی داگرت. کابرای قاچاخچی ئەوانی هەڵخەڵەتاند. ئەگینا من ئەبێ چ کەمایەتی‌یەکم ببێ کە خەڵک لێم بێزار و پەشیمان بنەوە ؟! ئەوەی تریش ئەوەیان نەبوو کە داوام کردبوو. خوشکە ناشیرینەکەیان بە فێڵ هێنا گۆڕێ و لە منیان مارە کرد. ئەوەیان کە من داوام کرد پێشنیاری دایکم بوو. ئەو بوو کە پەسندی کرد و خوازبێنی بە من کرد و پاشان زانی کڵاویان لە سەرمان ناوە، بۆیە پێی داگرت کە ئەبێ تەڵاقی بدەم. ئیتر خەتای من چیە ؟!. لە پڕ دەنگی «موراد بەکتاش»[13]هاتە گوێی:

باران باری گولێ گولێ تەنە تەنە... بە شوێن دەنگەکەدا گەڕا،نەیزانی لە کوێوە دێ.تاکسیەکی زەرد لە سوچێکدا پارک کرابوو، شۆفیرەکەی دەرکی تاکسیەکەی کردبووە. دەستماڵێکی دابوو بە بەرچاویەوە پاڵی بە سەندەڵیەکەداوە و خەوتوە. نا! ئەوە نیە، ئەو تاکسیەی ترە، شوفیرەکەی خەریکی شوتنیەتی. لە شریتی ئۆتۆمبێلەکەیەوە دەنگی ستران دێ. موراد بەکتاشی رەحمەتی!... ئای دنیای بێ وەفا...

دلی تەنگ بوو.ئەم دونیا بۆمرۆڤ تەنیا دەردو زەحمەتە... هەر زوڵم و بێدادیە... باوکی هاتەوە بیری.باوکیان لە زیندانی مووش[14]،تیرباران کرد. ساڵی 1983. ئەو کات ئانگین هەشت ساڵان بوو. بیست و یەک ساڵ پێش لە ئێستا. وێنەیەکی باوکی و «فایەق بووجاک»[15] لە ماڵەوە بوو، دایکی شاردبوویەوە. تەنیا یەکجار بینیویەتی. ئەویش بە هەزار پەت پەتی دایکی هێنای پێی نیشاندا. کاتی وێنەکە، ئەبێ ناوەڕاستی شەستەکان بێ.

باوکی لە «میکسێ»[16] گیرا. بە نوسراوەوە گیرا.بەندی توند بوو.پاش چوارمانگ زانی‌یان لە «مووش» کوژراوە. ئێستاش گۆڕەکەی نازانرێت لە کوێدایە...

لە پڕ بیرێکی کردەوە. لە ئاستی خۆیەوە ڕاوەستا، چەند چرکەیەک ڕاڕابوو. بەڵام گەڕاوە بۆ ماڵی خۆیان. لە سەر ڕێگەدا چو بۆ بیرەخانەیەک. دوو شووشە«راکی»[17] و هەندێ دەندکی کڕی. بە پەلە کەوتە ڕێ. مۆبایلەکە ی دەرهێنا ژمارەیەکی گرت، پاش چەن چرکەیەک ووتی : ئەلۆ! ئەنوەر! ئوتۆمبێلەکەتم پێویستە. هەر ئێستا بی‌هێنە بۆماڵی خۆمان، شەویش لە لای دایێ بە. من لە ماڵەوە نابم. یان بی‌بە بۆماڵی خۆتان. بزانە دایێ چی ئەڵێ بە قسەی بکە... مۆبایلەکەی کوژاندەوە و خستیە گیرفانی و کاتێ گەیشتە ماڵی خۆیان ماشێنەکەی ئەنوەری لە بەر دەرکی ماڵەوەیان بینی.لە بەر خۆیەوە ووتی: ئەم هەموو پارە دێت و ئەچێ قەت غیرەتی کڕینی ماشێنێکم نەبوو!کلیلی خستە دەرکەکەوە. چووە ژوورەوە. دایکی لە سەر کاناپەکە دانیشتبوو لەگەڵ ئەنوەر قسەی ئەکرد. ئەنوەر خۆشکەزای بوو.

سڵاوی کرد.دایکی ووتی:کوڕم بۆکوێ ئەچین ؟! من نەمووت هەر ئەوڕۆ بچین بۆ مەنزیل! ئەزانی چەندە دوورە!؟... ئەنگین ڕوانیە ئەنوەر ووتی نا!من ئەمجارە ناتبەم بۆ «سەنسور».هەندێ ئیشی تایبەتم هەیە ئەبێ جێ بە جێی بکەم.ئەمشەو لە ماڵی «نورجان»بە،ئەوەتا ئەنوەر هاتوە بە دواتدا بتبات بۆ ماڵی خۆیان.

دایکی ووتی: ڕۆڵە بۆیاس بووی بە دەستمەوە؟ من هەر بە تەنیا لە ماڵی خومان ئەبم،ناچم بۆ هیچ شوێنێک. زەحمەت بە کەس نادەم.

ئەنگین چووە ژوورەکەی خوی. بە دەم ڕێوە ووتی خۆت ئەزانی لە بەر خۆت ئەڵێم، من ئەبێ هەر ئێستا بڕۆم!. دایکی ووتی: لە ئیدارەوە ڕاسپاردەت هەیە؟

- نا!.

-... ئەی بۆ کوێ ئەچی؟

- ئەچم بۆ شوێنەکی تایبەت بۆ کارێکی تایبەت.

سازەکەی هەڵگرت،جانتاکەشی کە شووشە ڕاکی و خواردەمەنیەکانی تری تێدا بوو هەڵگرت و بێ ئەوەی سەیرێکی کەسانی ناو ماڵەکە بکا ووتی: خواحافیز!

چاوە ڕوانی ئەوەی نەکرد کە س وەڵامی بداتەوە.خەریک بوو پێڵاوی لە پێ ئەکرد ئەنوەر هات ووتی:سویچ!. ئەنگین سویچەکانی هەڵگرت و ڕۆیی.

کاتێ دەنگی ماشینەکە لەلای کۆڵانەوە هات و ڕۆیی، دایکی ووتی:

- ئەڤ قیزکا بێ لۆمە ئەوی هارو دین کریە! ڕەبەن! بێ لۆمە[18]

دەستی دایە تەیپی ئۆتومبیلەکەوە.ڕادیۆ بەدلیس سترانێکی تورکی بڵاو ئەکردەوە: سەنی سەوی یورم بەن یالنزم... کۆژاندیەوە، تەیپەکەی هەڵکرد.کاسێتە نوێکەی «نیلوفەر ئاکباڵ»[19] لە سەریدا بوو.حەزی لە دەنگی موزیک نەبوو.پێی خۆش بوو ماشینەکە قسەی بۆبکا.

چووە ناو ڕێگەی خیزانەوە، پێی نا بە گازی ئۆتۆمبیلەکەوە. ماشین غاریدا،هەر ئەڵێی باڵی گرتوەتەوە و ئەفڕێ. ئەنگین ئەیویست هەتا ئەتوانێ زووتر بگات. بێریتان کچێکی ڕێک و پێکە مامۆستای خوێندنگای سەرەتاییە. بەژن و باڵایێکی زراڤ و ڕێک و لەباری هەیە.گەردنێکی بێگەرد و بەرز، چاو غەزاڵ، لووت باریک و قەڵەمی،لێو قەیتانی و ددان ڕیز و سپی.قژی لە پشتەوە گرێ ئەدا. ئەڵێی پەیکەری یونانی‌یە. بێریتان زۆر جوان و خانم و شەرمنە. قەت چاوی نەڕوانیوەتە ناوچاوی منەوە.چاوی پڕە لە شەرم و ناز و شک.بەڵام دڵی پڕە لە خوشەویستی. ئەڵێی شنەی کوێستانی ساسۆنە.نەرم و بەخشندە و فەرێح...

دە ستی دایە ڕادیۆ.ڕادیۆ بەدلیس سترانێکی بە دەنگی«بارش مانچۆ»[20] بڵاو ئەکردەوە:«گول پەمبە»... لە بەر خۆیەوە ووتی: بزانین ڕاست ئەکەن لەم هەفتەی ترەوە پرۆگرام بە زمانی کوردی بڵاو ئەکەنەوە!؟. بارش مانچۆ، هەر ستران ئەڵێ. قەت حەزی بەم کابرایە نەکردوە... بیری کردەوە باشە ئەم کابرایە بۆ ئەوەندە«ویاگرا»ی[21] خواردەوە کە دڵی ڕاوەستێ و سەنکوپ بکا؟ بۆ چوار جار سێکسی زۆرتر؟!.

کاتێ بیری کردەوە کە باوەشی گەرمی یەک ژن چەندە بۆ پیاو خۆش و پڕ لە کامەرانییە،تەزێک لە مێشکی درا.بیری لە بێریتان کردەوە کە ژنیەتی و لە ئامێزیدا حەواوەتەوە.ویستی هەندێ قووڵترو بێ پەرژینتر بیری لێ کاتەوە،بەڵام ووتی نا! قەت بیری بەو جۆرە سەبارەت بە بێریتان ناکەمەوە،حەیفە! من ئەو کچەم بۆ هاوسەری ئەوێ.خوشم ئەوێ...

لە شارۆچکەی خیزان بەنزینی گرت.ئەیزانی ڕێگای میکسێ دژوارە و ئەگەر بەنزینی پێ نەمێنێ تووشی زەحمەت و کێشە ئەبێ. مۆبایلەکەی چەن جار زەنگی لێدا. هەڵی نەگرت.نەیویست پە یوەندی لەگەڵ کەسدا بێ،تەنانەت بۆ ماوەیەکی چەن کاتژمێریش بێ. ئەیزانی یان دایکیەتی، یان کەسێ لە خۆشک و براکانییەتی یان ئەنوەر گلەیی ئەکا داپیرەی نەیویستوە بۆ شەو لەماڵی ئەوان بێ. یان بێریتانە دیسانەوە وەک جاری جاران دەست ئەکاتەوە بە قسە کردن و سکاڵا و دەردە دڵ و هەموو ئەو قسانەی کە ژنان لە کاتی ڕاڕایی و نەویستندا ئەیلێن.

لە لایەنی ڕاستی جادەکەدا تابلۆیێکی سێ سووچ داکوتراوە.کچێک و کوڕێکی منداڵن.پەرتووک و جانتە بە دەستیانەوە یە و خەریکن ئەڕۆن. هێمای تابلۆکە ڕائەگەیێنێ لەم شوێنەدا مناڵان بە هۆی خوێندنگاوە هات و چو ئەکەن،بە نەرمی و هێمنی لێ بۆخرین!... بە بینینی ئەم تابلۆ هەندێ وریا بووەوە. زۆر بەختیار بووە هەتا ئێستا ڕووداوێک نەقەوماوە. لە ناوەڕاستی گوندێکی سەرە ڕێدایە.باشییەکەی ئەوەیە هاوینە و کاتی پشوی خوێندنگاکانە و منداڵان لە سەر ڕێدا نین.لە دوورەوە گاوانێک و چەن مانگا خەریکن لە ڕێگەکە ئەپەڕنەوە.هەندێ ئۆتومبیلەکە هێواش ئەکاتەوە.

نازانم بۆچی بێریتان وەک مامۆستا لەگەڵ منیش قسە ئەکا؟ بۆ وا ڕەفتار ئەکا ؟ بۆ وای لێ هاتوە ؟. هیچی لێ نە هاتوە بەڵام بە من ئەڵێ « هەندێ جار ئەوەندە لە شت ورد ئە بیتەوە ترسم لێدێ مروڤ چۆن ئەتوانێ تەمەنێکی درێژخایەن لە گەڵ تۆدا بژی و تووشی مەترسی و شەڕ و جیا بوونەوە نەبێ؟ تۆ عەیبەکان و چاکەکان زۆر شی ئەکەیتەوە! مروڤ هەندێ سووک و سۆڵتر بڕوانێتە دنیاوە باشترە.نەخۆی و نەکەسانیتر تووشی کێشە نەکا!»... دەی ڕاس ئەکا! بۆ ئەبێ

ئەوەندە ورد ببینەوە لە شتەکان؟!!... کوا ورد بوومەتەوە ؟! من ورد نە بوومەتەوە! من کەسانی ترم وەک خۆیان وەک ئەوە ی کە خۆیان بە من نیشان داوە لە دڵمدا جێ کردوەتەوە من چووزانم ئەوان لە دڵیاندا چی ئەهێنن وئەبەن ؟ ئەوان دواتر بیر لە چی ئەکەنەوە؟من ئەزانم ئەم مرۆڤانە بە گەرمە وەرت ئەگرن و ئەتبەنە نهۆمی خودایی و پاشان بەرت ئەدەنەوە بۆ خوارەوە! من حەزم نەکردوە لەوە زۆرتر خۆم تووشی دەروونیاتی خەڵک بکەم!...

لە ئۆتومبیلەکەی دابەزی.خوڕەی ئاوی کانیاوی (سیپیێ) هاتە گوێی. لای ئێوارەی کوێستانی «کەرە پێتێ خەچۆ»[22] لە مانگی حەزیراندا (June) لە بەهەشت،لەو شوێنە وادە دراوەی خودا بەهەشتترە.ڕەهێڵەی چیاوی ئەو کانیە مێشکی بنارەکە ی ئەتەزاند. بۆیە بنارەکەش ئەو گوڵاوەی لەخۆدا ڕا نەئەگرت و لە ملی خۆی دائەماڵی، بەڵام تێکۆشانی بنار بێ ئاکام و نەزۆک بوو : ئاو بە دوای ئاودا شۆلاوە ی بەستوە و بەرەو خوار ئەچوو.خرکە بەردی گەورە و ڕەق شانیان داوەتە بەر ئەم مەینەتباری‌یە بەڵام لە چارە نووسیاندا ئەوە نەخشاوە کە بەشیان لەم کارە ساتە سارد و سەر تەزێنەدا ڕاهاتن لەگەڵ خوڕە و خرۆشی کانیاوی سیپیێیە[23].

جانتاکەی دا بە کۆڵی‌دا و سازەکەی بە دە ستیەوە گرت. بە دەستی چەپیشی لبادەکەی هەڵگرتبوو. بە قەراغ کانیەکەدا ڕێگەی شاخەکەی گرتە بەرجریوە جریوی سیسرک و خوڕەی ئاو گوێی کپ کردبوو.ڕێگەی باش نە ئەبینی.هەوا تاریکی کردبوو.تەپەی پێی ئەهات.جارجار بەردێک لە ژێر پێی دەر ئەچوو یان ڕێگەی خوارەوەی ئەگرتە بەر، یان ئەکەوتە ناو کانیەکە و یان لە وشکانیەکەدا چەن مەترەک خلۆر ئەبوو یان وزەی نەئەما و ئەوەستا یان لە دڕک و بەرد دا گلی ئەخواردەوە و ڕا ئەوەستا. وزە جگە لە ئاو و مرۆڤ لەم بە شە لە جیهاندا لە ئاستی زەمانی دامەزراندنیایەتی.خشەی مێروویەک نایە. هەرێمەکە سفر و بێ دەنگە.

لە بەر کانیەکە لبادەکەی ڕاخست. ساردە. زۆزان و کانی باوکی سەرمان! لە سەر لبادەکە پاڵ کەوت، چاوی بڕیوەتە ئاسمان هێشتا ئە ستێران دەر نەکەوتوون. جگەرەیەکی لە قوتوو دەر کێشا.Camelی لە هەموو جگەرەیەک پێ خۆشترە. جارجار «دەلال» [24] ئەکێشێ،بەڵام کامێڵ لە هەمووی خۆشترە.چەخماخ لێ ئەداو جگەرە دا ئەگرسێنێ.لە برووسکە ی چەخماخەکەدا چاوی بە تەمبوورەکەی ئەکەوێ. هێشتا نەکەوتوەتە دۆخێکی ئەو تۆوە کە حەز بکا ساز لێ بدا... بێریتان ئەگەر پێی خۆش بێ لەگەڵ من ئەژی و ئەبێ بە هاوسەرم. بەڵام ئەگەر حەز نەکا،کەس ناتوانێ بەری پێ بگرێ و ببێ بە لەمپەر.ماڵی حاجی زەکی بنە ماڵەیێکی ڕوونا کبیرن. گەرچی حاجی زۆر جاران چەق و قیرسیچمەیە بەڵام ڕێز بۆ بنە ماڵەکەی و ڕای کچەکەی دائەنێ.بێریتان مامۆستایە، لە هەر بوارێکەوە سەیری بکەی سەر بەخۆیە... خۆی حەز ناکا. بەڵام

بۆ باسی ناکا؟ واته ئەیەوێ دڵم نەتۆرێنی؟!!. بۆ ئەبێ بەو جۆرە بیر بکاتەوە ؟ من ڕاستە نارەحەت و قەڵس ئەبم ئەگەر بە من بڵێ شووت پێ ناکەم بەڵام ئەوندەش دڵناسک و بێ ورە نیم کە ئەو بترسێ من دڵم بتۆرێ! من منداڵ نیم! زۆر بکۆڵیتەوە ئەو ڕاستیە دەر ئەکەوێ کە نابێ بۆ کەسێک یان شتێک کە دڵی بەلاتەوە نیە دڵت بزوێ... من ئەبێ چی بکەم ؟ من بۆ خۆم دەیان کێشە و ئالۆزیم لە ژیاندا هەیە.هەر ماوەیەک جارێک ئەبێ تووشی گرفتی عەشقی و ژن هێنان بم.بۆ لەم وڵاتەدا هەموو شت ئەبێ بە زۆر و لە ڕوو دامان و لە ڕوو هەڵنەهاتندا بگاتە ئاستی پێک هاتن؟ تەنیا لە بەر ئەوەی نیشانی بدەین ئێمەش وەک خەڵکی تر زەماوەند ئەکەین.وەک خەڵکی تر ئەویندار ئەبین؟ تووشی کێشەو ماجەرای دڵداری ئەبین؟ منداڵەکانمان ئەبێ و بنە ماڵە پێک ئەهێنین؟ بۆچی ژن هێنانمان، تەڵاقدان یان بەردەوامی ژیانمان ئاسایی نیە ؟! بۆ هەمووشتی ئێمە ئەبێ وابێ؟... ئەوە تاکەسێ وەکوو باوکی من ژنی هێناوە! چەن منداڵی هەبووە و پاشان بێ ئەوەی بیر لە چارە نووسی ئێمە بکاتەوە هەم خۆی داوە بە کوشت و هەم ئێمەش بە جۆرێ فیدا بووین و قوربانی کراوین، یان ژنێکی وەک دایکم سی ساڵە بە تەنیا خۆی شانی داوەتە بەر مەینەتی ڕۆژگار و ئێمەی بەخێو کردوە،ئەیتوانی لەگەڵ کەسێکی باشدا زەواج بکا و خۆشی تووشی دەردی سەری نەکا. بەڵام... یان من!؟ بۆ ئەبێ لە دەس خۆمدا نەبم ؟ بۆچی ئەبێ تووشی مرۆڤێکی وەک حاجی زەکی، بێریتان یان ئەو ژنانەی کە پێشتر هاتوونەتە ژیانمەوە ببم و هەر کەسیان بە زەرگ برینی لە دڵم هاوێشتبێ؟...

هەستا سەرچۆک،سازەکەی گرت بە دەسیەوە... زۆر دڵم تەنگە خودا گیان! چەندە دڵم تەنگە...بڵەی کەسێ لە دنیادا هەبێ چارە نووسی وەک من نالەبار و ناخۆش بوو بێ؟!...

سازەکەی بێ ئەوەی ژەندبێتی دانا. هەستا هەندێ پووش و پڵاش کۆ بکاتەوە، لە هەندی جێدا پەڵە پەڵەی بەفر بە یالەکەوە بوو. بەڵام لە زۆر شوێنی تردا چیمەن و دڕک و داڵ هەبوون. هیچی دەس نەکەوت... ویستی ئاگر بکاتەوە بەڵام بە هۆی نەبوونی چقڵ و پووش پەکی کەوت. هاتەوە سەر لبادەکە دانیشت. پەرداخ و شووشە ڕاکیەکەی بە هەندێ سڵ و ترسەوە بردە لێواری ئاوەکەو هەڵی ژەندە کانیەکەوە. چۆڕێ ئاو چووە ناو پەرداخەکەوە، دەری هێناو هاتەوە سەر لبادەکەی دانیشت. مانگ هەڵاتبوو. بەرز بوو. مانگی چوار یان پێنج شەوەیە. پێی خوشە بە خۆشی مانگ بنۆشێ... پەرداخەکەی هەڵگرت و بەرزی کردەوە و ڕووی کردە مانگ بە نەرمی ووتی بەخۆشی تۆوە!... هەر دووکیان : هەم ئەنگین وهەم مانگ لە دوو شۆوالیەی سەردەمی چەرخە ناوینیەکان ئەچوون. هەر دووکیان تەنیا و گەردەنکەش... هەردووکیان ئەمشەو بڕیاریان داوە لە بەرزاییەکانی زەوی و ئاسماندا بحەوێنەوە، حەوانەوەیەک

نە بۆ مانگ و نە بۆ ئەنگین لە چارە نووسیاندا بەدی ناکرێ، نە ئێستا و نە داهاتوو. پەرداخێکی تری خواردەوە. سەرمای ئاوەکە و تاڵ و تیژی ڕاکی‌یەکە لە مێشکی‌دا.گوێی نەدا. سەر و قوڕگی و ناو زگی گەرم داهات. مەشرووبەکە خەریک بوو کاری تێدا ئەکرد. ئەلکۆل لەشادە ماری‌دا. هەستا سەر پێ.جگەرەکەی لە نێوان پەنجەدا ئەسووتا... دەستی برد تەمبوورەکەی هەڵگرت. بێ‌ئەوەی بزانێ نۆتی کام مێلۆدی‌یە ژێی تەمبووری بزواند. زڕەی سازەکە تێکەڵی هەوا بوو، هەواکەی هەڵمژی، پڕبەسی‌یەکانی. ئەو فۆتۆنانەی کە لە ڕێگای سیپەلاکیەوە چووە ناو خوێنی، چەن جار زیاتر لەو دەنگانەی کە لەرێگەی گوێچکەیەوە ئەبیست درا لە مێشکی و هە ستی بزواند. هە ست دڵ و خوێنە، هە ست دەمارە خوێناویەکانە، خوێن‌هەڵگری هە ست و هەبوونە... خوێن ژیان‌ئەدا بە مێشک کە ڕامان و خەیاڵ بخولقێنێ... ئەو شتە ی کە «فەقێ تەیران»[25]پێی ناوبانگی دەر کردوە،«فەقێ» هەوای چڕینی گەرووی تە یر وباڵندەی هەڵمژیوە بۆیە لە زمانی مەلان تێ گەییشتوە! فەقێ هەستی بە هەبوونی هە ستی باڵندەکان کردوە وەک سولەیمان شای جوولەکەکان... ئای دنیای بێ وەفا... من چەندە لە ڕاستی‌یەکان خافڵا بووم! کاری دنیا زۆر ساکارە! من بۆ لە خۆمی بئالۆزێنم ؟... ژیان بەردەوامە... بە شەرەفی ئەم شەرابە سوێند ئەخۆم هیچ کات بە قەد ئەم کات و ساتە لە ڕاستی ژیانی مرۆڤ تێ نەگەیشتووم...

ئەنگین سازەکەی ژەند و ژێی گەرووی خۆی بزواند، خوڕەی ئاوی کانی«سیپێ» و دەنگی تەمبوور و سترانی ئەنگین لە چیای «کاراپێتێ‌خەچۆ»، پێژنی[26] ئاوازی ڕاستی‌یەکانی ژیان بوو. ئەو ڕاستیانەی کە بۆ ئەنگین دەر کەوتبوو...

فەقێ تەیران / کودەرێنە ئەو تە یرێن تەڤ تە دستریان؟ /بەر بئاڤا جەنەتێ[27]/لچیایێن بلندوگەردە ن گازێ میکسێ/دوارو هۆزا شیدانێ/تەچما نا پەیڤی بکانیارە؟/بکە ڤرونە والارە؟/ببێهناتەنگێ وەلێتێ‌رە؟/

بەرێ خۆبدە/دەنگێ تەنایە!/مانە گوتنە لەش دمرە لێ دەنگ نامرە؟!. دەنگێ تەنایە/ ئەوژی کە تیە بن ئاخاسار؟/دەنگێ تەگەوری یا تەیرانە/ما تونزانی دەنگێ تەیر و مرۆڤ و ئاڤ/دەنگێ ژیان و مانە؟/دەبئاخڤە!/دەبنێرە!/دەبسترە!/بێژە فەقێ تەیرانەکالە، نەبێ حالە!/هێژ گەنجە،هێژ خورتە، هێژ لاڤە!/

خوینا لەش و دەماران دزڤرینم/دلێ زەخم بۆنا ئەوینێ دحەلینم/هزرا پاقژ بسەربەستێ‌رە دحەبینم/هەلبەستا حەسرەت و کەسەرا دلا دلوورینم/فەقێ مایە! دژی! دمینە! هەتا ژیانا بێ مرنێ ئەو دمینە! ئەزنامرم! ئەزنەمرو و ژینیمە...

گەرمای خۆرەکە لە سەری ئەدا. سەری گەرم ببوو. چاوی کردەوە. شوشە ی خاڵی ڕاکی‌یەکان بە پاڵ یەکەوە ڕاوەستابوون. پەرداخەکە بە پێشدا کەوتبوو. سەری هەڵێنا. هەندێ ڕوانیە دەورو بەری خۆیەوە... بە لای ڕاستیەوە نەواڵێکی قووڵ بوو کە شارۆچکەی میکسێ خۆی فڕێدا بووە باوشیەوە. کانیاوی سپێ بە خوڕە خوڕ هەلئەقوڵا و بەرەو خوار ئەچوو... سەیرێکی دوایەوەی کرد. تەمبوورەکەی پاڵ کەوتبوو. خۆر بە دڵسۆزی یەوە تیشکەکانی ئەدا لەژێی سازەکەو ئەیبزواند...

7ی جوون 2004

1- شیخ سەعید نوورسی، زاناو موفتی بە ناو بانگی سەدە ی نۆزدەو بیست لە باکووری کوردستان.

2- مەبەست دیوانی سوڵتانە عۆسمانیەکانە لە ئەستەمبۆڵ

3- شاروچکەیەک لە کەناری دەریای وانیداEdremit

4- حەزرەتی غەوس، بە ڕەگەز کوردە و سەروکی تەریقەتی دەروێشەکانی قادری‌یە. لە سەدەی دەی زایینیدا ژیاوە

5- شاروچکەیەک لە نزیکی بەتلیسدا Telo

6- گوندێک لە ناوچەی سەنسوور Menzil

7- شاریک لە باکووری کوردستانSensur

8- حەزرەتی وەیس خەڵکی یەمەنە و دۆستێکی هەرە خوشەویستی حەزرەتی موحەمەدە

9- کوردان لە باکوری وڵاتەکەماندا پێیان وایە حەزرەتی وەیس لە خیزان ئەسپەردەی خاک کراوەXizan

10- Sason،کۆێستانێک لە بەدلیس

11- Kelendush دۆخەوا

12- mutki، شارۆچکەیەک لە باکووری کوردستان، ناوی عەشیرەتێکی کوردە

13- دەنگبێژی نابینای کورد بە ڕووداوی هاتوو چۆ گیانی لە دەس داوە 1998ی زایینی

14- mush، شارێکی کورد نشینە لە باکوری کوردستان

15- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردوستانی تورکیا و نوێنەری پارلەمان لە شەستەکاندا

16- Mikse شارۆچکەیەک لە باکووری کوردستان

17- Raki ڕاقی خواردنەوەی باوی خەڵکی باکووری کوردستان

18- Karapetexecho کوێستانێک لە هەرێمی میکسیێ

19- Sipe کانیەکی بە ناوبانگ لە میکسیێ

20- جگەرەیەکی کوردی، نوسراوەی سەر پاکەتی جگەرەکە بە کوردی نووسرابوو، هاوینی ساڵی2000هاتە بازاڕەوە

21- فەقێ تەیران، عارف و زاناو شاعێری بە ناوبانگی کورد لە سەدەی شانزدەی زایینیدا

22- دەنگدانەوە

23- ئاوی بەهەشت، ڕوبارێکی بە ناوبانگە لە میکسیێ، گوایە فەقێ تەیران لەوێ دەسنوێژی گرتوە

# نامەیەک لە قوبرسەوە

بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم:

مەرحەبا! هیوادارم هەمووتان ساخ و سلامەت بن. ئەگەر لە حالی من ئەپرسن دلنیا بن هیچ خەفەت و مەراقێکم لەم دنیادا نیە جگە دووری ئێوە نەبێ. نازانن چەندە بیری ئێوەم کردوە! هەر لێرەوە هەتا مالی خۆمان سلاو و حورمەت ئاراستەی ئێوە و خۆشک و براکانم و گشت خزم و کەس و کارەکان ئەکەم، دەستی هەمووتان ماچ ئەکەم و لە خودا ئەپاڕێمەوە تەمەن درێژتان بکات. من لێرە لەم سەربازخانەدا، شەو و ڕۆژ بیر لەوە ئەکەمەوە کەی کات دەرباز ببێ و ئەم ماوە کۆتایی پێ بێت و زوو بە زوو بگەڕێمەوە ئامێزی بە گوڕی بنەمالەکەم؟

لێرەدا ڕووی قسەم ئەکەمە دایکم : دایکە گیان! ئەزانم لە پەژارەی مندایت بەلام پێت ئەلێم: مەراقی منت نەبێ، جێگەکەم باشە، خواردنم بەر دەوامە، جێ نوستنم خاوێنە و سەرمام نابێ. هەوای ئێرە زۆر خۆشە، چوار دەوری ئەم دوورگە لە گەمارۆی ئاودایە، بەلام شوێنێکی گەورەیە و ئەوە نیە کە من بتوانم چوار دەوری خۆم ببینم و ئەگەر پێت خۆشە بزانی وا لەکوێم بە منداڵەکان بلێ نەخشەیەکی جوگرافیا بێنن و دوورگەی قوبرس بە تۆ نیشان بدەن و تۆش سەیری بکە، ئەو کات ئەزانی من لە کوێدا ئەژیم.

ئێرە زۆر خۆشە هەموو جۆرە خواردن و خۆراکی تێدایە، پڕە لە دارستانی زەیتون. هەتا لە بیرمە ئەوەت پێ بلێم تەنانەت پەنیری «وانیشی»[1] تێدا ئەفرۆشن! سەرەتا بە هۆی بۆنی «سیرک»[2]وە کەس نەی ئەخوارد بەلام کاتی بینییان من چەندە حەزم لێیەتی و چەندە خۆشە ئەوانیش واتە سەربازەکانی تر وەک من دەستیان بە خواردنی پەنیری «وان» کرد و ئێستا لە سەربازخانەکەدا بڕێکی باش لەو سەربازانە هەرکات بۆ پشوودان ئەچنە ناو شارەوە پەنیری وان ئەکڕن.

من لێرە چەن دۆست و هەوالی باشم بۆ خۆم بینیوەتەوە، یەکیان ناوی «ئۆزان»ە[3] و خەلکی «کوتاحیە»یە[4]. زۆر پێکەوە ئەگونجێین،بەقەت برایەک خۆشم ئەوێ، ئەویش بۆمن وایە. باوکی مەلای گوندەکەیانە و وانەی عەرەبی پێ وتووە و ئۆزان هەندێ عەرەبی ئەزانێ. زۆر جاران لە خۆیەوە بە من ئەلێ : شوکرەن... واتە سپاس! هەر چەن پێی ئەلێم من عەرەبی نازانم! دەس بە پێکەنین ئەکات و ئەلێ: ئەزانم کوڕە! بەلام هەرکات تۆ قسە ئەکەی گوێگر وائەزانێ بە عەرەبی قسە ئەکەی لەبەر ئەوەی پیتی «قاف»، «عەین» و «حا» زۆر بەکار ئەهێنی.مرۆڤ وائەزانێ لە

عەرەبستانەوە هاتووی! منیش لە وڵامی‌دا ئەڵێم: من بە زاراوەی «دۆغوو»[5] قسە ئەکەم. خەڵکی ئەوێ هەر بە گرامەرو ڕێزمانی سەر دەمی «عوسمانی»[6] فێری تورکی بوونە، خەڵکی «دۆغوو» دەیان ساڵ پاش «کۆماریەت»[7]هەر توورکی‌یان نەئەزانی، ئەو کەسانە ش کە فێری خوێندەواری ئەبوون، زمانی تورکی‌یان لە قوتاوخانە کلاسیکەکان ئەخوێند کە مامۆستا ئایینیەکان وانەی قورعانیان بە عەرەبی تێدا ئەوتەوە،واتە هەمان ئەو تورکیەی سەردەمی عوسمانلی دوای ئەوە یاسای «ئانادیل»[8] ڕا گەیێنرا، خەڵکی ئاسایی لە «دۆغوو» بۆ فێر بوونی زمانی تورکی چاویان لە خوێندەواران ئەکرد و هەر بەو شێوە فێری تورکی بوونە... بەڵام ئۆزان بە پێکەنینەوە ئەڵێ: من ئەمانە نازانم! هەر کات تۆ قسە ئەکەی من خۆشحاڵ ئەبم، پێموایە لەگەڵ باوکم‌دام و ئەویش خەریکە وانە ی «عەرەبی» بە من ئەڵێتەوە.

بابە گیان! بە خۆشی‌یەوە ماوەی سەربازیم کەمە و تەنیا حەوت مانگم ماوە. ئەزانم جارجار نیگەران ئەبی بەڵام ڕجات لێ ئەکەم خۆت دڵتەنگ مەکە. هیوادارم ئەمساڵ بەڕێی «حەج» بکرێیت و خودا بە نەسیبت بکات. بە منداڵەکان بڵێ بخوێنن با بچنە زانکۆوە. باش بوو من ئەو کارەم کرد و خوێندم و ئیستاش شوکر بۆ خوا ئاکامەکەی ئەبینم : بە پلەی چاووشی‌یەوە خەریکی سەربازیم. دیارە لە هەر پلەیەکدا بیت سەربازی ناخۆشە بەڵام ئەگەر سەربازێکی ئاسایی ببوایێتم ئەو کات بە دژواریەوە دەر باز ئەبووم. دوو سەربازی خەڵکی «دۆغوو» لێرەن، یەکیان خەڵکی «گۆراندەشت»[9] ی «میکسێ»یە و «شێدان»ە[10]و ئەوی تریشیان خەڵکی، «چەل»ە[11].هەردووکیان کوڕی چاکن و جارجار کوڵێرە و مێوژ و گوێزم بۆ ئەهێنن.هەر دووکیان زۆر ڕێزم بۆ دائەنێن. نازانم«سینەم» ئەبینن یان نا؟ تکایە دڵنوایی بکەن با دڵی لە خۆی دانەمێنێ وهەست نەکا لە بیرتان کردوە... دایە گیان! بە «سینەم» بڵێ خۆشم ئەوێ بەڵام لە ڕووم هەڵنایە نامەی تایبەتی بۆ بەڕێ بکەم.. ئێرە پڕە لە توووریست. ئای خودایە ئەم توریستانە بۆ ئەوەندە پووڵ خۆشەویستن؟ دڵیان نایە پارە خەرج بکەن بەڵام هندێکیشیان خراپ نین. لە بیرم نەبوو بڵێم جارێکیان کوڕێکی ئازەری تەورێزی کە بۆ تازە کردنەوەی ویزاکەی هاتبوو بۆ ئێرە لە گەڵم بوو برادەر. بە تورکی خۆیان هەر ئەیووت « یاخچی» واتە « باشە «؟

ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم؟ ئەوەندە ئەڵێم : دڵتەنگی و دڵگرانی من تەنیا پەژارەی دووری ئێوەیە. ئاگاتان لە خۆتان بێ! بە« فیکرەت» بڵێ لە گەڵ خۆشکەکانماندا نێوانی خۆش بێ و ئازاریان نەدا، ماچی«نوران» و «ئایشێ گوڵ» و «شاجان» ئەکەم. هەر لێرەوە هەتا ئەوێ چاوتان ماچ ئەکەم. ئێوەیش نامەم بۆ بەرێ کەن. چاوە ڕوانی نامە جوانەکانتانم!

کوڕەکەتان : «فەتحی»- لاڤووشکا. دوورگەی قوبرس 2004/ حەزیران/16

**زۆر سپاس بۆ پۆستەچی، تکایە ئەم نامە بباتە ناو نیشانی خوارەوە**
**وان – گەڕەکی جەودەت پاشا- تەنیشت مزگەوتی ئەرەک – ژمارەی 12- ماڵی جافەر قاراقوچ**

1- پەنیری وان لە کوردستانی تورکیادا بەناوبانگە
2- Sirk، سیرە کێویلە
3- Uzan
4- شارێکی تورک نشینە لە ڕۆژاوای تورکیادا
5- Dogu، ڕۆژهەڵات، دەوڵەتەکانی تورکیا بە باکووری کوردستان ئەڵێن ڕۆژهەڵات
6- Ottoman، دەوڵەتی بەناوبانگی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ماوەی حەوسەت ساڵ دەسەڵاتداربوون.
7- لە ساڵی 1923 زایینیدا، مستەفا کەماڵ ئاتاتورک دەوڵەتی عوسمانی ڕماندو کۆماریەتی لە تورکیادا دامەزراند.
8- Anadil، زمانی دایک، واتە زمانی تورکی زمانی فەرمیە لە تورکیادا(1926ی زایینی)
9- Gorandesht، لە دەورو بەری واندایە
10- Shidan، هۆزێکی بە ناو بانگی کورد
11- Chel شارۆچکەیەکی کورد نشین لە پارێزگەی هەکاریدا

# میرزا یارعەلی خان

هەموو ئێوارەیەک ئەختەر خانم تاوڵەمەکەی هەڵ ئەسووڕاند و خەڵـووزی ئـەگـە شـاندەوە بـۆ قاقڵی سەر نارگیلکەی میرزا یارعەلی خان. ویـژە ویـژی سـوڕانی تاوڵـەمـە لـەگـەڵ قرچـە قرچـی خەڵوزەکە کە خەریک بوو ئەگەشاوە مرۆڤی ئەخستەوە بیری ئاژیری سەر ئامبوڵانس یان ماشـینی ئاگر کوژێنەوە. میرزا یارعەلی لە سەر لبادە بۆرەکەی دائەنیشت و پاڵی ئەداوە بە سەرینەکەیـەوە و چاوی ئەبڕیەیە ئەختەرخانم. هەمیشە ئەختەر خـانم کـاتژمێری حـەوتی ئێـوارە لـە چـوار وەرزدا ئەچوە حەوشە و بە لاشاندا ڕائەوەستا و ئاگری بۆ قاقڵی سەر نارگیلەکەی میرزا یـار عـەلی خـان ئەگەشاندەوە. یار عەلی خانیش سەیری ئەکرد و خەوە نووچکە ئەیبردەوە و یـان باوێشـکی ئـەدا. لەو کاتەوە لە ژاندەرمەدا، دامەزراوە فێری قلیان کێشان و مەنگەڵ و بافوور بوە. میرزا یار عـەلی خان ئەڵێ هەشت مانگ ویازدە ڕۆژ بوو دامـەزرا بـووم کـە شوڕشـی جـافر سولـتان دەسـتی پـێ کرد.هەمووجارێ کە ئەم ڕستە ئەڵێتەوە ئاخێک هەڵ ئـەکێشـێ و تفـەکـەی قـووت ئـەدا و یـەک دووجار بێ هەست دەم ئەتەقێنێ و بێ دەنگ ئەبێ...

ئەختەر خانم نارگیلەی بۆ ئەڕازێنێتەوە و لە بەر دەمی دائەنێ و خۆی ئـەڕوا. قوڵـتە قوڵـتی نـاو شووشەی ئاوەکە ئەبێتە هۆێ سووڕاندنـەوەی گوڵـە نایلۆنـەکـەی نـاو ئـاو. لـە سـەر شووشـەی نارگیلەکە شدا شێوەی ناسرەدین شا نەخشراوە، سمێڵی باداوە و پەپاخی سـووری لـە سـەردایـە و جقەی زێڕی پێوە کردوە.

– ئەختەر!

– بەڵێ!

– عەبدولحسیەن دوو ڕۆژە دیار نیە، لە کوێیە ؟

– نازانم میرزا...

– ئەی تۆ نابێ بپرسی لە کوێیە، بۆ کوێ ئەچێ ؟

– پێرێ بە پەلە هاتەوە، بە منی وت ئەچێ بۆماڵی برادەرێکی یەک دوو ڕۆژ نایەتەوە...

– هەر ئەوەندە ؟!

– ئەرێ...

– ئەی چۆن بە منت نەوت... نازانی دنیا شەڵەژاوە... پەندێکی بەسەردابێ چ قوڕێک بکەم بە سەرمدا؟

- منالٚ نیە بیست و سیٚ سالٚ تەمەنیەتی...

ئەختەر دوای ئەم قسانە ڕۆیشتبووە ژوورەکەوە و میرزای بەجیٚ هێشتبوو...

لە ساڵی 1916دا لەگەڵ ئەختەر خانم زەماوەندیان کردوە، هەتا ئەوڕۆ لەگەڵ ئەختەرخانم هەر پێک نەهاتوون لە سەر ئەوەی کە منداڵەکانیان باش ڕاهێناوە یان نا ؟! هەموو کات میرزا یار عەلی خان بە ئەختەر خانم ئەڵیٚ: تۆ زاوتەت بە سەریاندا نەبوو، نەتهێشت منیش چوار زەخت و زاوتەیان پیٚ بنوێنم، کە بەم جۆرە سەرە ڕوو نەیێنە بەرهەم.

- منالەکانمان چییان کردوە!؟ کچت حیزە ؟ کوڕت دزە، قاتڵە، دەسبڕە ؟!

- هیچ لەوانە نین بەڵام هەزار و یەک پەت پەتی‌یان بە سەرمان هێناوە

- وانیە! بەڵا و گۆڵمەزی منالٚ هەر بۆ دایکە! باوک ئاگای لە هیچ نیە! بەڵام شوکر منالی من بیٚ‌وەی و باشن. خەفەتی میرزا یار عەلی خان لە سۆرخی عەبدولحسێنەوە بوو : ئەم کوڕە پەندێکمان پیٚ نەدا باشە!

عەبدولحسێن بەو بەژن و باڵا بەرزەوە، بەو سمێڵە ڕەشەوە، بەو جل و شێوەو شەوکەتەوە هەستی حەسوودی و نەیاری لە مرۆڤە بەرچاو تەنگەکاندا ئەبزوێنیٚ...

- ئەختەر ئەم کوڕە زۆر بەرچاوی‌یە! زۆر ئەکەوێتە بەر چاوودەم،ئەبیٚ بە چاوە!

- میرزا گیان خەفەت مەخۆ، حەزرەتی عەباس نگاداری بیٚ، ئیشەڵا عەمە درێژ ئەبیٚ!

- ئەختەر!

ئای ئەختەر... لەو کاتەوە تۆ مردووی پەکم کەوتووە. مەرگی سیٚ منداڵ منی نەچەماندەوە، مەرگی تۆ پشتی شکاندم...

خڕەی کلیل دیٚ کەسیٚ خەریکە کلیل لە قوڵفی دەرکی حەوشەدا ئەسوڕێنی. عەبدولحسێن دەرک ئەکاتەوە. کۆخەیەک ئەکا و نەرم نەرمە بە ناو حەوشەدا دێت و سەر هەڵ ئەهێنیٚ و باوکی لە باڵکۆندا ئەبینیٚ، دەست بە پێکەنین ئەکا :

- سڵاو لە میرزا یار عەلی خان!

- سڵاو ڕوڵە...

- هیوا دارم دڵت لەم نۆکەرەی خۆت نەئێشابیٚ... ئەو ڕۆ درەنگ هامە خزمەتت دەردت وەگیانم!

- خوا نەکا! ڕۆڵە! دەردی خۆت و کوڕەکانت لە من کەویٚ. بیٚ‌تاقەتت بووم... هەر چاوم بەڕیبووە دەرک وتم عەبدولحسێن دیٚ بۆ لام...

عـەبدولحسـێن خـان دەسـتی کـردە ملـی بـاوکی و مـاچی کـرد. مـیرزا یارعـەلی خـان بـە تامەزرۆیییەوە دەسەپیرە چرچۆڵەکانی دەئاڵێنێتە گەردنی کوڕەکەی و ماچی ئەکا.

– بە قوربانی ئەو سەرو ڕیشە سپیەت بم، بووک و دایکم بە قوربانت بێ.

کاتێ دوای یازدە ڕۆژ سەرۆکی بنکەی ژاندارمە پێی ووت، عـەبدولحسـێن گـیراوە و لـە گرتووخانەی کرماشان زیندانە بەندی دڵی پسا. خەمی ئەختەری بـوو. ئـەختـەر ئـەگـەرچـی دڵی گەورە بوو بەڵام لە پاش مردنی ناوەختی کچەکەیان تووشی هەندێ خـەمـۆکی ببـوو... کەس نازانێ « زینەت» بۆچی خۆی کوشت؟!

کەس نازانێ زینەت لە تەمەنێکی کەمی نۆزدە ساڵاندا چۆن بوو بڕیاری مەرگی خۆیدا؟ لـە سـەرەتـادادەیـان چیرۆکیـان بـۆ مـەرگـی سـەیـر و سـەمـەرە و کـوت و پـڕی «زینـەت» هەڵبەست:

یەکێک ووتی عاشق بووە و جواب کراوە، کـەسـێکی تـر ووتی : لـەداخـی بـاوکی وای کردووە چونکە باوکی ئیجازەی پێ نەداوە شوو بە دەسگیرانەکـەی بکـا... ئـەوە ی ڕاسـتی بێ ئەو کەسەی وا خەڵک بە دەسگیرانی زینەت ئەیانناسی کـوڕێکی ناسـراوی خۆیـان بـوو کە میرزا خۆی پێشنیاری بە زینەت دابوو کە ئەگەر پێی خۆش بوو شـووی پـێ بکـا. بـەڵـام زینەت بە ئەختەری ووتبوو لە بەر دڵی باوکم هیچ ناڵێم بەڵام من قـەت شـوو بـە مرۆڤێکی ئەرتەشی و عەسکەری ناکەم. کچێکی تریشی بە سەر زگەوە چوو. کـوڕە بچکۆلـەکـەیشـی سوورێژەی گرت و لە چوارساڵیدا مرد.

تەنیا عەبدولحسێنی بۆ ماوەتەوە. کوڕی گەورە و نۆزگەی دایکی.

-باوە گیان، حەمـام گـەرمـە. مریـەم جلـەکـانی شـتوە و ئوتـوی کـردوە. بـە مـنی ووت مەیبەرەوە بچۆ بە دوای باوە گەورەدا، با ئەمشەو لەماڵی ئێمە بێ!

-کوڕم، حەز ناکەم زەحمەت بدەم، با نەیێم!

-نا! نا! خۆت ئەزانی من لە مریەم ئەترسم و ناوێرم بـێ عـەمـری خێـزانم بکـەم. ئـەگـەر ئەمشەو نەیی بۆ ماڵمان ئەمکووژن.

عەبدولحسێن بە دەنگی بەرز دەستی بە پێکە نین کـرد. میرزایـش پێکـەنی. عـەبدولحسـێن دانەواوە و دەستی دایە ژێر باڵی باوکی و یاریدەی دا کە هەستێتە سەر پێ.

کاتێ هەستا، هەستی بە زەعیفی و بچکۆلەیی کرد.

عەبدولحسێن بەرزو پتەو هەر ئەڵێی سەوڵی باخانە...

بە هەندێ شەرمەوە ووتی : ڕۆڵە ئیشەڵا تەمەنت هەزار ساڵ بێ، تۆ چ ساڵێک لە دایک بووی ؟

عەبدولحسێن دەستی بە پێکە نین کرد ووتی :

-باوکە گیان، من ئیتر پیر بووم ساڵم لە دەس خودا بڕیوە!

بە هەندێ پاڕانەوە میرزا ووتی :

-نا! تۆ خودا ڕاستم پێ بڵێ! گاڵتە مەکە!

عە بدولحسێن پێی وابوو باوکی ئەیەوێ شتێکی جدی پێ بڵێ، پێنەکەنێ، ووتی: من ئەو ڕۆژە لە دایک بووم کە هەواڵی تەواو بوونی شەڕی یەکەم گەییشتوەتە ئێرە. ئیتر نازانم چ ڕۆژێک بوە، بەڵام ئەبێ هەر پاییزی ساڵی 1918 بێ.

-واتە چەن ساڵە؟

-پەنجاو نۆساڵ!

میرزا یار عەلی خان بیری کردەوە دیارە هێشتا ئەتوانێ وەزیفەی پیاوانەی خۆی بەجێ بهێنێ بۆیە ئێستاش هەر تەشەر بۆ ژنەکەی ئەخاو ئەڵێ لێی ئەترسم...

هەندێ حەسوودی لێ هات... کاتێ خۆی پەنجاو نۆ ساڵان بوو قەت بەو جۆرە لە بارەی ئەختەرەوە قسەی نەئەکرد و قەت لەو فشەو گاڵتە چزدارانە کە پیاوان لەو تەمەنەدا بە ژنانی ئەڵێن نەیوتبوو، زۆر پێشتر لە پەنجاونۆ ساڵانیشیدا بەو جۆرانە قسەی نەکردبوو. میرزا لە سی و دوو ساڵیدا لە کارەساتی پێکدا دانی ئوتومبێلدا لە پیاوەتی کەوتبوو..

ئەختەر شێرە ژنانە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵانەیی‌یەوە دانیشت و سەری لە میرزا و منداڵەکان نەشێواند.

کەس نەیزانی.. ئەختەر نەیهێشتبوو کەس بزانێ...

کاتێ عەبدولحسێن بوو بە خاوەنی دووکوڕی شیرین، ئەوکاتە میرزا داڵغەی چەندین ساڵەی کەمەوە بوو.

– نەتووت تەمەنی منت بۆچیە؟!

– هیچ! هەروا پرسیم...

– نەکا دڵت پێوەیە ژن بێنی!

دڵی داخورپا! ویستی بڵێ ژنم بۆچیە؟... بەڵام قسەکەی قووت داوە... قسەکەی گۆڕی.

– خۆتراشەکەم بێنە. ئەمەوێ لەوێ سەرو ریشم بتاشم.

-هینەکەی من هە یە.
-نا! ئەوەی خۆم بێنە. لە سەر تاقی حەمامەکەدا هەڵمپەساردوە.
کۆت و شەبکەی لە بەر کرد و گۆچانەکەی هەڵگرت. هەوا تاریک ببو.
«کەنگاوەر[1] ; » هەر وەک جاران ژیانی خۆی ئەبردە سەر . سواری ماشێنەکەی عەبدولحسێن بوون. بە هەندێ سەر کۆنەوە ووتی : کورم تۆ بۆچی زەحمەتت کێشا ؟! یەکێ لە کورەکان ئەهاتن بە دوامدا و ئەمیان هێنا بۆ ماڵی ئێوە .
عەبدولحسێن ووتی: من ماڵم نیە، بفەرموو کەلاوە کۆن! دوای ئەوە من بە ئەرکی سەرشانی خۆم ئەزانم غوڵامی باوکی خۆم بکەم... کورەکان لە ماڵەوە نەبوون... حەز ناکەی کورە تا قانەکەی خۆت بێ بە دواتدا ؟
میرزا یار عەلی خان هەندێ ورەی هاتەوە بە خۆیدا... عەبدولحسێن کوری خۆیەتی. خۆی درووسی کردوە...
-وایە ! تۆ تەنیا وەرەسەی منی . لە عەرز و عاسمان و عێڵ و عەشرەت تەنیا تۆم بۆ ماوەتەوە...
شەقامەکان خەریک بوو چۆڵ ئەبوون.
باوکی لە بەرەی سێ دایک نۆکوری هەبوو. کاتێ مرد سێزدە منداڵی هەبوو. هەفتا وچوار ساڵ تەمەنی بوو ، ئاخر چۆرەکەشی هە شت ساڵی تەمەن بوو.
لە «خانەقین»[-2-] کاتێ نەوت دۆزرایەوە هەموو زەوی و زارەکانیا ن داگیرکرا. زۆربەی چاڵە نەوتەکان لە دەرو بەری زەویەکانی ماڵی باوکی‌دا هەڵکەندران...
نەهامەتی توشیان هات . پەرەوازە کران . باوکیان مرد...دایکیشی مردبوو پێشتر... هات بەم دیودا، چەن شار گەرا : «قەسر[3]» و«کرند[4]» و«هاروون ئاوا[5]»و«کرماشان[6]»... لە «کەنگاوەر» گرسایەوە.
-باوکم بە رەحمەت بێ هەموو کات ئەیوت کورو کەنیشک بەخێو ئەکەین بۆ خەڵک...
عەبدولحسێن وەڵامێکی نەداوە . قسەی نەبوو بیڵێ .
لە ماڵی عەبدولحسێن تەڵخی لێ ناچێ . مریەم ژنێکی بەکرد و بزان و مێهرەبانە.
دووساڵە ئەختەر خانم مردوە . پێشتر ئەختەر خانم ئەیبردە حەمام و سەرو ریشی ئەتاشی . بەڵام لە دوای مەرگی ، عەبدولحسێن ئەم کارە ئەکا . یەکەم جار پێی شەرم بوو لە بەر چاو کورەکەی رووت ببێتەوە . بەڵام مەجبوور بوو.

لەدوای ئەو کارەساتە قەت نەیهێشتبوو کەس بیبینێ . چەن جار عەبدولحسێن بە باوکی ووتبوو بۆچی پێکەوە ناچین بۆ حەمامی دەرەوە ؟ لە وەڵامدا وتبووی تۆ بۆ خۆت پیاوێکی ، منت ناوێ. دوای ئەوە من ئەبێ لە بەر ئەوەی نوێژەکانم نەچێ زوو بچم بۆ حەمام و ئەو کاتەش زۆر زووە و حەز ناکەم خەبەرت کەمەوە ...

عەبدولحسێن ئیتر هیچی نەوتبوو.

سەرۆکی نەزمیە لە کرماشان پێی ووت:

-جەنابی میرزا عەلی، عەبدولحسێن کوڕی تویە ؟

-بەڵێ!

-بە داخەوە کوڕەکەت گیراوە. کاری سیاسی کردوە و ئێستاش بڕوا ناکەم کوڕەکەی تۆ شوێنی ئەم کارانە کەوتوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کەوتوە !

-چی کردوە ؟

-ئە ڵێن هاوکاری «تەجزیە تەڵەبە [7] ; »کانی کردوە.

-کامانە قوربان؟

-چووزانم ... لایەنگری کۆماری کوردستان...

کاتێ هاتەوە بۆ ماڵ هەموو گیانی کوترابوو ، ئەڵێی دارکاری کرابوو . نەی ئەزانی بە ئەختەر بڵێ چی؟ چۆن پێی بڵێ کوڕە تاقانەکە یان لە ژێر سێبەری سێدارەدا بەیاخی هەڵداوە و ئێستاش چارە نووسێکی نادیاری هە یە...

هەتا چوار ڕۆژ هیچی نەووت . دوای چوار ڕۆژ لە دایرە ئیجازەی وەرگرت و چوو بۆ«هەرسین». بۆ ماڵی زاواکەی. سێ ساڵ بوو کچە دووهەمەکەی کە ناوی «ماتاو» بوو بە ڕەحمەتی خودا چبوو . بە سەر زگەوە چوو. نە خۆی و نە منداڵەکەی زیندوو نەمان... بەڵام جارجار زاواکەیان ئەهات بۆماڵیان... لە هەرسین هەندێ هێوەر بوەوە . زاواکەی ووتی خزمێکیان لە تاران لە وەزارەتی جەنگدا کار بە دەستە ، ئەگەر بتوانین خۆمانی پێ بگەیێنین زۆر باش ئەبێ.

- ئای چیم بە سەردا هات

لە نووسینگەی تایبەتی «حەزرە تی ئەقدەسەوە [8] ; فەرمانی ڕزگاری عەبدولحسێن درا بەڵام بە سەر ئەوەشدا چوارمانگی تەواو بەریان نە داو نەیانهێشت کەس بیبینێ...

ئەختەر خانم هیچی نەووت . کش و مات ئەهات و ئەچوو . خشڵ و خەمڵی لە جلەکانی داماڵیبوو. نوێژی ئەکرد و هەمیشە بەردە مۆرەکەی لە گیرفانی چەپی سەڵتەکەیدا

بوو. زوو، زوو دەستی ئەدا لە گیرفانی و ئە یلکاند بە دڵیەوە هەناسەیێکی هەڵئەکێشاو بە ژێر لچەوە هاواری ئەکرد یا حەزرەتی حسێنی غەریب، کوڕم غەریب کوژ نەبێ.

لە سەرانسەری ژیانیدا بە قەد ئەو چوارمانگە لە تەنگ و چەڵەمەدا نەبوو. هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێن لە ژیانیدا بە قەد ئەم تەنگانە ورەی تێک نەدابوو. سێ ئەولادی خۆی بە دەستی خۆی ئەسپەردەی گۆڕ کردبوو .بە کارەساتی ئوتۆمبێل لە کاتی گەنجیدا لە پیاوەتی کەوتن و هەموو ڕۆژێ بینیی ئەختەر کە ژنێکی گەنج و لاوە و پێی ناوە بە سەر هەموو داخوازە ژنانەییەکانی و بە دیاریەوە دانیشتوە هەمووی ئازاری داوە بەڵام چوار مانگ گیرانی عەبدولحسێن لە زیندانی تایبەتی ئارتەش وزەی پڕووکاندبوو . هەر ئەتووت مریشکە وسەر هەڵکەندەت کردوە . خۆی نە ئەگرت و خۆی ئەدا بە دارو دیواردا.

ووتی: ئەختەر، خۆ شوکر کوڕەکەمان گەورە بوە، کچەکانیش خەریکن پێ ئەگەن ، گەردنت خۆش و ئازابێ، برو! ئەختەر خەریک بوو بە قولاپ گۆرەوی ئەچنی ، دەستی ڕاوەستاند ووتی بۆکوێ برۆم ؟

- برۆ شوو بکەرەوە، بەسە ئیتر! چەن ساڵە خزمەتی خوم و منالەکان ئەکەی! هێشتا جوان و گەنجی!

ئەختەر دە ستی کردەوە بە گۆرەوی چنین . پاش چەن خولەک لە پڕدا ووتی من زۆر خونک وحەکە دارم ؟!

کەوتە بیری شەوی یەکەمی هاوسەرییان. ئەختەر هەتادرەنگانێکی شەو ئیجازەی نەدا بچێتە لای.

میرزا یار عەلی خان بە شەرمەوە ووتی: ئەختەر خانم تۆ بە قەد فاتمەی زارا پاکی بەڵام...

ئەختەر ووتی: ئاغا میرزا بە ڕای تۆئەگەر عەبدووحسێن ژن بهێنێ پێمان ئەکەوێ ببین بە خەسوو، خەزوورە ؟!...

- عەبدولحسێن! حەبیب بۆچی ژن ناهێنێ؟

عەبدولحسێن خان ڕۆڵی ماشینەکەی بە لای چەپدا با دا و چوونە ناو کۆڵانەکەوە کۆڵانی ماڵی خۆیان بوو. ووتی نازانم باوکە گیان ئەویش بوە بە دەروێش، ئەڵێ هێشتا زووە، هەتا بە ئامانجەکانم نەگەم ژن ناهێنم... کەس نیە بڵێ باوکت زۆر بە ئامانجەکانی گەیشت! هەرتۆی ماوە کە بە ئامانجەکانت بگەی...

- ها؟!

- هیچ باوکە! هیچ! ئەڵێم بەم زوانە ژنی بۆ ئەهێنم...

– هیوادارم بەختەوەر بێ!

لەماڵەوە مریەم بە پیریەوە هات. مریەمیش سەری سپی کردووە... خـودات لـێ ڕازی بێ مریەم خانم . بووکە نازدارەکەم!... مریەم سی ساڵـە بووکمانـە، هێشـتا لـە ڕووی مـن و ئەختەردا هەڵنەگەڕاوەتەوە. جلەکان ئەشوا ئوتویان ئەکا.

پێڵاوەکانم بۆیاخ ئەکا. هەمووکارەکانم بۆئەکا...

حەسوودی بە دەنگی ئەختەرەوە دیار بوو «خۆزگەم بە مریەم ، ماڵە خەزوورانێکی باشی هەیە، خەسوو، خەزووره هەموویان خۆشیان ئەوێ!»

– ئەختـەرخـانم تـۆش ماڵـە خـەزوورانـت هـەیـە بـەڵـام چـارە نـووس پـەڕەوازە و پـەرتی کردوون!

– خوا خۆی باشتر ئەزانێ چی بە چییە!

میرزا دەستی بە پێکەنین کرد ووتی: باشە ئەگەر خەسوو، خەزوورەت لێرە بـوایێتن چیـت ئەکرد بۆیان؟

– خزمەتی ئەوانم ئەکرد. پاک و خاوێن وەک گوڵ.

– نیەتت باشە . ئەجرت بە خودا. هەرکەس نەسیبی خۆی... وانیە؟!

دوای ئازاد بوونی عەبدولحسێن ئـەختـەر و مـیرزا بـە هۆشـیاریەکـی زۆرتـرەوە دەسـتیان گرت بە سەر ماڵ و منداڵەکەیاندا . میرزادوای ئەوەی ئەختەر پێـی ووت ئـەبـێ ژنێکـی بـۆ بێنن قەت بە ئەختەری نەوتەوە بڕۆ شوو بکە...

هەموو بـەیانیـەک پـێش لـە بـانگی «بـەیـانی» فۆتـەو لفکـەو کیسـەو سـابوونی ئـەخسـتە دەسماڵێکەوە ئەچوو بۆ حەمام . تەنیا لە بەر ئەوەی حەمامچی و تونچی بیبیـنن و بـزانن کـە هاتوە غوسڵی جەنابەت ئەکات و لەش پیسی لە سەر خۆی لائەدا. هەندێ جـار ئـەختـەر بـە خەبەری ئەکردەوە و ئەیووت هەستە بچۆ بۆ حەمـام . مـیرزا لـە تـاریکی نیـوە شـەودا هـەتـا ئەچوە حەمام بە ناو کۆڵاندا ئەڕۆیی و بیری لەوە ئەکردەوە ئەختەریش لە بەر ئـەوەی کـەس تانەی لێ نەدا سڕ پوشی ئەکا... لە بەر ئەوەی پێی نەڵێن بۆچی بە دیار کابراییێکی خـەسـاوە دانیشتوە ، خەریکە یارمەتی من ئەدا کە کەس پێم نەزانێ!

تووڕە ئەبو، لە بەر خۆیەوە ئەیووت :مەجبووری دابنیشی؟ دەبڕۆ مێرد بکەرەوە. بـۆچی قەبوولت کردوە کە ژنی من بمێنیتەوە؟

دڵی تەنگ ئەبوو، هەتا خۆی ئـە شـۆرد چـەن جـار دڵـی پـڕ ئـەبـوو، دەسـتی ئـەکـرد بـە گریان... کاتێ بە ماتی و مەلوولی ئەهاتەوە بۆماڵ ، هەموو شتی لە بیر ئەچوەوە..

ئەختەر کارێکی وەهای ئەکرد میرزا شتەکان لە بیر خوی بباتـەوە . سـفرەکـە ڕاخرابـوو. حەلیم یان کەل و پیَ دانرابوو. نارگیلەش ئامادە بوو.

– ئەختەر خانم «سەنگەکیم»[9]هێناوەتەوە .!

– دەست دەرد نەکا!

– شیری دایکت ئەختەر بۆچی داوای هیچم لیَ ناکەی؟

– وەک چی؟

– وەک زێڕ و جل و پێڵاو؟!

– داوات لیَ ئەکەم ، با وەختی خۆی بیَ... ئەوسا!...

– کەی ؟ ...

میرزا ئیتر قسەی دووبارە نە ئەکردەوە. ئـەختـەر زێـڕی بـۆچی بـوو؟ ژن جـل و زێـڕ بـۆ مێردەکەی ئەکا بە خۆیەوە بۆ ئەوەی مێردەکەی زیاتر خۆشی بویَ، بەڵام مێردی ئەختەر، بە چ شتێکەوە خۆشی بوێت؟

دڵی تەنگ بوو... هەستا ڕۆییشتەوە بۆ نەزمیە...

لە نەزمیە سەردانی زیندانی کرد چوار گـەنجیـان بـە تـاوانی چـەقۆکێشـی گرتبـوو . هـەر چواریان قاپێن و قوماریان کردبوو بە ڵام دوانیان فێڵیان لە دوانی تریان کردبـوو . لـە سـەر ئەوە تێریان لە یەک دابوو ، پاشان بە چەقـۆ یـەکیـان بریـندار کردبـوو. چـووە پێشـەوە، لـە پشت ئاسنەکانەوە ووتی: بۆ ناسرەون ؟ بۆچی چەقو لە یەک ئەکێشن؟

کەس وەڵامی نەداوە.

میرزا دیسان ووتیەوە: مەگەر لەگەڵ ئێوەدا نیم؟ ئێوە بۆ قومار ئەکەن و پاشان بەر ئـەبنـە گیانی یەک و یەکتر لەت و پەت ئەکەن؟

هەر چوار گەنجە زیندانیەکە دەستیان بە پێکەنین کرد، یەکیان ڕەشتاڵەیەک بوو، ددانێکی شکابوو، ووتی: سەرکار تکات لیَ ئەکەم زۆر قووڵی مەکـەوە لـە دادگـە ئـەبـیَ بـە دوور و درێژی باسی ئەم چیرۆکانە بکەین! . لە بەر ئەوە دۆسیاکەت حـازر کردبـیَ تـەنیـا بنووسـە: چوار هەتیوی خوێڕی شەڕیان کردوە و لە یەکیان داوە ... هەر ئەوەندە!

– بیَدەنگ بە! تۆ من فێر مەکە...

پاش ووتنی ئەم قسانە میرزا هاتبوە دەرەوە خۆی کردبوو بە ژووری سەرۆکی نـەزمیـەدا. سەرۆکی نەزمیە پێی ووتبو ئەوانە کەنگاوە ریان کردوە بە گۆڕە پانی شـەڕە شـەقی خۆیـان. بیانبە بۆ دادگە...

هات بۆ گرتوخانەی نەزمیە و چوار گەنجە کەلەبچە کراوە کەی خستە ناو جیپێک و بردیانی بۆدادگە...کاتێ لە بەر دەرکی دادگە دابەزین عەبدولحسێن ودوو کوڕی هەواڵی لە پێش دادگەوە دەرباز ئەبوون. سڵاویان لە میرزاکرد. میرزا بە پەلە وەڵامی داوە ، پێنج تمەنی دەر هێناو بە عە بدولحسێنی دا ووتی بڕۆن خەرجی خۆتانی بکەن. ئەو کات عەبدولحسێن لە پۆلی یازدەدابوو.پاش ئەوەی ڕۆییشتن، میرزا و سەربازێک و چوار دیلەکە چوونە ژوورەوە .

هەر ئەو کوڕە ددان شکاوە ووتی:سەرکار کوڕی تۆ بوو؟

– ئا!

– خودا لێت نە ستێنێ.

– عەمە درێژبی...

– سەرکار من بێ گوناهم...من چەقۆم نەوەشاندوە. من بۆئەبەی بۆ دادگە؟

– نازانم بڵێم چی؟مەگەر چەقۆت نەوەشاندوە؟

– بەرم دە!

– بە دەست من نیە... بەرت بدەم ئەبێ من بچمە زیندان.

– ئەگە ر بەرم نەدەی پەندێکت پێ بدەم هەتا ماوی بۆ کوڕە کەت بگری...

سیخورمەیە کی تێوە ژەند... بە نەفرەتەوە ووتی: گووت خوارد، لاژوو...جارێکی تر گووی وا بخۆیتەوە خۆم بە زیندوویی کەوڵت ئە کەم!گەواد!

گەرچی ئەیزانی ئەو هەتیوە لاژوە سەری خستوەتە سەری و بە دەم ڕووتی و بێ حەیایی ویستویەتی پێی ڕابوێرێ بە ڵام هەتاسێ ساڵ هەرلە دڵەڕاوکەی

ئەوەدا بوو، نەکا ئەو هەتیوە قوڵمە کێشەیەک بۆ عە بدولحسێن سازبکات...

هە ر کات عەبدولحسێن ئەیووت لەگەڵ کەسێک شەڕم کردوە، بە پەلە

ئەی پرسی : شێوەی چۆن بوو؟ ڕەشتاڵە یەکی ددان شکاو نە بوو؟!

عە بدولحسێن بە پێکەنینەوە ئەیووت: نا! سپیکەڵەیەکی نازدار بوو بە مست لێم دا هەم ددانم شکاندو هەم سە روچاویم ڕەش کردەوە...

میرزا یارعەلی هەناسەیەکی هەڵئەکێشاو ئیترکۆتایی بە باسەکە ئەهێنا.

پاش سێ ساڵ ووتیان زەلامێکی بەتاڵیێ و شەڕانی و قومارکەری ئانارشیست کوژراوە و لە گۆڕستان کەلاکی کەوتوە. ئەو شەوە نۆبە داری نەزمیە بوو. کاتێ ڕاپۆرتی سەرەتاییان

له ساردخانه بۆهێنا دڵی حەساوە. بە ناونیشان ئەوکەسەی ناسییەوە. کوژراوەکە هەر ئەو کوڕە ڕەشتاڵە بوو کە سێ ساڵ بوو تووشی دڵە ڕاوکەی کردبوو .

خەریک بوو لە خۆشی دا شایی مەرگ بێت... ئەو کەسەی وا هەرە شەو

مەترسی بوو بۆ عەبدولحسێن خۆی کووژراوە... بەیانی پاش ئەوەی کاتی نۆبە داریەتی تەواو بوو لە جیاتی ئەوەی بچێت بۆ ماڵ چوو بۆ ساردخانە. پیرێ ژنێکی قوڕ بە سەر ئەی زریکاند و سەرو قژی خۆی ئە ڕنی... هاواری ئە کرد و ناو کوڕە کەی ئە هێنا... کاتێ جەنازەکەیان دایە دەستی، خۆی دا بە سەریدا ودەستی کرد بە بانگ و ڕۆ... چەن کەس هاتن و ژنە داماوەکەیان برد بەولاتره وه . میرزا دڵی تەنگ بوو. جەرگ سووتان زۆرگرانە.

لە ساردخانە هاتە دەرەوە . لە سەر شەقامەکە بەرەو ماڵی خۆیان ئە ڕۆیی. سەری هەڵێنا و تەماشای عاسمانی کرد ووتی خودایە تەنیا کوڕێکم هەیە لە منی مەسێنە...

کاتێ ئەختەر دەرکی لە سەر کردەوە ، بە پەلە ووتی ئەختەر خانم بۆ قەزاوە گێڕی کوڕەکەمان پێنج قەرانم دا بە فەقیر و هەژار...

مووچەی مانگانەی میرزا ئەوکاتە هەژدە تمەن بوو.

– باوکە گیان؟

– بەڵێ!

– وەرە با بتبەمە حەمام بتشۆم و سەر و ڕیشت بتاشم.

لە ڕادیۆ وە دەنگی گۆرانی دێ: شیرینە و شیرین شیرین گشت کەسم نازدار شیرین...

مریەم لە ئاشخانە خەریکە چێشت لێ ئەنێ . دەنگی تەق و کوت لە کاسە و

کەوچکەوە دێت... لە سەر تاقەکە وێنە یەکی گەورەی میرزا یار عەلی خان لە قاپ دایە و بە دیوارەوە پاڵ دراوەتەوە .هی ئەو کاتەیە وا لە «سەحنە»[10] خزمەتی ئە کرد، ساڵی1949... لە لایێکی ترەوە دوو وێنەی بچووکی کوڕەکان لە سەر تاقەکە دانرابوون. عەبدولحسێن دەستی دایە بن باڵی باوکی. پێکەوە بەرە و حەمام چوون. میرزا یارعەلی لە دڵی خۆی وتی: بڵێی منی زۆر تر خۆش بوێ یان کوڕە کانی؟ کاتێ دەستی عەبدولحسێن باسکی گرتبوو، هەستی بەوەی کرد کە کوڕە کەی خۆشی ئەوێ... لە حەمام دا میرزا وەک منداڵ لە بەر دەستی عەبدولحسێن بێ دەنگ و بێ دەسەڵات لە ناو تەشتە کەدا دانیشتبوو. عەبدولحسێن خەریک بوو سە رو ڕیشی بۆ ئەتاشی... هەر قسەی خۆشی بۆ باوکی ئەکرد و بە قوربان و سەدە قەی ئە بوو. میرزا یارعەلی خان بەو چاوە کز و بێ هێزانەیەوە سەیری ئاوی ناو تەشتەکەی ئە کرد. کەفاوی

سابوون ڕەنگی ئاوەکەی گۆڕی بوو. بیری لەوە ئەکردەوە ئێستا ئەو ئاواتەی کاتی منداڵی عەبدولحسێن هاتوەتە دی کە حەزی ئەکرد پێکەوە بچن بۆ حەمام...

تە واو

1-Kengawer ، شارێکی کورد نشین لە پارێزگەی کرماشاندا (ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

2- Xaneqin ، شارێکی کورد نشین لە پارێزگەی دیالە (باشووری کوردستان).

3- Qesr ، قە سری شیرین، شارێکی کورد نشین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

4- Krnd (هەموو پیتەکان بێ بزوێنن) شارێکی کوردنشین لە ڕۆژهە ڵاتی کوردستان

5-Harunawa ، شائاباد، ئیسلام ئاباد، شارێکی کوردنشینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

6- Kirmhshan مەزنترین شاری کورد نشینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاش ئامەد گەورە ترین شاری سەرانسەری کوردستان.

7- دەوڵەتەکانی ئێران بە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئەڵێن جودایی خواز.

8- ئەحمەد قەوام سەڵتەنە ، سەرەک وەزیرانی ئەو سەر دەمەی ئێران.

9- جۆرە نانێکی تایبەتە و لە سەر وردە بەردی گەرمدا ئەبرژێ.

10- Sehne شارێکی کورد نشینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# ڕۆزا ماوۆ

« شەنگێ» ڕوانیە وێنەکەی ئیمامی عەلی کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو. ئێمامی عەلی چەفیە سەوزێکی بە سەرەوەیە چاوێکی درشت و تیژ و ئەبرۆیێکی پەیوەستی پێوەیە ، تەویڵی بەرزە و ڕدێنی نەتاشیوە ، بەڵام نیگارکێش ئانکادری کردووە و سەرجەم ئەم وێنە خەیاڵیەی حەزرەتی عەلیی بە جوانی کێشاوە . شەنگێ بە نەرمی دۆعاییێکی خوێند و ئەگریجە شۆڕە کانی کە بە لاجانگیەوە هاتبونە خوارەوە هەندێ داکێشا بۆ ئەوەی ساف و ڕێک بێت و پاشان هەناسە یەکی هەڵکێشا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. کاتێ دەرکی ماڵەکەی داخست ، چاوی بە «بورچین»کەوت کە خەریکی هە ڵپرژانی کەل و پەلی ناو ماڵ بوو، بورچین چەن بەتانی و دۆشەکە و باڵنجی هێنابووە دەرەوە لە سەر مافوورەکە داینابوون و دانە دانە بە زەریفی ئەی‌تەکاندن . بەرگی دۆشەکە و باڵنجەکانی کردبوەوە لە بەر ئە وەی بیانشوات ، مە لافەکان زەرد هەڵگەڕابوون ، لکەی زەرد و بۆر وەک پە لە هە ور بە مە لافەکانە وە دیار بوون ، لە باڵنجەکاندا لەوانەیە عارەقەی سە رومل بن ، بە لام لە دۆشەکەکاندا ئەبێ هی میزە چۆڕکێی شەوانە بن... بورچین شەش منالی هە بوو، کوڕە گەورە کەی ئە مسالّ چوە تە زانکۆ.

ئەوەندەی شانازی پێوە ئەکات هەر نەبێتەوە! هەر ئەڵێ: «زەکی »کوڕم ئێستا لە زانکۆی«دیجلەی»ئامەد «کۆمەڵناسی» ئەخوێنێ... «شەنگێ» ویستی خۆی لە قسەو باسی بورچین بدزێتەوە ، بەڵام دەنگی بەرزی بورچین ڕایوەستاند :

-مەرحەبا شەنگێ خانم!

-چتۆری[2]؟

-بەرخۆداروێو [3] ; !

شەنگێ نەیهێشت لەوە زیاتر دیالۆگ بێتە ئاراوە. ڕێگەی گرتە بەر و بورچینیش بە هەندێ مەراقەوە ڕوانیە شەنگێ کە ئەمڕۆ خۆی ڕازانبوەوە : جلە ڕەنگنامە کوردی‌یەکانی لە بەر کردبوو. هەڵبەت زۆر بەی ڕۆژانی هەفتە شەنگێ جلی کوردی لە بەر ئەکرد بەڵام هەر ڕۆژێک لیرە سپیەکانی بە سەر پێچ و کڵاوەکەیەوە بکردایە و ئەگریجەکانی لە ژێر کڵاوەکەیەوە شۆڕ بکردایێتەوە دیاربوو کە میوانی‌یەکیان بۆنەیەک ئەچێ. ئەمڕۆش هەر وەک ئەو ڕۆژانەی کە باسمان کرد شەنگێ خۆی ڕازانبوەوە .

بەڵام بۆهیچ داوەتی و بۆنەیەک نە ئەچوو. ئەم بەیانی‌یە کاتێ لە خەو هە ستا لە دەروونی خوی‌دا هەستی بە شادی و خۆشیەکی نادیار کرد . سەر چاوەی ئەم خۆشیە بێ هۆکارەی نەدۆزیەوە... شەنگێ بێ ئەوەی بزانێ ئەم خۆشی و کامرانی‌یە لە کوێوە ڕووی تێ‌کردووە ،

خۆشحاڵ بوو. نوێنەکانی کۆ کردەوە، سەماوەرەکەی تێخست(هەڵ کرد). سەر و چاوی شوت و هێشتا گیزەی سەماوەرەکە هەڵنەسابوو، خوی ڕێک و پێک کردبوو خەریکی پێچانەوەی سەرو مێزەرەکەی بوو .

هەژدە ساڵە کە«میرۆ» مردوە . ئەوکات «جەژنۆ»ی کوڕیان تەنیا یازدە ساڵ تەمەنی بوو. خۆیشی سی و حەوت ساڵان بوو ... درەنگ مێردی کردبوو... لە بەر ئەوەی شەنگێ کچی کوێخای گوندەکەیان بوو . باوکی پێی خۆش بوو «ئاغا» خوازبێنی لێ بکا بۆ کوڕەکەی... بەڵام کاتێ ئاغا و کوڕەکەیان لە سەر ڕێگەی «ڤارتۆ [4] ; »دا کوشت، ئەم ئاواتەی لە بیر خۆی بردەوە... ئەوە بوو مەجبوور ما پەلە لە بە شوودانی کچەکەی بکات . کاتێ«میرۆ» هات بۆ داواکاری «شەنگێ» کوێخا نای نەهێنا ئاراوە . «مێرۆ» کۆریجی [5] ; بوو. مانگانە 70 هەزار لیرەیان پێ ئەدا . لەو بێکار و باریەی ئاناتۆلیدا ، هەفتا هەزار لیر ژیانێکی نۆرماڵ و ئاسایی پێوە بەڕێوە ئەبرا .

«شەنگێ» هەرکات ئەیبیست شەڕە و جەندەرمە و کۆریجی لە گەڵ پێشمەرگە تێوە چوون دڵی دائەخورپا.

هاواری لە « سوڵتان عەبداڵ [6] ; » و «مونزور بابا [7] ; » ئەکرد کە «میرۆ» هیچی بە سەردا نەیێت . هاواری لە«شاهی مەردان [8] ; » ئەکرد «میرۆ» بە سڵامەتی بگەڕێتەوە بۆماڵ.[9]

ئەوە نەبێ میرۆ پیاوێکی ماڵ خۆشەویست بێ هەر لە قاوەخانەکان خەریکی «ئۆکەی ; » بوو . ئەوەندەی چا ئەخواردەوە و جگەرەی «ماڵتەپە[10]»ی ئەکێشا هەموو ددانەکانی ڕە ش بوونەوە ، بەڵام هەرکات دەمی ئەنا بە لاگوێیەوە بەو ددانە خوار و خێچانەی بەڵگی گوێی ئەگەست هەستی بە خوشی و کامەرانیەکی فراوان ئەکرد .

شەوێک میرۆ زۆر پەژارە بوو، لەناو جێ خەودا خۆی نەگرت ، هەتا شەنگێ ووتی : بۆ وائەکەی میرۆ؟ چی ئازارت ئەدا ؟

- هیچ!
- درو مەکە!
- ...
- لە چی ئەترسی؟...
- ...
- لەوەی کە کۆریجیت!؟
- ...نازانم!

- بو نەڕۆین بۆ ئەلەزیز11؟
- لە وێ چ بکەین!؟
- ژیان بکەین!
- ئەی دەولّەت !؟ وەڵامی دەولّەت چ بدەمەوە؟
- بلێ بە هەفتا هەزار لیرە ناتوانم گوزەران بکەم!... ئەچم لە شار ئەژیم ، نان ئەپێژم ، حەمالّی ئەکەم...
- ناهێڵن!
- ئەگەر تۆ چەک دانێیت و دلێرانە قسە بکەیت ئەتوانن چ بڵێن؟ دڵنیات کەم هەر ئێستا چەن کەس چاوەڕوانن بچنە جێگەکەی تۆوە!
- شەنگێ!
- ئا!
- تۆ بڕوات بە خەون هەیە!
- چۆن ؟
- خەونم بە سوارێکەوە بینی ، تفەنگێکی پێبوو، لەترسدا دەستم هەڵێنا بەڵام گولەی تەقاندو درا لە دەستم ، بینیم دەستم هیچی لێ نەهاتوە...
- خێر ئەبێ ئیشەڵا... تۆ لەم کارە وەرە دەرەوە با خودا بتپارێزێ. ئەو پارە حەڵاڵ نیە لە بەر ئەوەی بە ترس و شکەوە بە دەستی ئەهێنی.

شەنگێ چەن شەوە خەو بە میرۆوە ئەبینێ . بەڵام ئەمشەو خەوێکی سەیری بینی... هات بیر لە خەوەکەی بکاتەوە چاوی بە دوو پشیلەی نێر و مێو کەوت کە بە سەر دیوارێکەوە وێستا بوون و مێوەکەیان کلکی قنج کردبوو، نێرەکەشیان خۆی ماتە دابوو. هەر ئەیءنووڕاندو بە تەما بوو لە کاتێکی لەباردا بازبدا بە سەریدا و خەریکی بێ .

شەنگێ هەندێ شەرم دایگرت... بەڵام ڕێگەی گرتە بەر و خۆی لەو دوو پشیلە گێل کرد ...گەییشتە بازاڕی مسگەرەکان مەنجەڵێکی مسی بردبوو بۆی بساون ، ئێستا هاتوە بیباتەوە . دەنگی تەقە و شەقەی چەکوش و بنە مەنجەڵ ئەو بازاڕەی گرتبوو...

مەنجەڵەکە بە دەستیەوە بوو ، لە مسگەرخانە هاتە دەرەوە ، لە ناو کۆڵاندا نەرمە نەرمە پیاسەی ئەکرد ، بۆنی قیمە لی لە دووکانێکەوە ئەهاتە ناو کۆڵان و کەش و هەواکەی داگرتبوو. پێکەنینی هات... ئەوەکەی قیمەلیە ئەم چروکانە درووسی ئەکەن ؟ خۆم قیمەلی

درووس ئەکەم دەست و پێی خۆتی پێوە بخۆی ! ئەم گەندو گۆژاڵە وا ئەیدەنـە دەرخـواردی خەڵک...

- مەرحەبا شەنگێ خانم!

داچڵەکا...«سۆسن» بوو...دایکی بووکەکەی بوو. خەسووی «جەژنۆ».

- وەی مەرحەبا«سۆسن» خانم ! چتۆری؟
- باشم! زۆر سپاس... لە کوێوە بۆکوێ؟
- مەنجەڵێکی مسم دابوو بۆم بساون ، ئەوە ئە یبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان...
- زۆر باشە ... ئەزانی ئەمڕۆ ڕۆژی دایکانە؟
- نا وەڵا!
- با!کچێ! دوێنێ شەو هەموو منداڵەکان لە ماڵی ئێمـە کـۆ ببونـەوە ، جێگـەت دیاربوو!
- جەژنۆ و منداڵەکانیشی هاتبوون؟

(شەنگێ چاوەڕوانی ئەوەی ئەکرد سۆسن بڵێ نا)

- ئەی چون ئەبێ ئەوان نەیێن! ئەوانیش هاتبوون...هەموویان دیاری و پێشکەشی‌یـان بـۆ هێنابوم...

(شەنگێ پەلەی گریانی بوو. بەڵام ئەوەندە ژیر بوو کە ئیجـازە بـدا«سۆسـن» قسـەکـانی تەواو بکا و پاشان ملی بشکێنێ و بڕوا !

کاتێ لە سۆسن ڕزگاری هات ، پێی خوش بوو وەک «دەلی» سـازبگرێ بـە دەسـتەوە و قسە بکاو بە دەنگی بەرز هاوار بۆ عالەمیان ببـا . گازنـدە و سکاڵـا لـە جـەژنـۆ بکـا . بڵـێ کوڕەکەم پیاوەتی تێدا نەماوە...

دەمی تاڵ ببوو... سەری قورس ببوو... گێژی و کاسی سەری لێدابوو . مەنجەڵەکـە بـە دەستیەوە وەک ئەژدیهای لێ هاتبوو... نەیزانی کەی گەیشتە ماڵـەوە.. لـە تـەنیشـت مێـزی سەماوەرەکەدا پاڵی داوە... هزر وبیری وشـک هـەڵـگەڕا بـوو... ئـای لـە جـەژنـۆ چـەنـدە نامەردە...

کاتژمێر10/5ی بەیانی‌یە... کەوتە بـیری خـەوەکـەی... لـە خـەویـدا لـە گـەڵ مـیرۆ بـە شوێنێکدا دەر باز ئەبوون ، ماینێکی سوریان بینی کە کەرستەی جنسی ژنانەی هەبوو، هـەر وەک ژن، کوڕیلەیەکی هەبوو کە بە پشتدا کەوتبوو ، ماینەکەش خۆی تـێ هـەڵـئەسـواند و

ئـەیدواند . بـە مـیرۆی ووت : بـۆ وا ئـەکـەن ؟! مـیرۆ ووتی ئـەو کورپڵـە لـە دایکـی هەڵگەڕاوەتەوە بەڵام دایکەکەی دیسانەوە ئەیدوێنێ...

شەنگێ کاتێ کەوتەوە بیری میرۆ دڵی هێـدیـەوە بـوو . مـیرۆ پیـاوی چـاک بـوو. لـەو کاتەوە ماڵیان هات بۆ شار ڕەفتاری باشتر بوو. تەنیا ئەچوو بۆ قاوەخانە و «ئۆکەی» ئەکرد ئەگینا زۆر بێ فڕ و فێڵ و ساکار و هێمن بوو . ئاخ... چەندە تامەزرۆی بینینی ژن و منداڵـی جەژنۆ بوو! بەڵام نەیبینی ... ئێستا کە شەنگێ ئەو ئاواتەی بۆ بەدی هاتوە، ئاواتە خوازە کـە ئـەویـش وەک مـیرۆ بمردایـە و ئـەم ڕۆژەی نـەدیبایـە!... دەنگـی دەرکـی دەرەوە هـات ... دەنگـی کۆخـەی پیاوێـک هاتـە گـوێی... دەنگـی پێـی جـەژنۆیـە... کاتـێ هاتـە ژوورەوە پۆشەتێکی گەورەی بە دەستەوە بـوو، ووتی: دایـە گیـان... شـەنگـێ فرمێسـکی لـە چـاوی کەوتە خوارەوە ووتی : گیانی دایە! شەنگێ بەر لەوەی جەژنۆ مـاچ بکـات، بـیری کـردەوە پێی نەڵێ بۆچی دوێنێ شەو نەهاتوە بۆ ئێرە!؟

2006/5/16

سەقز

1- بە زاراوەی زازاکی بە واتای ڕۆژی دایکانە
2- چۆنی؟
3- شادبی ، هەر بژی!
4- Varto، شارێکی کورد نشین لە باکووری کوردستان
5- سیستەمی ژاندارمی ناوچەیی، جەردەوانی، ئەو سیستەمەی کـە لـە سەر دەمی شای ئێراندا پێی ئەوترا«نیروی پایداری». هاوسەنگە لـەگـەڵ گـاردی سێویل لە سەدەی نۆزدە و بیست لە ئیسپانیا ، ئەوەی کە ئێسـتا لـە سـوودان پێـی ئەڵێن«جەنجاوید» هێزێکی میلیشیایە و لە لایەن دەوڵەتەوە بە کرێ ئەگیردرێـن بـو سەرکوت کاری و بەر بەرەکانێ دژ بە هەر جۆرە بزاوتنەک
6- پیرێکی بە ناو بانگە لە ناو کوردانی عەلەویدا
7- پیروچاکێکە لە ناو کوردانی عەلەویدا
8- مەبە ست حەزرەتی عە لیە
9- Maltepe ، جگەرەیەکی هەرزان بایی لە باکوری کوردسـتان و تورکیا

## «چاوڕەش»

دەستی ئە لەرزا، دڵیشی زۆر بە توندی لێی ئەدا ، دڵی پێشتر داخورپابوو و پاشان کەوتبوە تەپە تەپ. بڕبڕەی پشتی ئەیچریکاند ، نەیئەزانی بگری یان لە سەر خوی بچێ؟!...

گەلێ جار مرۆڤ حەز ئەکا هۆشی لە دنیا ببڕدرێ و دیسان بێتەوە سەر خۆ تاکوولەم بڕگەدا ، لەم ماوەدا کە هۆشی لە دنیا بڕاوە ئاڵ و گۆڕێک ڕووبدا و شتەکان لانی کەم بە دابی دڵی مرۆڤی لێ هاتبێ... واتە کارەسات ڕووینەدابێ.

چاو ڕەش بیری لەم شتانەش نە ئەکردەوە . چاوڕەش تەنیا ترسا بوو، سەرەڕای ئەو ترسەش ئەو ڕووداوەی کە لە چەن چرکەیەکی لەمەو بەری ژیانیدا هاتبوە ئارا و جدی لە قەڵەمی نەدا بوو بەڵام هەستێکی نامۆ خوێنی لە دەماریدا هێنابووە گەڕیان ، گەڕیانێکی خێراتر .

بە پەلە خۆی کرد بە سەر تەنوورەکەدا ، چووە سەر کەنووی ئاردەکە، پێشتر ئاردیان تێ ئەکرد ، بەڵام ئێستا جێ نیسک و بروێش و ساوەر و دۆینە و سەلکە شەلەمە . دۆڵەکەیێکی پڕ کرد لە ساوەر ، دەستی هەر ئەلەرزا ، دۆڵەکەی دەستی بە دەستیەوە ئەلەرزا ، بڕێ ساوەر ڕژا ، تاریک بوو ، ناو سەر تەنوورەکە تاریک بوو ، بۆنی ئاردە سووتاو، بۆنی ماکی برژاو ، بۆنی تەنووری لادێ لە سەر تەنوورەکە ئەهات .

دەرکی کردەوە ، سەری داخستبوو، حەزی نەئەکرد کەس ببینێ ، پێی وابوو تەوەرەی باس و پرسی هەموو جیهانە! ئەیویست خۆی بشارێتەوە...

بە پاپیلکەکاندا سەر کەوت، خۆی کرد بە ماڵەوەدا... ساوەرەکەی بە «هەوێکەی»دا. «سوراحی» بە پەلە ووتی: منداڵەکەت هەدانادا ، ژیری بکەوە ! منداڵی داماو دەمەداچەقەی پێ کەوتبوو، ئەگریا ، چڵم و لیکی تێکەڵ ببوو، کەس باسی نەئەکرد . باوەشی کرد بە کوڕەکەیداو لاواندی...

منداڵەکەی لە هەندێ لەو ترس و دڵەڕاوکێ کە چەن خولەک پێش لە ئێستا بەرۆکی پێ گرتبوو، دوورخستەوە... ترسی نەما ، سەری منداڵەکەی نا بە سینگیەوە، هەر دووکیان ئارام بوونەوە... چاوڕەش لە پەنجێرەکەوە چاوی بڕیە جادەکە... جادەی لارو لەوێری گۆند بۆ شار، جادەیەکی پڕ لە قوڕ و چڵپاو ، تەسک،ناشیرین وخەمبار،جادەی گەڤەر...

چاوڕەش ڕۆژێ دە جار زیاتر چاوی بەوجادە ، بەو ڕێگە ئەکەوت ، بیری مێردەکەی ئەکەوتەوە. مێردەکە ی قاچاخ بوو ، لە ترسی دەوڵەت خۆی شاردبوەوە،[1]

کەس[2] بە باشی نەی ئەزانی مێردەکەی چاو ڕەش لە «ئەلباکە ; » یان لە «وان» یان لە «گەڤەر ; »؟!

« فەرخەدین » بە هۆی کاری قاچاخەوە لە لایەن دەوڵەتەوە کەوتبووە ژێر گووشار و چاودێری ، پاشان قەراری دەسەسەر کردنیدرا ، پۆلیسەکانی[3] هەوالی ، ئاگاداریان[4] کردەوە کە خۆی بشارێتەوە ، یان هەڵ بێ بۆ ئەو دیو، بۆ «ورمێ» ; یان«خۆی ; »... بەڵکوو مەجبوور بێ هەڵبێ[5] بۆ ئەو دیو... کەس نازانێ فەرخە چی ئەکا...

«نۆبرین» ; زۆر دڵتەنگ بو... لەوەتی فەرخە هەڵهاتبوو بۆشار ئەوەندەی تر بۆی دڵتەنگ بوو... چاوڕەش لە عەشرەتی ئەرتۆشی بوو...

باوک و دایکی مردبوون و مامەی بەخێوی کردبوو. مامە ی چاوڕە ش ئەوی بە ژنیدا بە فەرخەدین ، ئەوەشی ئەزانی ژنێکی تری هە یە... «فەرخە» دەوڵەمەند بوو. لە فەرخەش سێ منداڵی هەیە ، گەورەکەشیان شەش ساڵانە و بچووکە کەشی دووساڵانە...

لەو مێشکە بچووکەی چاوڕەشدا چی ئەهات و ئەچوو؟...

چاوڕەش، قەت بیری لە خۆشەویستی نەکردوەتەوە ، فریای ئەویش نەکەوتوە قەت بیر لە پیاویش بکاتەوە بەو جۆرە ی کە ژنێکی شاری بیر لە پیاوی بەرانبەری ئەکاتەوە ... چاوڕەش ئەوەندەی زانیوە کە ئەبێ کاروفرمانی ماڵەکەی بکا، منداڵ بەخێو بکا و مێردەکەی خۆش بوێ... تەنانەت بیر لە «هەوێساری» ناکاتەوە بەو چەشنەی کە ژنانی تری هەوێدار و هەوێسار

بیری لێ ئەکەنەوە... هەرکات لێی ئە پرسن هەوێساری ناخۆشە؟ زۆر ئاسایی ئەڵێ: سوراحی خوشکی منە ، ناڵێم خوشم ناوێ، چووزانم ژنی چاکە، خراپ نیە...

چاو ڕەش، هەر بەڕاستی چاوڕەشە، دەم و لوت کوڵێکی بەلەباریکە ، وەک خۆمان ئەڵێین چووزەیە... خاڵ و ماڵی نەکوتاوە، ڕوومەتی ئەڵێی سێوە لاسوورەیە . تەنیا براێکی هەیە. تەنیا براکەی سێ ساڵ لە خۆی گەورە ترە ،لە«ئەنتاب ; » ئەژی ولە پرۆژەی بەنداوی«گاپ ; »دا کارئەکا . کرێکاری ئەکا . هەشت ، نۆ ساڵیش ئەبێ، براکەی نەبینیوە .جارجارێ بیری لێ ئەکاتەوە ، بەڵام ناتوانێ ببینێ...

منداڵەکەی ئێستا ژێر بوەتەوە . دایئەنێ و ئەچێتە ژوورەکەی تر، سوراحی لە پیش تەلەڤیزیۆنەکەدا دانیشتوە و سەیری پرۆگرامێکی تورکی ئەکا، بەڕێوەبەری ئەو پرۆگرامەکە باسی ئەوین و خۆشەویستی ئەکا،«هولیا»یە، هولیای گۆرانی بێژ ئەلێ: ئەوین ئێستا تەنیا لە چیرۆکەکان و گۆرانیەکاندا ئەبینرێ... ئەوین درۆیە!!!...

چاوڕەش ئەڵێ: سوراحی«سامی» خوە پیس کریە ، هەرە بشوو!

سامی کوڕی سوراحیە و سێ ساڵ تەمەنیەتی...سوراحی ئەڵێ:ئانها ئەزێ هەرم! کابنێرە ڤێ ژنک چ خوەشکە! جندیيە! ئاماژە بە هولیا ئەڤشار ئەکات.

چاوە ڕەش وەڵام ناداتەوە، ساوەرەکە هەر بە دەس سوراحیەوەیە، چێشتی لێ نەناوە.

قاپی ساوەرەکە هەڵئەگرێ و بەرەو متباخەکە ڕێ ئەکەوێ . متباخ سەر تەنوورەکەی ترە، لەوێ نان ئەکەن و چێشت لێ ئەنێن.

دەرکی کردەوە، کەوشە قیرەکانی لەپێ کرد ، چاوی بە ژوورەکەی خوار حەوشەکەیان کەوت ، لە پەنای ئەمباری تەپاڵە و دارەکاندابوو... لە بەر خۆیەوە ووتی: ئەگەر ئەو بێشەرەفە دیسانەوە تەماشام بکا شەقێک(شەپلاخە)ی لێ ئەدەم !

خۆی کرد بە سەرتەنوورەکەدا، تەنوورەکە پێشتر تاودرابوو، سوراحی پەنیری درووس کردبوو. تەپاڵەیێکی فڕەدا ناو سکڵی تەنوورەکەوە، ساوەرەکەی لە دەرەوە شوت و دیسان هاتەوە لاگوێی تەنوورەکە . تیانەی ساوەرەکەی نا بە سەر تەنوورەکەوە .

ڕاوێژی ئەکرد چی بکا ئەو هەتیوە بێ شەرەفە سەر کونەبکا و بیشکێنێتەوە... هەتیوەکە، قاچاخچی بوو، خەڵکی«تەرگەوەر» ; ی سەر بە ناوچەی«بەراندێز»بوو... ماڵی لە ورمێ بوو. قاچاخی مرۆڤی ئەکرد . ئەوەندەی ئێرانی و ئەفغانی و عەرەب و کوردستانی لەو سنوورانەوە دەرباز کردبوو هەر نەبێتەوە ...

لە گەڵ ئەو کەسە قاچاخانە کە ئەی‌هێنا بە دیوی تورکیادا، باری بەنزین و گازۆڵی ئەهێنا، قاچاخی«تۆزیشی ئەکرد. هەمووی باری ئەسپ و هێستر ئەکرد و ئەیدا بەو شاخ و داخانەدا کە تەنیا دەستی هەورەکانی عاسمان و قاچی کوردەکانی پێ ئەگا...

ژنی قاچاخچی‌یەکان قەت بیر لە ئیش و کاری مێردەکانیان ناکەنەوە، ئەڵێن مێردەکەمان ئەبێ کار بکا ، کشت و کاڵمان نیە ، خەرمانەکانی ئێمە یان دەیان جار سووتاندوە و ژەندەرمەی تورک ناهێڵێ لە سەر زەوییەکانی خۆماندا کار بکەین... دەوڵەت وای حوکمداوین... مێردەکانمان ئەبێ مێرخاس و جامێر بن...مێر هەیە نەشوخلە؟!

ژنەکان ئەوەندەی مێردەکانیان لە ژەندەرمەو دەوڵەت ناترسن...

فەرخەدین خۆی ئەم هەتیوە شکاکەی هێنابوە ماڵەکەیان ...«چاوش»... پیسە!...بێ ئەخلاق!...

چاوش چاوی سەوز بوو، قژی کاڵ بوو، سمێڵ زەردێکی هەندێ قەڵەو بوو... جگەرەی جارجار بە سوڕاحی ئەدا... کوڕێکی خراپ نەبوو ئێستا بۆ وا چاو حیزی لێ دەر هاتوە؟!

لەم بیرانەدا بوو،«ڕەمزی» خۆی کرد بە ناو ژوورەکەدا ،«ڕەمزی»کوڕی سوراحی و فەرخەدین بوو... ئەمساڵ ئەبێ بچێ بۆ سەربازی... نەچوە هێشتا ، ئەڵێ با باوکم بێتەوە بۆ گوند... ئێستا ماڵ چۆڵ ناکەم. کێ کاروباری ماڵەوە جێ بە جێ بکا؟!

چاوڕەش «ڕەمزی» ئەبینێ، جگەرەیەکی هەرزان بایی تورکی بە دەستە وەیە ، تاقمێکی ڕەشی دەڵپ و فشی لە بەردایە... جووتێ پێڵاوی گەورەی چەکی لە پێدایە

کە چاوی بە ڕەمزی ئەکەوێ سەری ئەتەزێ... ڕەمزی لە ناو دەرکەکەدا ڕائەوەستێ، دەس ئەگرێ بە دوولایەنی دەرکەوە... ئەگوڕێنێ:

چاڤ ڕەش!... من خەبەرا دایە بابا... چوتشت نەگوتەمن!... چاوڕەش دڵی داخورپیا... بۆچی فەرخەوڵامی نەداتەوە... شک ئەخا ڕەمزی درۆ ئەکات : خەیرا خودێ خەبەرا مندا فەرخە دینێ؟... ڕەمزی ئەڵێ: ئەرێ...من گوت...چاوڕەش ئە پاڕێتەوە:من رابێژە... چگوت؟

ڕەمزی شانێکی هەڵتەکاند : گوت ...بسەکنە! ئەزێ بێم...

چاوڕەش هەستا سەر پێ ویستی لەسەرتەنوور بچێتە دەرەوە ، ڕەمزی بەردەرکەکەی گرتبوو ، پێی ووت : هەرە بلاهەرم! ... ڕەمزی ڕێگانادا ... دێتە ژوورەوە ، چاورەش ئەزانێ ڕەمزی خەریکی زۆڵیەتی‌یە ... بەڵام لای وایە منداڵە ... زۆرشت نازانێ ... ڕەمزی ئەڵێ : چاڤرەش ! تو بۆچی ئەتەوێ بەماڵەوە بارکەی بۆشار ، ئەتەوێ چبکەی ؟ فەرقی تۆ و دایکم لەلای باوکم ئەبێ چی بێ؟

ـ فەرقمان ئەوەیە من لێرەدا تەنیام و تەنانەت تۆش ناڕاستیم لەگەڵ ئەکەی ... ڕەمزی ووتی : من!؟ من چیم کردوە ؟ بە باوکم ووت چاڤڕەش حەز بەلای تۆ ئەکا!!ئەویش ووتی «هێشتا چوتشت خوینیە ! ... بلاپاشێ ، هەردەم گەرەک کر بێژمێ وانا چبکن ... هێژ زوویە ... نەشێم تشتەکی بکم ... بلابسەکنن ...» ئیتر خەتای من ئەبێ چیبێ...؟

چاوڕەش هەندێ بڕوای پێ هات، ویستی بۆ ئەوەی هە ستی دڕ بوون لە ڕەمزی کەم بکاتەوە ، دەنگی نە رمتر و بێ قینتر کردەوە ووتی: بلێ پارە یەک بدا بە دەولەت با لێی گەڕێن ... پێت بگوتبایە هەمووومان بباتە شار تەنیاین... بێ کەسین... بێ خوەدی کەتنە، حورمەتا مەچوویە... ڕەمزی دەستی بە پێکەنین کرد: ئەی من چکارەم؟ بابا ئەڵێ من پیاوی ماڵەکەم... دەستی بە گیرفانی چاکەتە هەراوە کەی بەریدا کرد و پاکەتی جگەرە هەرزانباییەکەی دەر هێنا و لەقێ جگەرەی دەر کێشاو چەخماخی هەڵ کرد و جگەرەی پێ داگیرساند و بێ دەنگ چوە دەرەوە...

چاو ڕەش هەناسەی ڕەحەتی هەڵکێشا... ووتی: ئیشەڵا چێ دبە! لەم بیرانەدا بوو ، دەنگی بەڵمە بەڵمەک هاتە گوێی... گوێی هەڵخست... دەنگی ڕەمزی بوو لە گەڵ کەسێکی تر قسەی ئەکرد. کاری لە سەر تەنوورەکەدا نەمابوو . هاتە دەرەوە . چاوی بە ڕەمزی و چاوش کەوت کە لە بەر دەرکی سەر تەنوورەکەدا ڕاوەستابوون و پێکەوە قسەیان ئەکرد . باسی پارە و دۆلار و نەفەرە قاچاخەکانیان ئەکرد . چاوش کە چاوڕەشی بینی هەر وەک ئەوە ی هاندرابێ ووتی: باوکت ئەگەر ئەیهەوێ من بخەڵەتێنێ ئەوەندە بزانێ قەت ناتوانێ لە گەڵ من درۆ و دەلەسە بکات . بۆچی خۆی لە حەوت کوندا شاردوەتەوە؟ بۆچی ئەو کات لە «ورمێ» خەریکی ژن هێنان و دڵ و دڵخوازی بوو منی کردبوو بە برای خۆی بەڵام ئێستا کە من پێویستیم بە پارە هەیە و پارەی خۆمە و بە قەرز پێمداوە خۆی شاردوەتەوە؟ وابزانێ ئەو پارانەیە کە لە ورمێ و ئەستەمبۆڵ بۆ قەحبە تورکەکان سەرفی ئەکا؟

ڕەمزی دەنگی کز کردو بەو شێوە ویستی بە چاوش بلێ هەندێ سووکتر قسە بکات... چاوڕەش نەیتوانی تەماشای چاوش نەکات. بە لایاندا ڕۆیی و لای کردەوە بۆ چاوش، چاوش کە چاوڕەشی بینی دڵی داکەوت، داچڵەکا. هە ستی کرد ڕەنگ بە ڕوویەوە نەماوە . نیگای چاوڕەش سەرەڕای هەموو شێواوی وئاڵۆزییەکانی دەروونی ئەو ژنە، بێ وچان یەک شتی نواندبوو: بڕوای بە هەموو شت کردوە... بە هەمووی ئەو قسانە کە چاوش بە فەرخەدینی وتبوو.

چاوڕەش ڕۆییشتەماڵەوە، چاوش دەنگی لە پڕ بڕا... پاش یەک دوو چرکەیەک ووتی: من ئەڕۆمەوە بۆ ئەو دیو! بەم زوانە دێمەوە، بەڵام تا ئەو ماوەی کە دێمەوە، کەسێک بە جێی خۆم ئەنێرم نەفەرەکان بێنی . هیوادارم ئێوەش بە قەد من پیاوەتی تان لێ بێ!

ڕەمزی پێی ناخۆش بوو چاوش تانەو تەشەری لێدا. وای زانی هێشتا باوە ژنەکەی لە حەوشەکەدایە ویستی نیشانی بدا منیش هەم! ووتی: هەواڵ و ساخە بەرنەدە ئەمڕۆ مێرن، خایینتیێ نەکریە...دژوێنێ نەدەلۆ!

چاوش هەر ئاوڕیشی لێ نەدا. خۆی کرد بە ژوورەکەدا و پاش ماوەیەکی کەم هاتە دەرەوە. چاکەتی لەبەر کردبوو . هێشتا ڕەمزی لە حەوشەدا گێچکەی ئەهات. ووتی: لاوۆ هەرن هەسپێ من بینن. دەرەنگە! گەرە کوو هەرم...

ڕەمزی بە قسەی کرد و ڕۆیی ئەسپ بێنێ. بەڵام بۆڵەبۆڵی ئەهات . دیار بوو پێی ناخۆشە چاوش دەستوری پێ ئەدا...

«چاوڕەش» ئاگای لە دنیا بڕابوو بڵەی چاوش ڕاس کا؟ فەرخەدین ژنی هێناوە؟لە ورمێ؟! بۆ ژنی هێناوە؟ بۆ مەگەر ئەو چ عەیب و خراپەیەکی هەیە کە مێردەکەی ژنی بە سەری هێناوە؟!

خەریکی بیر کردنەوە بوو کەوتە بیری چاوش ئەوەشی ووت کە فەرخەدین خەریکی کاری خراپەیە و لە گەڵ ژنانی بێ ئابڕوودا ڕائەبوێرێ!...

...نا! نا! فەرخەدین نوێژەکانی ئەخوێنێ. قەت شەرواڵ پیسی ناکا!ئەوە چاوش ڕقی هەستاوە، بۆیە ئەو قسانەی کردوە...چاوشی بێ عەقڵ بە مێردی من ئەڵێ شەرواڵ پیس بەڵام بە خوی ناڵێ... چاوحیز! هەرچی چاوی بە من ئەکەوێ خۆی خومار ئەکا... ئەڵێی مرتۆخەی سەر ئاگرە بێ غیرەت...

لە فکری ئەوەی کە چاوش دەستی پێ بگەیێنێ و بە زۆر بیەوێ کاری خراپەی لەگەڵ بکا داچڵەکا. لە دڵ خۆیەوە بەرەنگاریی ئەم کارەی کرد. هەڵوێستی گرت ووتی: هەر ئێستا بە شەق دەری ئەکەم . هە ستا سەر پێ... لە پەنجێرەکەوە ڕوانییە ناو حەوشە . چاوش سواری ئەسپە زەردەکەی ببوو خەریک بوو لێی بوخرێ و بڕوا. جڵەوی ئەسپەکەی بە ڕەو دەرکی دەرەوە بادا و پێی بە قەبرغە ی ئە سپەکەدا هێنا . ئەسپەکە کەوتە ڕێ . چاوش چاوی بەلای ڕاستەوە سووڕاند. هەندێ سەری هەڵێنا . چاوڕەش لە پشت پەنجێرەکەدا بوو . بێ ئەوەی ئاگای لە خوی بێ پێڵووی چاوی بە نەرمی هێنا خوارەوە بۆ چرکەیەک چاوی بەست واتە«خواحافیز»...

مچۆڕکەیەک بە لەشی چاوڕەشدا هات...

چاوش ڕۆیی... چاوڕەش گەرم داهاتبوو: نەفرەت؟!

سەرانسەری ئەو ڕۆژە تاکوو لای ئێوارە بیری کردەوە کە بۆچی گەرم داهاتوە. بۆچی ئەبێ لەو کاتەدا کە چاوش بە چاو خواحافیزی لێ کرد تەزی پێدا هاتوە؟

شەو هەتا درەنگانێ لە ناو جێگاکەیدا ئەم بارو ئەو باری کرد... دووجار شیری بە «نەجات»دا . دوو منداڵەکەی تر خەوتبوون . بیری لە براکەی کردەوە . بیری کردەوە...ئێستا لە«ئەنتاب» چی ئەکا؟ دڵی تەنگ بوو. ئەتووت دەسیان ناوەتە بینی. گریان زۆری بۆ هێنا . فرمێسک هاتنە خوارەوە لە چاوی...

سبەینێ تاریک و لێڵە هە ستا لە خەو. سەماوەرەکەی پێوەنا. سەری خۆی بە کارەوە قاڵ کرد. ئاسمان هەوری هێنابوو. کش و مات . چاوی نەبڕی‌یە جادەی شار... چاوی نەبڕی‌یە هیچ شوێنێک... خۆی کرد بە سەر تەنوورەکەدا...

هەندێ نیسک و ساوەری بژارکرد. چەن پەتاتەی پاک کرد وقاشی کردن. پیازێکی پاک کرد و هەنجنی کرد. هە ستا خوی کرد بە گەوڕدا. مانگاکەی دۆشی. شیرەکەی هێنا و مەنجەڵەکەی لە لاگوێی تەنوورەکەدا دانا. تەنوورەکەی پێشتر پێوە نابوو.

پرسیاری لە خۆی کرد بۆ ئەم بەیانیە نەی ڕوانیە ڕێگاکەی شارەوە؟! شانێکی لەم پرسیارە ی خوی هەڵتەکاند...

دەنگێ لە دەمیەوە هاتەدەرەوە لە بەر خۆیەوە گۆرانی ئەووت ، دڵی تەنگ بوو، تەنیا لاوژێکی ئەزانی، ئەویش نە بە باشی، چەن بەیتێکی فێربوو . ئەوەشی لە «سوراحی» هەڵگرتبوو... وەرەمحۆ! لەمەدایە سەرتاخولە! هێ دەمحۆ ڕابە سەرەکەرم کە قەبوولە! وی وی وی...ێی محۆ، دلێم بسەرەکە دەگزەکا بێ بنی... هۆدەکرۆ! وی وی وی...

بیری بێ کەسیەکانی کەوتبوو... بێ دایکی، بێ باوکی... بێ کەسی و بێ دەرەتانی... دڵی بۆ براکەی تەنگ ببوو... تەنیا بیری لە خۆی و براکەی ئەکردەوە... چەندە تەنیا بوون و ئێستاش هەر تە نیایە...

...ئەگەر چاوش درۆی بکردبایە، ڕەمزی وەڵامی ئەداوە ! نا ڕاستە... بۆیە دەنگی کز کرد... ئەڵێ ئێمە خایین نین!!... درۆزن...خۆت و باوکت فێری خەیانەتن...

وزەیەکی سەیر لە دەروونی‌دا هاتەکا... هە ستا سەرپێ و هاتە دەرەوە . شیرەکە خەریک بوو هەڵچێ . گوێی پێ نەدا . لەچکەکەی سەری لە ملی توند کرد و گرێی‌دا . بەرهەڵبێنەکەی کردەوەو فڕەی‌دا... بێ ئەوەی سەیری دوای خۆی بکا ڕێگەی گرتە بەر...ووتی: ئەڕۆم بۆ ورمێ... ئەو شاخ و داخە ئەبڕم و ئەچم ئەو ژنە ئەکوژم!... بۆ ئەبێ مێردەکەم داگیربکا؟!...

به دەم ڕێگاوە جنێوی ئەدا و ڕاوێژی ئەکرد بیری لە کە س نەئەکردەوە... نە لە نەجات ، نە لە منالّەکانی تر... نە لە براکەی، نە لە فەرخەدین ... بیری لەو ژنە ئەکردەوە کە بە دەسانقەست بێ کەسی کردبوو. مێردەکە ی لێ داگیر کردبوو...

هێشتا چارەکێ ڕێگای نەبڕیبوو لە دوورەوە تارمایی یەکی بینی ... سوارێک بوو... لە حەیبەتی ئەوە کە ئەو سوارە کە ئەبێ کەسێکی نیاس و ئاشنا بێ ، پەشیمانی نەکاتەوە و بە رەو مالّەوە نەیگەڕێنێتەوە دواوە ڕێگای خۆی لار کردەوە . لە دورەوە دەنگی ماشێنی ژەندەرمە ئەهات... سوارەکە گەییشتە سەری. چاوش بوو .چاوش ووتی ئۆغر بێ بۆکوێ ؟!!

چاوڕەش لەو چۆڵگەدا ترس دایگرت ... ووتی: ڕاست ئەکەن فەرخەدین ژنی لە ورمێ هێناوە ؟ وەک ئەوە زانیبێتی وەڵامی چاوش ڕاستی ئەو قسەیە جەخت ئەکاتەوە درێژەی بە قسەدا: ئەڕۆم ئەو ژنە ئەکوژم!

چاوش ڕووی بەو لاوە کرد بە هێمنی ووتی : مەڕۆ... فایدەی نیە... فەرخەدین نەماوە تاکوو شەڕی لە سەر کەی!!

ووتی:با مردبێتیش من کارم بە فەرخەدین نیە من ئەبێ چاوی ئەو ژنە دەر بێنم...

چاوش دابەزی: ووتی سوار بە بڕۆینەوە بۆ گوند... منالّەکان گوناهن...

چاوڕەش وای زانی خەریکی درۆیە... ووتی: هەر ئەبێ بڕۆم... و ڕێگای گرتە بەر... چاوش پری بە شانیدا کرد و بەری کرد بەم لاوە ووتی: با! فەرخەدین مردوە، دوێنێ شەو لە سنووری گەڤەر ژەندرمەی ئێران تەقەی لێ کردوە، کوژراوە... هەموو گوندەکانی ئەو ناوچە ئاگادارن... ئێستا ئەتەوێ چ بکەی؟!!

چاوڕەش بڕوای نەئەکرد...بەڵام قەبووڵی کرد کە بێکەسە... بێکەستر لە دوێنێ شەو... بە خەیاڵ ئەیویست تۆڵە لە ژنە تازەکەی فەرخەدین بکاتەوە...عادەتی بە بێ فەرخەدین بوون، گرتبوو...

چاوش هەر قسەی بۆ ئەکرد...ئاگای لێ بڕابوو، نەیئەزانی چێ ئەڵێ...ووتی: منالّەکانم چ لێ بکەم خودایە؟

چاوش ووتی: ئەوانیش ئەبەین، لە خۆمان دووریان ناخەینەوە!

- بۆ کوێ؟! بۆ کوێیان ئەبەی؟

- من و تۆ و مندالّەکان ئەچین بۆ دهۆک9، یان ئەچین بۆ مووسڵ10... خزمەکانی دایکم لەوێن...ئەچین ژیان ئەکەین...وەک مرۆڤ دائەمەزرێین.

وەڕەس بووم لە قاچاخی کردن... لە دڵەڕاوکێ... ئەزانم ڕقت لە منە...وا مەبە! تکات لێ ئەکەم چاوڕەش... من ئەبم بە خوڵامی خۆت و منالەکان... ئەزبەنی... منیش وەک فەرخەدینم لێدێ...یان تورک یان عەجەمی ئێرانی ئەمکوژن... وەرە ببە بە ژنم...من خزمەتت ئەکەم...هی خۆت و منالەکانیش . چاوڕەش ووتی: ڕاستە ! من ئەڕۆم بە خەبەریان ئەکەمەوە... ئەیانهێنم! بەڵام تۆش درۆم لە گەڵ ئەکەی!... سوێندم بۆ بخۆ!...

پێش ئەوەی چاوش سوێند بخوا چاو ڕەش ڕووی کردە گوند...

هێشتا شەفەق سەری هەڵنەدا بوو... چاوش لە دڵی خۆیەوە ووتی: من بە خودا سوێند ئەخۆم نامەرد نەبم...

دەخولەکی پێ نەچوو چاوڕەش و منالەکان هاتنەوە... هەرسێ منالەکەی سواری ئەسپ کردو چاوش لەغاوی ئەسپەکەی گرت و ڕێ کەوتن...

چاو ڕەش ووتی: من دەمانچەکەی فەرخەدینم پێیە... چاوش ووتی : منیش پێمە... مەترسە...هەتا ئەگەینە شەمزینان11 و مەلایەک پەیدا ئەکەین...لەوێ مارەت ئەکەم وئیتر کەس ناتوانێ بەرۆکمان پێ بگرێ... شەفەق سەری هەڵدا... شاخەکانی کوردستان خەمی پێوە دیار نەبوو ئەتووت زەماوەندیانە و هەڵئەپەڕن!

2004/ ئادار

1- Elbak شارێکی کوردستانی باکوور

2-Gewer شارێکی باکووری کوردستان

3-Wirme-Urmi شارێکی بە ناو بانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

4-Xoy ، شارێکی کوردستانی بووە ، گوندەکانی دەور و بەری کوردن، بە لام دانیشتوانی شارەکە کورد و تورکن

5-Nobrin ، گوندێکی باکووری کوردستان لە سەر سنووری ئێراندایە

6- Entab ، شارێکی بە ناوبانگە لە ڕۆژاوای چەمی فرات ، جەماوەرێکی بەرچاوی کوردی تێدا ئەژین.

7-GAP ، ئاوەدان کردنەوە ی دە شتی حەران، بیانوویەک بۆ لە ناو بردنی ئاسەوارەکانی کوردستان

8-Tergewer ، ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

9- Duhok شارێکی کورد نشین لە باشووری کوردستان
10- Musil ، شارێکی بە ناوبانگی باشووری کوردستانە
11- شارۆچکەیەک لە باکووری کوردستان

**ئەو ژنەی من**

نازانم ژنتان هێناوە یان نا؟! بەڵام ئەوەندە ئەزانم لە پیاو قوڕ بەسەر تر لە سەر ئەم زەوی‌یە بە رینەدا زیندەوەرێکی‌تر درووست نەکراوە!... بۆ؟!!... ئەزانی بۆ؟!... بۆ ئەوە زمانی سووتاوە ووتویەتی تەنیام و حەزم لە ژنە... و دڵم بە تەنیایی ناپشکوێ و ئەمەوێ لە سەڵتی و تەنیایی دەر بێم .

(هیوادارم خاتوونەکان و کابانەکان و ژنان لێم دڕدۆنگ نەبن)... پەندمان بە خۆمان داوە بە ڕەگەزی پیاو هاتوینەتە دنیاوە... پیاویش چارە ڕەشە و دووربێ لە ڕووتان هەندێ بۆنی سەپۆلیشی لێوەدێ...ئەم ڕەگەزە قوڕ بەسەرە(پیاوان) ئەوەندە لە هەمبەر ژندا سادە و داماو و لە

خۆ بوردووە هەتا خوا ئەڵێ بەسە. نە وەڵـا پیـاوم ئـەوێ چـۆک بـە ژن دابێنـێ... نیـە!!!... بـرام دوایە نیە...!! ئیتر بۆ وێنە و نمونە ئەهێننەوە؟!...

قوربان ، پاش ئەوەی ژنم هێنا، ژیانم کەوتە قۆناغێکی ترەوە، بـە ڕاسـتی ژێـر و ژوور کـرام... هەر ئەتووت «تەیرەن ئەبابیل» ; لێیداوم!!!...

پێش لەوەی کۆتایی بە ژیانی زگورتی و بێ ژنی خـۆم بهێنم(داخـی گـرانم بـۆ ئـەو کاتانـە!!) ئاغای خۆم بوو، کوێخای خۆم بووم، جگەرەم ئەکێشاو دووکەڵم ئەکرد... ئەوەی جگەرەی بـە ناویە و قیمەت گرانم ئەکڕی و ئەم کێشا...Kent،Marlboro،Winston. باشترین مارکی بۆن و ئۆدیکلۆنم لە خۆم ئەدا... پێڵاوم قەت کۆن نەئەبوو هەمووکات چـەن جـووتم هـەبـوو، لـە پانتۆڵ و کۆت و کراس و کراوات و پاپیۆن چەن دەست و جووت و دانەم هەبوو.

تۆ بڵێ ئێستا کە ژنت هێناوە چیت بە سەردا هاتوە ؟

دەس لە لێوم مەدە، بڕوات بێ ئەوەندەی دەریـای ورمـێ قسـەم لـە دلدایـە... لـە خـەفـەت و مەراقی ئەو ژیانەدا ناوزگم وەک ماسی پڕە لە زوخاو. نازانن چی بە سەرمدا هاتوە!... کـافرم بـۆ ئەبێ بە موسڵـمان... گیرۆدەی وەک من لە دونیادا دەس ناکەوێ...

بڕواتان بێ ژنەکەم هەتـا بڵـەی وەفادارە و خـانم و خاتوونـە... بـەکـردو بزانـە... خـەریکـی ماڵداری و کابانی‌یە... درووستان باش ئەزانێ، منی زۆر خۆش ئەوێ...بەڵام لە بەختی ڕەشی من ، ئەم ژنەی من نازانێ ئەم خۆشەویستی‌یە دەر ببڕێ!؟!...

لە سەرەتادا نەم ئەزانی ئەم ژنە بۆ وائەکات ؟! هـەنـدێ ڕەفتـاری بـوو گـەرچـی لـە ڕوانگـەی کەسانی ترەوە ڕەنگ بێ ناشیرین و زەق و بەر چاو نەبوو، بە ڵـام ڕقـی مـنی هـەڵـئەسـاند، هـەتـا عاقڵێکم لێ پەیدا بوو، پێی ووتم ئەو ژنـەت زۆر تـۆی خـۆش ئـەوێ بۆیـە وا هـەڵـس و کـەوت ئەکات... ئەوە ناز و نیونازە بۆ تۆی ئەکا ...

نەکا ڕقت لێی هەڵسێ و لێی تووڕە بی...نا!نا! قەت کاری وا نەکەی... دڵی نەیێشێنی!!!

منیش هەر چەندەم ئەکرد و ئەکۆشی نەم ئەتوانی بە خۆم بقەبڵێنم لە ڕەفتار و کرداری سـەیـر و سەمەرەی ئەم ژنەم نابێ تووڕە بم ...(تووڕە!تووڕە؟؟!...گوایـە تـووڕە ئـەبم! خۆزگـا تـووڕەیـی منیشتان بینیبایە...خۆ لە داخدا بقەڵەشێم قەت نایدرکێنم... خودای عالەمیان دڵی منی وا گـەورە کردووەتەوە کە قەت تووڕەیی خۆم دەر نابڕم!)بەس مەجبوور بووم ... ژنم بوو وانیە!!؟

سەرتان نەهێنمە ئێش ... بە هەر جۆرێ بوو خۆم ڕاهێنا... ژنـەکـەم تـف لـە شـەکـروو قـەنـد ئەکاتەوە ... قەت دەس لـە مریشـک نـادا ئـەڵـێ قیـزم ئـەشـێوێتەوە... سـێ ساڵـە ژن و مێـردین نەیهێشتوە سەر و پێ‌یەک بخۆم... جارێ بە دزی‌یەوە چووم بۆ کەل و پێ خواردن هەتـا دوو ڕۆژ

قەرەم نەکەوت ئەیووت بۆنی گەدە و گیپاڵت لێ دێ...وای لێ کردم کە قەت بیری کەل و پێ نەکەم... جگەرەی پێ دانام و نەی هێشت جگەرە بکێشم، ووتی بە بۆنی دووکەڵ ئالەرژیم هەیە و هەناسەم سوار ئەبێ... باڵنجێکی ماڵی باپیرەم هەبوو کە پێی ئەخەوتم، نەنکم قەت نەیئەهێشت کەس لە سەری سەر بنێتەوە و بخەوێ بە دەستی خۆی ئەو باڵنجەی درووس کردبوو پڕی کردبوو لە پەڕی مریشک... یەکەم شەوی ژیانی هاوسەریمان پاش درەنگانێکی درەنگ ویستمان بخەوین... ئەوەندە ماندوو بووم خێرا خەوم لێ کەوت... هێشتا چاوم نەچوو بووە خەو ویڕەیەک لە لای گوێمەوە هات و داچڵەکام، بڕوام پێ بکەن لەوانە بوو دڵم تۆق بکات! نازانن چەندە ترسام!!! ئەم نەگبەتەی ژنم ئەتووت کەڕەنای قووت داوە،وا قیژاندی وام زانی مار پێوەی داوە ... خۆ بە خوا من هیچم نەکردبوو، خەوتبووم ، نازانم بۆ وای کرد؟!! هەر ئەوەندە ووتی: لەم باڵنجەوە پەلێکی مریشک هاتوەتە دەرەوە کەو تووە لە ڕوومەتم، ترساوم... خۆشی زەماوەندو ژن هێنان و شەوی پەردە لە بیرم چوو... ئەو زریکە لە بیری بردمەوە!

بێزی نە ئەهات گۆرەویەکانم لەم لاوە فڕێ بداتە ئەو لاترەوە . بێزی لە جلی ژێرەوەشم ئەکرد... بەڵام یەک شتی باش بوو ئەو ژنەی من: شەوانە کە ئەچووینە ناو جێگەی خەوتن قیزو بێزی لە هیچ نە ئەکردەوە... منیش هەموو خراپی و قیزەونی ئەوم ئەدا بە چاکەی بێ بێزو بۆنی شەوانەی ناو جێگەدا !

نەیئەهێشت ڕیش و سمێڵ لە بەر ئاوێنەی توالێتەکەدا بتاشم قیزی ئەکردەوە... ڕۆژێکیان لە ماڵی باوکم بۆ نان خواردن دەعوەت کرابووین . دایکم چەن جۆر چێشت و شلەو خواردنی لێ نابوو، لە دۆڵمەی گەڵا مێو، کفتە و شۆروا، چە شتێ سووپی لێنابوو چەن لاقی مریشکی تێکردبوو... دەنگ نەبوو هەتا سفرەکە داخرا، هەمووشت دانرا ، ساڵات و ترشی و مرەبا و سەوزی و زەیتوون و برنج و شلە و دوو سێ گۆزەڵەی کریستاڵی پڕ لە دۆیان هێنا سەر سفرە...

دۆ ئەتووت زێڕە، بە شێوەیەک ڕازانبویانەوە هەر باس ناکرێ .پڕ لە قەزوان وشویتی وشک و گوڵباخی وشکەوەکراو...

ئەم ژنەی من چاوی بە دۆ کەت چاوی پەڕیە تەوقی سەری. ئەخت و چارمان کرد نەیخوارد، ووتی لە چڵکاوی ڕیشی تۆ ئەچێ... دەی ووترا : دۆ مەخۆرەوە نان بخۆ، ئەوە دۆڵمە بخۆ، ووتی حەزی پێ ناکەم ، ووتیان کفتە و شۆربا، ووتی: بە دەس پەساکەیان گرتووەتەوە، بێز ئەکەمەوە... ووتیان سوپ بخۆ ووتی هەر چی چاوم بە پەنجەی ئەو مریشکە ئەکەوێ دڵم تێک ئەچێ...

ئەمە حاڵ و ڕۆژی من بوو...

بە ڕاستی زۆر جار وەڕەس ئەبووم ، بەڵام چی بڵێم ، پاش سی و هەشت ساڵ بە تەگبیری دایکم و خۆشکەکانم ژنم هێنا، ئەوەش لە ژن، مەجبوور بووم ...

ئەگەر ژنە بە لامەوە دانەنیشتایە سێ هەزار قسە لۆک ئەکەوتە دوام... خۆ ئەوە نەبێ ژنەکەم منداڵ بێ ، بیست و نۆ ساڵ تەمەنی بوو کە خوازتم. بەڵام نازو قەمزە و شانازییەکانی کۆتایی نەئەهات...

من هەر لە منداڵیەوە فێر کرابووم بە کیسەو دیمە شۆرە خۆم بشۆم. چل و یەک ساڵە من بەو جۆرە خۆم حەمام ئەدەم . بەڵام ئەم ژنەی من شێتی کردم، ئەوەندە ووتی: لایبە پیسە! شێر پەنجەو کانسەری پێستت تووش ئەکا، بۆنی دووگی لێ دێ و... بەڵام تا ئێستا شوکر بۆ خوا وەڵامم نەداوەتەوە. ڕۆژێکیان دایکم هات بۆ ماڵی ئێمە. پێم وابێ تەنەکەیەک خەنەی گرتبوە سەری. ووتی گوایە ئاوی گەرەکی ئێمە براوە چونکە بۆری تەقیوە... منیش لە دوێنێ شەوەوە خەنەم گرتووە ئەبێ ئەمشەو دایشۆرم، خەریکە سەرم ئەتەقێ... لەو کاتەوە ئەم ژنەی من هەرچی لەو حەمامەدا بقەومێ ئەینێ بە سەر ئەو جارەدا کە دایکم هات و لەو حەمامەدا سەری داشۆرد، ئیتر باسی ئەوە ناکەم هەر ئەو ڕۆژە ئەو ژنەی من چەندە بۆڵە و قوتە و پڕتەی هات... بە دزی و بە ئاشکرا،... چەن جار بە دزییەوە چاوم لێ داگرت، لێوم گەزت، هیچ... هەر وەڵامیشی نەدامەوە... خۆی لێ کردبووم بە کەڕ... هەتا چوار مانگ پاش ئەو ماجەرا، ئەگەر گونجەی حەمام یان ئاودەس بگیرایە، ئەوژنەی من خێرا دەستی پێ ئەکرد: نەمووت؟ ئەوە خەتای ئەو خەنە بۆگەنیوە ی دایکتە! من خۆم ئەمزانی... منی قوڕ بە سەریش چی بڵێم!؟

بە ئاواتەوە بووم ئەو ژنەی من چایەکی گەرم و گوڕ و لە سەر وەختم پێبدا... ئێستاش پاش سێ ساڵ چایەکی باش و ستاندارد و بە لەزەتم مێلاک نەکردووە . یان سارده،یان کەفی کردووە، یان زردکاوە، یان لێڵە،...ئەگەریش ئەهێنێ ئەڵێ بە گەرمی مە یخۆرەوە، مەعدەت عەزیەت ئەکا... بۆ گەرووت خراپە، ئاسنی لەشت ئەچوێنێ... کاتێ منی هەرگ بە سەر چا ئەخۆمەوە ئەڵێ دەمی مردووە، ساردو سڕ...

زۆر جار لە گەڵی قسەم کردووە، پێم وتووە« هەندێ لە چاوەڕوانییەکانی خۆت کەم بکەرەوە،لە بەر ئەوەی منیش چاوەڕوانی زۆر کارم لە تۆ...» هیچ...ئەڵێی قسە بۆ دارو بەرد ئەکەم.

چەن جار پێم ووتوە با منداڵێکمان ببێ و سەرمان قاڵ بکا و دانیشین وەک خەڵکانیتر بە خێوی بکەین . یان تووڕە ئەبێ، یان پێ ئەکەنێ و پی سەیرە قسەی وا ئەکەم. ئەڵێ: تۆ زۆر دوا

کەوتووی...منداڵمان بۆ چیە؟!! هێشتا زووە... ئەترسم لە منداڵ بوون!... ئەترسم بۆم بەخێو نەکرێ!! بۆم گەورە نەکرێ... منیش سەرم لێ ناوە، گوێچکەم لێ خەواند لە بەر خۆمەوە ووتم لێی گەڕێ... منداڵ وەک درووی مەم وزین وایە، کە ئەکەوێتە نێوانمان، لە یەکترمان ئەکا باشتر وایە هەر باسی نەکەمەوە!!!.

ڕۆژێکیان لە تەلەڤیزیۆنەوە پرۆگرامێکی تەندروستی بڵاوکراوە سەبارەت بە«ئایدز»...

خۆ ئەم ژنەی من ئارامی بە لاوە نەما... هەدای نە ئەدا. ئەم سەری ئەکرد و ئەو سەری ئەکرد ئەیووت: مێردەکەی من! ڕاستم پێ بڵێ تۆ قەت سێکست لە گەڵ کەسدا نەبووە؟! ڕاستم پێ بڵێ...

منیش سەرەتا ئەوەندە تووڕە بووم، دنیام لێ تاریک بوو، تێر بە گژیدا چوومەوە، تێر قسەی ڕەق و ناخۆشم نا بە دڵیەوە... وای لێهات هەتا چەن کاتژمێر بە دەنگی بەرز ئەگریا... دڵم زۆر بۆی سووتا...ئاشتم کردەوە و لە دڵیم دەر هێنا!!!!!

پاش دوو ڕۆژ تەمەشا ئەکەم لە ناو دراوێرەکەیدا ، قوتوویەکی دەر هێنا و دایە دەستم، ووتی ئەمە دیاریە بۆ تۆ...

دەی ئەمە چیە؟!... سەیر ئەکەم «کاندۆمی» بۆ کڕیوم!... لێم پرسی چۆن کەوتیتە بیری کڕینی ئەم شتە؟ ووتی بۆ ئەوەی بەرگری لە نەخۆشینە سێکسیەکان بکەین.

هەر خەریک بوو لە تاودا چەپۆکێ بدەم بە سەر خۆمدا... بە دژواری هاتمەوە بە خۆمدا ووتم: باشە تۆ بۆچی پێت وایە ئێمە نەخۆشینی ئایدزمان هەیە، بۆ بیری وائەکەیتەوە؟!

دەستی خستە کەلەکەی و بە دەنگی بەرز وتی: ئێمە نا ! بڵێ من ! ناوی منی بۆ تێ ئەخەی؟... خۆت ئەزانی من بە کچیەتی هاتمە ماڵی تۆوە بووم بە هاوسەرت! خەریک بوو بڵێم چۆڕێ خوێن و چوار دڵۆپ فرمێسک ئیتر باوی نەماوە کاتێ ئێستا ژن ئەکەنەوە بە کچ! ووتم ئەوەیان باشە، بەڵام بۆ وا بیر ئەکەیتەوە سەبارەت بە من؟ ووتی ڕاست بڕۆ! تۆ قەت بە دەرزی پیس و گڵاوی کەسێکی تر دەرزیت لە خۆت داوە؟! یان خوێنت تێ کراوە؟!! ووتم نا! ژنی من ...نا! هیچ لەم کارانەم نەکردوە... لە ئاکامدا ووتی: من حەزم لە منداڵ نیە بۆیە کاندۆمم کڕیوە...

مەجبوور بووم کۆڵی پێ بدەم وکۆڵمدا... جار وابوو کاندۆمم لێ ئەبڕا... جارێکیان لە ماڵی خوشکی خێزانم بووین . شەو نەیانهێشت بڕۆینەوە... لەوێ خەوتین... بۆ قوربەسەری ئەو شەوە لە ماڵی ئاوەڵزاواکەم زۆرێکی زۆر مە شروبمان خواردەوە...زۆرم خواردەوە خەریک بوو تێک بچم، ئاوەڵزاواکەم ووتی: ئێستا عیلاجت ئەکەم. خەریک بوو عارەق بمدڕێنێ...ئاگام لە

خۆم نەمابوو...ئەوەندەم زانی ئاوەڵزاواکەم شیش و مەنگەڵی هێناو گەشانیەوە و دەستی کرد بە ترياک کێشان... ووتی دە س پێبکە...ووتم ناتوانم...ناکێشم...ووتی: مەترسە ئەتهێنێتەوە سەر خۆ... چەن مژم لێدا و پاش چەن خولەک باش بووم...

شەو لە ژوورێکی جیاوازدا ئێمەیان خەواند.. نیوەشەو ژنە پێی لێ داگرتم ووتی ئەگەر کاندۆمت پێ نەبێ هەر ئاوڕت لێ نادەمەوە!... خەریک بوو دڵم ئەتۆقی، لە پڕ کەوتەوە بیرم ماوەییێک لە مەوەو پێش لە ماڵی ژن خۆشکەکەم بۆنەی لە دایک بوونیان بۆ منداڵەکەیان گرتوە و ئەبێ تیزانگ و میزەڵانی پێوە مابێ ژووری منداڵەکەیان...بە هەزار پەت پەتی هەستاوم و کوورەکوور ڕێ کەوتووم بۆ ژووری منداڵەکەیان...هەنگاوم بە سەر ئاوەڵ زاواکەم و ژن خۆشکەکەم هەڵ هێناوە و بە ئاسپایی چوومە ژووری منداڵەکەوە و... باش بوو گلۆپێکی بێ هێزیشیان لە ژوورەکەدا هەڵ کردبوو بۆ ئەوە ی منداڵەکە نەترسێ. دەستم دا تۆپێک کە هەڵواسرابوو بە سەر میچەکەوە...

...ئەوەی ئەو شەوە بە سەر مندا هات پەرژینێ قاییم بێ بە سەر سەگدا نەیێ... ڕەنگ بێ پەنجا جار لە دڵ خۆمەوە ووتم گووم خوارد ژنم هێنا!!...

ماوەیەک بوو هاواری لاق و قاچی ئەکرد، هەر ئەیووت «پێم ئێشێ»... هەتا بردم بۆ لای دوکتۆر... دوکتۆر بۆی نووسی بۆ تاقی کردنەوەی خوێن و میز و... لە تاقیگە هەرچەندمان کرد و کۆشامان ووتی میز ناکەم... ووتم لە ترسی دەرزی خۆینکەکە نەبێ... ووتی:با!...

لە پێشی چاوی خۆی خوێنیان لێ گرتوە و ناویان دا بە سەر شووشەی خوێنەکەی...ووتی میزم نایە و ئێلە و بێلە...، بەر پرسی تاقیگە ووتی: لە ماڵەوە میزی خانمەکەتان بکە ئەم شووشەوە، بە ئەرک نەبێ بیهێنێتەوە بۆمان.

دەی وەرە چاوەڕوانی ئەو بکە، کەی میز ئەکا...جاشووشە بگرە بە دەستەوە و بیخە ماشێنەوە و زرم و کوت ، ڕێ بکەوە بۆ تاقیگە... ئای وریابە نەڕژێ...ئای...

لای ئێوارە هەر دووکمان هەڵتەک هەڵتەک دیسانەوە بەرەو تاقیگە چووین...قاقەزیان پێماندا وەتەوە و دیسانەوە چووینەتەوە بۆ لای دوکتور... دوکتور ووتی: کاکی بەڕێز مژدەم بدەنێ... خێزانتان زگی هەیە... هەر ئەوەندەم پێکرا پرکەم بە ملی دوکتوردا و ماچی بکەم... قاقەزم لە دەستی ڕفاندو هەندێ تەماشام کرد. لە پڕ ووتم دوکتور گیان کچە یان کوڕ؟ ووتی نازانم ئێستا دەر ناکەوێ، دوو سێ مانگی تر ئەبێ بیبەن بۆSonography ... ئەو کات پێتان ئەڵێم... کە بینیم ژنەکەم وەک گلارە ترێ فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە...دوکتور پێی ووت بۆ ئەگری؟ ووتی نەمئەزانی مێردەکەم ئەوەندە حەزی لە منداڵ بوو... هەر لە لای

دوکتور ووتم: کچێ بە قوربانت بم ژنە زاناکەم!!! هەرسێکمان دامان لە پڕمەی پێکەنین و لە بارەگای دوکتور هاتینە دەرەوە... دەنگ نەبوو هەتا شەش حەوت ڕۆژی پێ چوو... بەیانیەک لە خەو هە ستام و خۆم سازکرد بچم بۆ ئیدارە، ژنەکەم لە بەر خۆیەوە ئە ێنکاند! پێم ووت: چۆنی خانم گیان؟! بینیم هەندێ نکەی زۆرتر کردەوە ووتی : ئا...ی ، باش نیم... هەموو گیانم ئێشێ... زگم ئێشێ...

دەستم بە پێکەنین کرد،ووتم: خەفەت مەخۆ، هیچ نیە... ئەوە بەچکەکەمان خەریکە گەورە ئەبێ... بە قوربانی خۆی و دایکیشی بم!...

لەو ڕۆژەوە نەهامەتی دەرگای پێ گرتووم... نکە نک و ئاە و ناڵە و ناز و نوزی ئەم ژنەم هەر نابڕیتەوە... نان و ئاویشی لە من حەرام کردوە... سەرەتێ زگی ئێشێ ، تاوێ ئەڵێ لاق و پێم لە شوێنم نایە، جارێ ئەڵێ بروسکە لە...منی قوڕ بە سەریش هەر ئەبێ بە دەمیەوە بم...

سەرەتا ئەمووت مافی خۆمە خزمەتی ئەم ژنەم بکەم، منداڵ تەنیا هی ئەو نیە، هی منیشە... بەڵام خەڵکینە! خۆ ناکرێ من وەک گورگی چوار چاوم لێ بکرێ و هەر بەملاو بەولادا بسوڕێم . ئاسایشم نەما بە یەکجاری! کاری دەرەوەم ئەکرد، ئەهاتمەوە بۆماڵ هیچ ساز نەکرابوو، دیارە ژنەکەشم کارمەندی دەوڵەت بوو بەڵام کاری ماڵی ڕێک و پێک بوو، خواردن و ئەو شتانەمان بەر دەوام بوو. بۆ وێنە زۆربەی شەوان خۆراکی ڕوژی دواتری ساز ئەکرد و کاتێ هەر دووکمان لە داییرە ئە هاتینەوە چێشتەکەمان پێنج خولەک لە سەر چراگازەکەدا دائەناو گەرممان ئەکردەوە و ئەمانخوارد . بە ڵام لە هەفتەیەک پاش ئاگادار بوونمان لە هەواڵی هاتنی منداڵێک بۆ ناو ژیانمان، ئەم ژنەی من دە ستی لە کار و باری ماڵ و ژیانی ئاسایی داشۆردوە...

پێم ووت ئەگەر توانات نەما سێ مانگ بەر لە منداڵ بوونت ئیجازەی پشوودان بگرە تا پاش ئەوەی منداڵمان ئەبێ... سەیر ئەکەم دوو هەفتەی نەخایاند ئیجازەی پشووی یەک ساڵەی بێ مووچە و مەواجبی گرتوە و لە ماڵەوە دانیشتوە...

هیچم پێ نەووت بە س تە نیا ووتم ئەبێ دەست بگرین بە خۆمانەوە و پارە کەمتر سەرف بکەین. چونکە ئێستا توانای مادیمان بوەتە نیوە...

خودا هەڵ ناگرێ ووتی باشە! بەڵام کوا ؟! کێ بە قسەی کردم ؟! بڕواتان ببێ مەسرەفمان سێ جار زیاترەوە بوە!!! هەر لە ئێستاوە ئەم ژنە ی من خەریکی[2]شت پێکەوە نانە بۆ منداڵ[3]...

ڕازیانەو نەبات و عارەقی نەعنا[4]و جاترە بۆ ژانە زگ،قۆشە ; ی ڕەش بو باژەڵە ;

،«مورووە شەوە» بو ئەوەی شەوە ; نە یدزێ«مورووە با» بۆ ئەوەی منداڵەکە تووشی باو پێچ

نەبێ، کراسی کوولەکەبڕ، بێشکەو دەسرازەی کوردی، جۆلانێ و هەلۆرک... هەر زۆر سەیرە ئەم ژنەی من لە کەیەوە فێری ئەم مۆد و بەزمانە بوە؟!!

سەیر ئەکەم هەموو ئەم کارانە فیتی دایکیەتی... واتە خە سووم! بە شەرەف، لە سەرانسەری کوردەواریدا کەس خە سووی منی نیە وا دێزەو بەد فەڕ! بە ڕاستی ناخۆشم ئەوێ!...جاێکیان هات بۆ مالـمان دەستی بە قسە کرد... پێم ووت: ئەرێ مامۆژن بێشکەو دەسرازەی بۆ چییە ئەو ئاولەمە بێچارە؟ مندالێکی بێ گیانی بێ هێز بێشکەو لانکی بۆچیە؟ دەست و پێی ئەبەستنەوە جەڕی ئەدن!!

ژنە کەشم خودا هەلّ ناگرێ زوو پشتگری کردم ووتی: ڕاست ئەکا! گوناحە ئەو مندالـە بەستەزمانە! دایکی قسەی بڕی و زوو گوڕاندی ووتی: هەرا مەکە! مندالّ هەتا نەچێتە ناو لانک نابێ بە بنیادەم! دەست و پێی لار و خوار و خێچ ئەبێ، سەریشی درێژ ئەبێ...وەک عەجەم.

ووتم دایکی من! ئێمە تا ئێستا سەرمان درێژ نەبوە چیمان کردوە؟ چیمان لێ هاتوە!!! ووتی: من ئەمانە بە گوێمدا ناچێ...

هێدی هێدی دایکی منیش دەستی وەردایە ئەم بەزمەوە...بوو بە ڕقەبەری و چاولێکەرییەک هەر نەبێتەوە... مەکینە ی دروومان بەر نەئەکەوت. دایکم و خەسووم شەو و ڕۆژ لە مالّ ئێمە بوون. قۆچکەیان درووس ئەکرد،پانتۆلّ و کراسیان ئەبڕی و ئەدووری... مەلۆتکە و مەلۆتکە پێچیان ساز ئەکرد. مالّی ئێمە بەر نەئەکەوت، خرە خڕی مەکینەی دروومان مێشکی تێکدابووم.

بەوەش ڕازی بووم... کەچی خوشک و ژن خوشک و مندالّەکانیان پێمان فێر بوون...هەموو ئێوارەیەک پاش ڕۆشتنیان منی هەژار و قوڕ بە سەر ئەکەوتمە ناو مالّ و خەریکی خاوێن کردنەوەی پاشماوەی میوەو قاپ شوتن و گسک لێدان ئەبووم...خێزانیشم پالّی لێ ئەداوە دەستووری ئەفەرموو...

پاش ماوەیەکی تر ئەو ژنەی من کەوتە «بێزووکردن»...

«بێزوو کردن»ی ئەو ژنەی من ئەوەی باش بوو قێز و بێزی نەما، لە بەرد نەرمتری ئەخوارد. حەزی ئەچوە سەر شتی وا کە سەرم سوڕ ئەما!!!

نان قەیسی و تەمری هێندی(لە دلّ خۆمەوە ناوم ناوە گوو ڕێوی) ، پە شمەک، قەناو، جەرگ و دلّی بەرخ، گۆشتی قەل، جگەرە،ئاناناس، پاقلە،شیر و برنج ، گوێز، مێوژ، فرۆ، هەنجیرە وشکە، لەتکە هەرمێ، پەپەچەورە، پۆلکە...

شەوێکیان چووین بۆ ماڵی برادەرێکم، ژنەکەی خەڵکی پێنجوێنە [5] ; ، هەندێ شۆربای بە نیسکی هارەوە لێنابوو. ئەو ژنەی من حەزی چووە سەری... پیاڵەکەی خوی خوارد و ئەوەی منیشی خوارد...سفرە کۆ کرایەوەو ژنەکەم پچانی بە گوێمدا: داوای هەندێ لەو نیسکە سوورەیان لێ بکە... ووتم عەیبە! کاری وەها ناکەم! ووتی: تکایە...ووتم: باشە...دواتر ئە لێم!!! دە س هەڵگر نەبوو... ئەوەندە سیخورمەی تێ ژەندم تا بە ژنی برادەرەکەم ووت: بەناز خان، ئەو نیسکە چۆن ئەکرێ ؟بۆ وا سوورە؟

ووتی: فڵانی ئەوە بە«هارە» ئەهاڕدرێ ئەگینا ئەو نیسکە سەوزەیە وا لە بازاردا هەیە...ووتم: ئەی بو لێرە کەس نەیخواردوە؟ ووتی: نازانم بەس لەو دیو زۆرە... ڕاستە لێرە منیش نەم بینیوە... بۆ حەزی پێ ئەکەن؟

ووتم: من نا! بەڵام وادیارە خێزانم حەزی لێئەکا!

ووتی: وەڵا من سەفەری پێشوو چووم بۆ پێنجوێن سێ ،چوار کیلۆم هێنا، بەڵام بە داخەوە ئەمشەو دوایی هات... شەرت بێ بڕۆمەوە بۆ ئەوێ پێنج کیلۆتان بۆ بهێنم...

ژنەی داماو هەر ئەوە ی ووت ژنەکەی من لووتی بە یەکدا دا. دەنگی لە دەمەوە دەر نەهات: زۆر دڵم بۆی سووتا. لە بەر خۆمەوە ووتم شەرت بێ بە زووترین کات بۆت جێ بەجێ بکەم!

پێم وابێ ژنەکەم هە ستی بە دەروونیاتی من کردبوو چونکە بێوچان سەری کردە جەرگم و هەڵئەستا و دائەنیشت ئەیووت: حەزم لە نیسکە سوورەیە، وەختە دڵم بۆی دەر بێ! بێزوی پێوە ئەکەم!

ئەو ژنەی من وزەیەکی سەیری هە یە، هەتا قسەی خوی سەوز نەکات دەس هەڵگر نابێ...وام لێهات ڕۆژێکی هە ینی هە ستام چووم بۆ بازاری دینار، لەوێ پارەیان ئەگۆڕیەوە، برادەرێکم هەبوو لە وێ خەڵکی سلێمانی بوو، لە ڕاپەڕینەکەدا هات بەم دیودا، ئیتر نەڕۆیشتەوە، ژنێکی هێنا و لێرە گرساوە.

ئێستا دووکانی هە یە و بۆی ئەچەلێ . چووم بو لای حاڵ و نەقڵم بۆ ووتەوە ، پێم ووت چی بکەم؟ هات پێم ڕابوێرێ بەڵام چاوی بە ڕەنگ و ڕووم کەوت زانی بەڕاستی گیرم خواردوە، [6] ووتی: بچۆ بو«بانە» [7] ; ، ئەگەر لەوێ دەستت نەکەوت ئەبێ بچی بۆ «سەیران بەن» ; بەڵکوو لەوێ دەستت کەوێ... کە وای پێ ووتم هەر خەریک بوو دڵم بوەستێ...! مەجبوور مام بە قسەی کەم...

منی کولۆڵ هەڵتەکرهەڵتەک هە ستە بچۆ بۆ بانە... وەلحاسڵ وای لێ هات پارەم بە کەسێدا لە «سلێمانی» ; هەندێ نیسکی سوورم بۆ بهێنی...

ژنەکەم خواردی و پاڵی لێ داوە...

ئەو دەردیسەرەم لە کۆڵ خۆم کردەوە و هێشتا هەناسەی ڕەحەتم هەڵنەکێشا بوو خێزانم ووتی حەزم لە گۆشتی نقە یە!... هەر ئەوە ی پێ ووتم هە ستم کرد ئەبێ سەرکۆنەیەکی ئاراستە بکەم... غیرەتم بە خۆمدا، بە تە شەرەوە ووتم: تۆ هەر کەر ماوە بێزووی پێوە بکەی!... بیبڕێنەوە من نقەت لە کوێ بۆ دەس خەم، باوکم ماسیگر بوە، باپیرەم ماسیگر بوە، نقەت لە کوێ بۆ بێنم؟...

هەر ئەوەندەم زانی کەوتە هێڵنجدان و هێق و بۆق...خۆی بردە حاڵی جاو! دەستی بە قورگیەوە گرت و بە پەلە خوی کرد بە تەوالێتدا. ئاگام لێ بوو هەر هێڵنجی ئەدا. هەندێ دڵم بوی سووتا... بەڵام ووتم: نا! لێی گەڕێ شێتی کردووم... هەر تاوێک بێزوو بە شتێکەوە ئەکا...

بە جێم هێشت و هاتمە دەرەوە، بە ڕاستی وەڕەسی کردبووم... لە بەر دەرکی دەرەوە خەسووم بینی بەرەو ماڵی ئێمە ئەهات، هیچ، ڕا وەستام هەتا هاتە پێشەوە... دوومریشکی زیندووی بە دە ستەوە بوو، قاچیانی گرتبوو، سەرەو خواریانی کردبوو، مریشکی قوڕ بەسەر باڵی فشەوە کردبوو ، نازانم ئەوان بەو حاڵەشەوە بۆچی هێڵنجیان نەئەدا !... خەسووم ووتی: باش بوو فریا کەوتم! ووتم بو؟! ووتی : ئەو مریشکانەم هێناوە، سەریان ببڕە با هەر ئێستا هەڵیان کزێنم!! ووتم خۆ من قەت مریشکم سەر نە بڕیوە!! ووتی: هیچ نیە، چەقۆیەک لە ملی ئە دە ی و قاچ و باڵی ئەگری هەتا گیانی دەرئەچێ!...

ئەو پەندە شیان پێدام... خە سووم بە پەلە ئاوی گەرم کرد و منیش لە ماڵ هاتمەوە دەرەوە چونکە ئەمزانی ئەگەر لە ماڵەوە بم جەرگ و دڵم بە ڕاستی لە زارمەوە دێتە دەر! چەن جار بینیومە چۆن فڕووج پاک ئەکرێ: ئاو گەرم ئەکەن و مریشکەکەی تێ هەڵئەژەنن و بە دەست پەل و پۆکەی لێ ئەکەنەوە...پاشان بە ئاگر هەڵی ئەکزێنن... ئەبێ بە بۆگەند و بۆسارێ هەر نەبێتەوە... بەڵام خێزانم بێزووی بە پێستی مریشکەوە کردبوو...

یەکسەر خۆم کرد بە ماڵی خوشکمدا، هەندێ هەواڵی ژنەکەمی پرسی و منیش دە ستم کرد بە سکاڵا و ئاە و ناڵە... ووتم : شێتی کردووم نازانم چی بکەم؟ ئێستاش پێی لێ چەقاندووم ئەڵێ گۆشتە نقە ئەخۆم!

وامزانی خوشکم له مافی «دشایەتی» خۆی کەڵک وەر ئەگرێ و داکۆکی لە مـن و دژایـەتی لە گەڵ خێزانەکەم ئەکات بەڵام بە داخەوە بینیم چاوی خوی پڕ کرد لە ئاو، دەستی کـرد بـە لـچ هەڵقورتان و لێوە لەرەی بە خۆی خست و بە منی ووت: قوڕ بە سەر ژنی دامـاو! کـچ بـە نـاز و باز بە خێو بکە و بیدە بە شوو، ئەمەش لە شوو! کەمت مووچەو پارە بـۆ وەر ئـەگـرێ!؟ کـەمـت ڕەنج ومەینەتی پێوە ئەبینێ؟ کەم ئەرک بە شانیەوەیە؟! مافی نیە داوای پلێ گۆشتی نقەش بکا؟!

بینیم کارم هەر بە جارێ تێکـدا، ووتم: دادە گیان خۆ من خراپم نەووتـوە، مـن نقـە لـە کـوێ بێنم؟! هەر ئەتووت وەڵامی ئـەو پرسـیارە ی ئامـادە کردبـوو، خێـرا ووتی: بـۆی دامـەچـۆ، خـۆ ماشینت هەیە، بچۆ بۆ بەنداو، بۆ«قەڵاکۆن ; » بۆلای ماسی گرەکان یان هەر بچـۆ بـۆ ماڵـی «مامە سەعە» کرێکاری بەنداوە، بەو بڵێ یارمـەتیـت ئـەکا...(مامـە سـەعـە خزمێکـی دووری بـا پیرەمان بوو خەڵکی داشەڵوجە بوو[10]).

بەڵێ گەڕاوەمەتەوە بۆماڵی خۆمان هێشتا خەسووم نەڕویشـتبوو، پـێم ووتـن ئـەمـەوێ بچـم بـۆ «قەڵاکۆن» بەڵکوو لەوێ بتوانم نقە بگرم و بیهێنمەوە...،خێـزانم پێـی لـێ داگـرتم ووتی: منـیش دێم، باش بوو خەسووم ووتی: نا ئوتۆمبێل بۆ تۆ خراپە... ڕێگـاکـەش ئـە سفالـت نیـە هـەڵـبەز و دابەزیش بۆ تۆ خراپترە... منداڵەکەت لە بار ئەبا! ژنەکەم ئیتر وازی هێنا و لە گەڵـم نـەهـات... ئوتۆمبێلی منیش داشقە شکاو! هەتا «کانی جەژنی[11]» دەجار کوژاوە... بـە هـەر پـەت پـەتیـەک بوو، خۆم گەیاندە بەنداو...«مامە سەعەم» بینی... پرسیاری نقەم کرد...ووتی : نەکا ژنـەکـەت بێزووی پێوە کردبێ؟ زۆرم پێ سەیر بوو، مامە سەعە چۆن زانیویەتی؟!...بەڵام زانیم تەشـەرم بـۆ ئەخا! ووتم:مامە سەعە چی بکەم گوناحە و ژنمە و بێزوو ئەکا! یەکسەر هەڵیدایـە: بـۆ ڕۆسـەمـی زاڵی پێیە! گوم تێکرد خێری مناڵ ئەبێ چی بێ ؟ لێی گەڕێ... ئەوەنـدەش ڕوو بـە ئـەو ژنـەت مەدە ! پیاو بە پیاو! من خۆ ماسیگر نیم نقەت بۆ بگرم؟ زوو ووتم: «مامە سـەعـە»! ئـەی کـەس بۆ ڕاوە ماسی و ڕاوە نقە نایێ بەم زووانە؟!

ووتی: ئەوە هاتیشن، بۆ خوا شێتی کردوون تۆ بکەن بە شەریکە بـەشـی خۆیـان؟! لـە پێنـاوی چیدا؟ ئەوە بڕۆ بۆ «بۆکان»[12] یان «مەهاباد»[13] ماسی«قەشە» هەیە بیبەرەوە بۆ ژنـەکـەت !! بـا تووی نەتکێ تاقانەکەیکە وا فەخری پێوە ئەکا...

«مامە سەعە» بە چوار قسە ی ڕەق و تەقی بەم چەشنە ڕاوی نـام و دەری پـەڕانـدم... لـە دڵ خۆمەوە ووتم: تۆ بڵەی ئەو ژن و منداڵەی چون هەڵیان کردوە بە دەسـتیەوە... حـەیـای ئینسـان ئەبا!

لە ئاکامدا نقەم بۆ ژنەکەم دەس خست!!

(تکایه خوێنەری بەڕێز زۆر مەچنە ناو بنج و بناوانی ئەوەی کە چون نقەم دەس کەوت، دەسم خست و بڕایەوە !)...

شەوگار و ڕۆژگاری من هەتا نۆ مانگ بەو جۆرە بە سەر چوو... چوار ڕۆژ پێش لەوەی منداڵمان ببێ زگی تلاوتل هاتبوو، بە منی ووت ئیشتیای چۆلەکەم کردوە، بێ ئەوە ی ورتەم لە زارەوە بێتە دەرەوە سێ ڕۆژی ڕەبەق بە ناو شاردا گەڕاوم بە جۆرێ دوو چۆلەکە بگرم. دوومنداڵم بینی، ووتم ئەگەر چۆلەکەم بۆ بگرن پارەی باشتان پێ ئەدەم...

ووتیان باشە...ووتم ئەوە ماڵی ئێمەیە ، ئەگەر چۆلەکەتان بۆ گرتم بیهێنن بۆ ماڵی ئێمە و پارەکەتان وەر بگرن.

تەمەن درێژ بن ئەو دوو منداڵە چۆلەکەیان بۆ هێنام و منیش ڕزگار بووم...

لە ئاکامدا ژنەکەم منداڵی بوو، منداڵەکەشمان ساغ و سلامەت...ژنەکەشم هەر ساغ و سلامەتە...ئێستا ماوەیێکە زەیسانە . فەقیرە زۆر ئەزیەتی کێشا... خەریکم پەڕۆ وپاڵی منداڵەکەمان ئەشۆم...منیش زۆرم ئەزیەت کێشا، سەرەڕای ئەو هەموو پەت پەتی‌یە کە ئەم نۆ مانگە بە سەرمدا هات، دیسان هەر ئەوەندە خوشحاڵ و بەختەوەرم کە ئەرکی نۆ مانگ منداڵ پەروەردە و بەخێو کردن لە زگدا لە ئەستۆی مندا نەبوو، ئەگینا چ قوڕێکم بە سەر خۆمدا بکردایە! بە ڕای ئێوەش وانیە؟!

04/02/2003

Teyren Ebabil-1، ئاماژە بە چیرۆکی ئەو باڵندانەیە کە لە قورئاندا هاتووە گوایە سوپای ئەبرەهەی یەمەنی‌یان بە بەرد تێک شکاندوە

Qoshe -2، پارەیەکی ئاسنینی ڕەش بووە، ئەیانبەست بە ناوکی منالەوە

Bajele-3 نەخۆشینی ژانە زگ و برک و میزگیرانی منالی تازە لە دایک بوو

Shewe-4 بوونەوەری نادیار لە میتۆلوژی کوردی‌دا، گوایە هەر خەریکی دزینی جەرگ و دلی منالی تازە لە دایک بووە

Pencwen-5 شارۆچکەیەک لە باشووری کوردستان

Bane-6 شارێک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

Seyranben-7 گوندێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Silemani-8 شارێک لە باشووری کوردستان
Qelakon-9 گوندێک لە سەر ڕووباری جەختەتوو لە دەوروبەری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Dashaluce-10 گوندێک لە دەوروبەری سەقز
Kani cejni -11 گوندێک لە دوو کیلومتری سەقزدا
Bokan -12 شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Mehabat -13 شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Φ

Φئەوندە سڕبوو کە هێزی نەبوو هەستێ و چاو لە ئاسمانی شینی پاش پەنجێرەی ماڵەکەی بکات. Φ ناوی مرۆڤێکە . وەک ئەو مرۆڤانە وا خولقێندراون.Φ مامۆستای قوتابخانە بوو. وانەی بە منداڵانی پۆلی 2ی سەرەتایی ئەوتەوە.Φ بەوە دڵخۆش بوو کە دۆعای خێری دایک و باوکی پاڵپشتیەتی. زۆر جار دایک و باوکیشی قەت بە شتێکی گرینگ نەئەزانی. ئەوان لادێیی بوون و ئەو شارۆمەن!

Φلەو مرۆڤانەی شاری خۆمان بوو کە دۆعای خێری دایک و باوکی کردبووی بە خاوەنی هەمووشت. 27 ساڵی بوو.3ساڵ بوو ژنێکی لە شار هێنابوو. ئەوەش شارۆمەندیΦگارەنتی ئەکرد...

لە نوێنەکەی جودا بوەوە. هە ستا سەرپێ. پەردەکەی لادا. ڕوانیە ناو حەوشەی ماڵەکەی. کەس نازانێ بۆچی! ئەوەندەش ئاسمانی بە قابیلەت نەزانی پێیدا بڕوانێ. ووتی: لە قوتابخانەدا ڕادیۆ ئەڵێ هەوا چۆن ئەبێ! کەشناسی قسەی ڕاست ئەکا!

هە وای سەرلە بە یان نابێ بە بەڵگەی هەوای یەک ڕۆژ!

لە لای پەنجێرەکە هاتە ئەو لاوە وڕوانیە خۆی. توونکەیەکی مەلەی(مایۆ) لە پێ کردبوو. دەماری بن ڕانی زۆر بە توندی ئەگووشا، زۆر قەڵس بوو. کەرستەی ژێر زگی هێشتا فێری

تەنگیی توونکەی مەلە نەببوو!( بەڵام ئەیویست بـە زۆر ئـەو بێچـارە فێـری توونکـەی مـەلـە بکـا، مرۆڤ چووزانێ بەڵکوو ڕۆژێک سەفەری مەلەی بۆ ساز بێ و ئیتر بە ڕەحـەت و سـەحـەت بـێ ئەوەی تووشی قەیران و ئابڕوو چوون بێ، بە دڵنیاییەوە مەلە بکا!). بەڵـام قاییشـی توونکـەکـە زۆر چەسپ و تەنگ بوو ومەجبوور بوو هەر چەن خولەک دەستی بکا بە ژێر قاییشی توونکـەکـە ی و هەندێ بیرەوێنێتەوە(ئیتر شەو، ڕۆژ یان دەرو ژووری بۆ نـەبوو).لـە قوتابخانـە، لـە بـازاڕ، لـە شەقام، لە سینەما، لە پارک و سەیران، دەستی بە ژێر قایشی توونکەکەدا ئەکرد و ئـەیـرەوانـدەوە ئەوەش ئەبێ بەو شێوە بێ کە ڕابوەستێ و گەڵی فش بکاتەوە و قەدەرێـک خـەریکـی توونکـەکـە بێ.

Φجارێکی دیکەش خۆی خوراند. پانتۆلێکی لـە پـێ کـردو ڕووی کـردە چێشـتخانە. لـەوێ سەماوەرەکە هەڵکرابوو و قوڵتە ی ئەهات. چایی لێنرابوو، لە سەر مێزی نان خواردنەکەی لەتێ نان و قاپێ ماست دانرابوو. هەندێ پەنیری سۆڵـیش لـە سـەر دەفرێکـی بچـووکـدابـوو. ئـەوانـە هەمووی کاری ژنەکەی بوو.

Φڕووی کردە ئاودەس و پاش مـاوەیـەکـی کـورت هاتـە دەرەوە. دەم و چـاوی شـوت و بـە خاولی وشکی کردەوە... خاولی ڕەنگ و ڕوی پێوە نامابوو. پێم وابێ لـە سـەرتـادا سـوور بـووە بەڵام ئێستا سپی هەڵگەڕابوو.

Φدیسان هاتەوە چێشتخانە. لە سەر سەندەڵـی دانیشـت و هـەنـدێ نـان و ماسـت و پـەنـیری خوارد، پەرداخێ چای هەڵقوڕاند و خۆی گورجەوە کرد و لە مـاڵ دەر کـەوت. ئـەیویسـت لـە بانک پارە وەر بگرێ.

Φخەڵکی گوندێکی پەنجاو پێنج کیلۆمەتری شار بوو. ئەڵبەت لە گوندەکەیەوە هەتا شارەدێی سەر جادە پێنج کیلۆمەتر ڕێگا بوو.Φ ئەڵبەت لە گوندەکەیـەوە هـەتاشـاردێی سـەر جـادە پێـنج کیلۆمتر ڕێگا بوو .Φ تەنیا پیرە دایک و پیرە باوکێکی هەبوو. منداڵەکـانی ئـەو بنـە ماڵـە جگـە لەΦهەموو مردبوون. یان بە پەتاو هەڵامەتی زستان، یان بە چزی دوپشک و مار، یان بە کـەوتنـە ناو تەنوور یان بە دەردی خوایی.

Φدوازدە ساڵی بوو ناردیانە قوتابخانەی شارەدێ. هەمـوو ڕۆژ دە کیلۆمـەتـر پیاسـەی ئـەکـرد هەر لە گوندی خۆیانەوە هەتا شارەدێ منداڵانی شـارەدێ زۆر هـار و بێـژ بـوون . شـارەدێ لـە سەر ڕێگای شاردا بوو. Φلە سەرەتاوە بێدەنگ و هێدی بوو. مامۆستا، کـە بـە زاراوەی شـاری قسەی ئەکرد، هە یاسە و هێمنی لێ هەڵگرتبوو.Φ ی بێدەنگ و بەستەزمان بە تەواەتی ئـاگری تێ بەر ببوو. مێرمنداڵ بوو و تازە خۆی ئەناسی.Φ زور جار بە ئاواتی ماموستاوە خوی ئەخستە

گەورو لە گەڵ مانگا بۆرەکەیاندا جووت ئەبوو. چ بکا؟ ئەویش هە ستی هەیە.ئەوە پاساوی خۆی بوو. هەر بەیانییەک پێش لەوەی بڕواتە شوێنی دەرس و دەوری، دایکی قەدەحێ شیری کوڵاوی بۆ ئە هێنا لە گەڵ کولێرەیەک.Φ کاتێ ئەی ڕوانیە شیرەکە و خوی وەبیر ئەهاتەوە بێزی نە ئەکردەوە. بیست ساڵان بوو هاتە شار، پێویست بوو پۆلی دووهەمی ناوەندی بخوێنێ. هەتا پێ ناسەکەیان ڕێک و پێک کرد، قیر سپی بوو بەڵام دۆعا خێرەکانی دایک و باوکی هاتە ڕێی و کاری ڕاست هات!

ناوی خۆی لە قوتابخانەی مامۆستایان نووسی. ئەوە بێ ئەرکترین و باشترین کاربوو بۆ ئەو. لە بەر ئەوە نەئەچوە سەربازی و زانکۆشی پێویست نەبوو. Φحەزی ئەکرد دابمەزرێ و دامەزرا. لەو ڕۆژەوە «قوتابخانەی مامۆستایان»ی هەڵبژارد.چوار ساڵ خەلاس بوو پاشان کرا بە «ئاغای مودیر».Φداخوازێکی بە«ئۆفیسی پەروەردە» دا کە: ئەمەوێ لە شار مامۆستایەتی بکەم! زۆر سەیر بوو کە «ئۆفیسی پەروەردە» وەڵامی «ئەرێنی» پێداو لە شار وانەی بە پۆلی دووی سەرەتایی لە قوتابخانەیەک ئەدا.Φ سەفەرێک چبوو بۆ گوندەکەی خۆی. شایی و زەماوەندی ماڵێکی دراوسێیان بوو. «ئاغای مودیر» لە لای سەرووی ڕدێن سپیان دائەنیشت و هەموان بە قوربان و سەدەقەی ئەبوون.

کاتێΦ= ئاغای مودیرییێی نابە زێڕدا و چوو هەڵپەڕێ، کچانی گوند لەپیان بۆ لای ئەو ئەکوتا . Φ = ئاغای مودیر بسکەی سمێڵی ئەهات. کچێک لە پاڵیەوە هەڵئەپەڕی،سینگی لە باسکیΦخشا، ئیتر ئەوە بوو کە ویستی لە شار ژن بهێنێ.

ژنی هێنا. ژن هێنان بۆΦوەک خۆشی و کامەرانیەک بێ بڕانەوە بوو. هەتا ماوەیێکΦیان بە تازە زاوا بانگ ئەکرد. ئێستاΦ= تازە زاوا خاوەنی ژنێک بوو کە خۆشی ئەویست. ژنەکەش ژنی Φبوو...

Φئێستا پاش 3 ساڵ خاوەنی ماڵ و کەل و پەل بوو بە جۆری شار. هەڵبەت بە مۆدی شار هەمووی بە قەرز و فەرز پێک هاتبوو.

Φکاتێ لە بانک هاتە دەر گیرفانی پڕ بوو لە پارە. کاتێ کەوتەوە بیری کە ئەبێ زۆربەی ئەو پارە بداتەوە بە قەرزدا قەڵس بوو. پارەی ئاو، کارەبا، تەلەفوون و گازی ئەڵبەت لە بیر نەبردبوو! بە دڵتەنگیەوە هەموو ئەو پارانەی دا. قەرزی مانگانەی بڕێ کەڵ و پەلیشی لە ناو بازاڕدا بژارد. هەندێ پارەی مابوو. بە پەژارەوە ڕووی کردە ماڵی خۆیان . ئەیویست پێش لەوەی بگاتەوە ماڵەکەی خۆی لە سەرە ڕێیدا بچێتە دووکانی دراوسێکەیان ، قاپێ ماست بکڕێ و قەرز و دەینی ئەو دووکانەش بدا و خۆی بکاتەوە بە ماڵەوەدا.

له پڕ چاوی به پێڵاوەکانی کەوت، چەک و شڕ ببوون . تۆزاوی و بێ هێز. ئەتووت بە زۆر لاشە کێش ئەکەن. شانێکی هەڵتەکاندو لە بەر خۆیەوە ووتی: کەل و پەلی پیاوی دەوڵەت لەوە باشتر نابێ! بیری لە وشەی پیاوی دەوڵەت کردەوە: پیاوی...دەوڵەت واتە من پیاوی دەوڵەتم!؟ دەوڵەتێ بەو زەلامیە! بەو هەموو کڕوفڕەوە. من پیاوی دەوڵەتم. واتە ناوم لە نێو دەفتەر و دیوانی دەوڵەتدا هەیە !؟!

زانی کە زۆر گرینگە: زۆر گرینگە مرۆڤ ئەوەندە لێ هاتوو بێ کە بتوانێ بڕواتە ناو ژیانی کارمەندی و پیاوی دەوڵەت بوون !

گەییشتە بەر دووکانی گەڕەک . گەڕەکی خۆیان. یان باشتر وایە بڵێم گەڕەکی ماڵی خۆیان. چووە ژوورەوە سڵاوێکی بەسامی کرد. هەستی کرد ئێستا سام هەموو ئەو کەل و پەلانەی گرتووە کە لە سەر قەفەسە کانی چواردەوری دووکاندا هەڵچنراون وخەریکە ئەکەونە خوارەوە.

کەس دیار نەبوو. دەنگی کابرایێک ئەهات. دیسان سڵاوێکی تری کرد، بەرزتر. لە پڕ کوڕێکی لاو لە ژێر مێزەکەوە هاتە سەر. لە سەر مێزەکە دەفتەرێکی گەورە و تەرازومیزانێک و تەپیێک دانرابوو. کوڕەکە وەڵامی سڵاوی داوە.

Φووتی: زەحمەت نەبێ دەفتەرەکە بکەوە، قەرزم هێناوەتەوە. کوڕەکە دەستی دایە کەرستەکە و دەنگی کەم کرد. دەنگی زەلامەکە هەر ئەهات. Φپارەکەی دا . ووتی ماستم ئەوێ. کوڕەکە ڕۆییشت ماست بێنێ. سەهۆڵدانێک لە لای سەرووی دووکانەوە دانرابوو. دەنگی زەلامی ناو کاسێتەکە هەر ئەهات. Φگوێی هەڵخست:

ئاخۆ پێڵاوی خودا چەن گەورە بێ، چەن پارەبدا؟!

کوڕە لاوەکە بە سەتڵێ ماستەوە هاتەوە پشت مێزەکەی. ماستەکەی لە سەر مێزەکە دانا.Φ پارە ی ئەویشیدا و زۆر بە توندی لە دووکان چووە دەرەوە.

کوڕەکە بزە گرتی. دەنگی دا بە کەرستەکە. سەری بە ژێر مێزەکەدا کرد و دەستی دایە تەڵە مشکێک و بەرەو دەرکی دووکان چوو. لە دووکان دەر کەوت و هاتە لێوار جۆگەلەی قەراغی شەقامی بەرانبەر دووکانەکەی و ئاسنی تەڵەکەی سوڕاند. جەستەی مشکێکی پێوە بوو. تەلی تەڵە بەر بوو ،مشکەکە داکەوت. کەلاکی مشکەکە کەوتە ناو جۆگەلەی ئاوەکەوە. پڵتەیەکی هات و ئاو جەستە ی مشکی برد.

لاوەکە روانیە Φ کە بەرەو ماڵی خۆی پیاسەی ئەکرد...

**قەت بە گاز خنکاویت؟!**

«گلاسنۆست[1] ; »و«پرۆستریکا[2] ; » جیهانی کردە یەک جەمسەر، بەڵام مرۆڤی کورد لە نێوان جەمسەرە پارادۆکسەکاندا سەر لێشێواو مابوو، ئەم ئاڵ و گۆڕە گەورەی سۆڤیەتیش ژیانی زۆربەی کوردانی[3] گۆڕا. بنەماڵەی«تیگران» ساڵی 1991 لە«ئەچمیادزین[4] ; » باریان کردو هاتنە« ئەریوان» ; ...خەڵکی گوندەکە ووتیان ئەبێ برۆن لەبەر ئەوە ئێوە سوورن.

«تیگران» کۆمۆنیست نەبوو، باوکیشی کۆمۆنیست نەبوو[5]. باوک و دایکی دوای تێک شکانی شۆڕشی«دێرسم[6] ; » هەڵاتبوونە«قەرس ; » و لەوێشەوە گەیشتبوونە ئەرمەنستان،یەکێتی سۆڤیەت بە ڕواڵەت پەنا بەری بە کوردەکان ئەدا. ئەو کات باوکی حەڤدە ساڵان بوو، دایکیشی سێزدە ساڵ تەمەنی بوو. ئامۆزای یەک بوون . هەموو بنە ماڵەکە یان بە گاز خنکاندبوون... لە دارستانەکانی چیا بەرزەکانی دەوروبەری دێرسم... بۆردمانێکی خەست و تۆکمە کران... کچێکی فرۆکەوان مەدالیای سەر بەرزی پێ بەخشرا لە بەر ئەوەی شۆڕشی دێرسمی تێک شکاند.

«تیگران»هێز لە هەناوی‌دا چوار جار زیاتر ببوو. هەر دوو پێی وە ک چەرخی ترۆمبێل هەڵئەسووڕا و بەرەو پێش ئەچوو . سەرگەردان ببوو. تف لە دەمی‌دا وشک ببوو، ئەوەندە زمانی بە دەوری دەمی‌دا هێنابوو لێوی وشک هەڵگەڕا بوو، کزەی لێوی ئەهات. بەڵام دڵی وەک دڵی چۆلەکە ئەفڕا . خەفەتی «کاردۆ» دای‌گرتبوو. کاردۆش لە هۆڵەکەدا بوو... لەو هۆڵەدا کە وا بڕیار بوو شانۆگەری تێدا بکرێ و ئێستا لە لایەن گروپێکی نەناسراوەوە قۆرغ کراوە و شەش‌سەد کە سیان بە بارمتە گرتوە... مۆسکۆ ئاڵوزاوە... لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە باسی ئەم ڕووداوە تیرۆریستی‌یە ئەکرێ... هەر کەس ئەبینی شەڵەژاوە ، بەڵام تیگران خەریکە دڵی ئەتۆقێ. لە بەر کوڕەکە ی ئارامی نەماوە... جار جار هەڵدێ بەڵام هیلاک و ماندوو ئەبێ . ئەکەوێتە هەناسە برکێ... لە خودا ئەپاڕێتەوە کاردۆ ڕووداوێکی بۆ هاتبێتە ئاراوە و بۆی نەکرابێ بچێتە هۆڵی شانۆ گەری‌یەکە... ئای کاردۆ گیان! بە قوربانی ئەو بەژن و باڵا بەرزەت بم... قەزات لە من کەوێ ڕۆڵە... گریانی ئەهات، چەن جار پڕماندی بەڵام خۆی گرتەوە...

دایکی بە درەنگ هاتنەوەی زۆر قەڵس بوو، هەرکات درەنگ ئەهاتەوە پێی ئەووت: بەرە دایی! شەرمە!... ئێستا ئەزانێ کە دایکی چەندە پەرۆشی دیار نەبوونی بووە... زانی کە جەرگ چەندە خۆشەویستە...بە دەنگێکی ئەوەندە بەرز کە خۆی بتوانێ ببیسێت ووتی: دایە گیان!

دۆعا بکە«کاردۆ» لە وێدا نەبێ... خۆت ئەزانی هەر ئەو کوڕەم هە یە. ئەگەر شتێکی لێ بێ مـن چی بە فاتمە بڵێم؟!...

هەر هەڵئەهات و بە دەم ڕێوە ئەیووت: کاردۆ گیان! کاکە گیان! کوڕە نازدارەکەم!

لە بەر باڵیۆزخانەی ئەرمەنستانەوە دەربازبوو...ژنەکەی بە گریانەوە تەلەفوونی بۆ کردبوو کـە ئەڵێن سالۆنی شانۆگەری مۆسکۆ کەوتوەتە بەر پەلاماری چەن چەکدارێکی نەناسراو، خەڵکەکـە ش دەسە سەر کراون «کاردۆ ئەمڕۆ لەوێیە، لە بەر ئەوەی خۆی ووتی ناچمەوە بۆ زانکـۆ« لـەبـەر بینینی شانۆ گەری لە هۆڵی مۆسکۆ هەموو کارەکانم یەک ئەخەم...». «تێگران» بە چـەپـۆک بـە سەر خۆیدا کێشا و لە دووکانەکەی هاتـە دەرەوە و ڕووی کـردە هۆڵـەکـە... لـە بـەر دەرکـی باڵیۆزخانەی ئەرمەنستان سەربازێک ڕاوە ستاوە... ئاڵای ئەرمەنستانیش شەکاوە یە...

لە ئەریوان هێدێ هێدێ کەش بۆ کوردەکان تێک ئەچوو، دوای ڕووخانی کۆمـۆنیزم هـەسـتە 7 نەتەوایەتییەکان لە کۆمارەکانی سۆڤیەتدا گە شەی کردبـوو. شـەڕی«ناگۆرنۆکارابـاخ ; » یەکەم تریشقەی ئەم هەستە نەتەوەیی خوازانەی ئەرمەنیەکان بوو.

بانگیان کرد بۆ ئۆفیسی«سەرژمێری و پێناسە» ووتیان: تۆ ئەزیـدیت؟ تیگـران ووتی: نـا! مـن عەلەویم...

– باشە فەرق ناکات تۆش هەر ئەزیدیت!!

– چۆن فەرق ناکا! ئەوان بە جـۆری خۆیـان خـودا ئـەپـەرەسـتن! ئێمە بە جۆری خۆمان!

– بەڵام یەک ڕەگەزن...ئەزیدین!

– ڕاستە ئێمە هەموومان یەک ڕەگەزین هـەم ئـەزیدیـەکـان، هـەم عەلەویەکان لە یەک نەژادن... هەموومان کوردین!

– جارێکی تر بڵێی کورد زمانت ئەشکێنم...کوردمان نیـە... لـە ئەرمەنستان هەر ئەزیدیمان هـە یـە! عـەلـەوی و موسڵـمان و ئـەزیـدی هـەر هـەمووتـان ئەزیدین!

دەوڵەتی ئەرمەنیا گوشاری خستبووە سەر کوردەکان... ئەبێ بڵێن: ئێمە ئەزیدین!

چوار مانگ دوای ئـەو ڕۆژە خـوی و فاتمـە و چـوار منالـەکـەی ئـەرمـەنستانیان 8 بـەجـێ هیشت، کچەکانیشی هاتن و مێردو منالەکانیشیان هێنا، هەموویان چوون بۆ تبلیس ; ، هەشت مانگ لەو شارە ژیـان، کچێکـی بـە دوو منـاڵ و مێـردەکـەی لـەوێ مانـەوە بـەڵـام بنەماڵەی تێگران بەرەو مۆسکۆ هـاتن. دهیـان بنـەماڵـەی کـوردی تـریش لـە قرقیزسـتان و

قەزاقستانەوە کۆچیان بەرەو مۆسکۆ کردبوو... لە مۆسکۆ دوای چەرمەسەرییەکی زۆر خۆی و فاتمە و کاردۆ مانەوە. دوو کچەکەی تری لەگەڵ مێردو منداڵەکانیان چوون بۆ ئوکرانیا، ووتیان لەوێوە ئەچین بۆ ئەورووپا...

دوای هەشت، نۆ ساڵ چەرمەسەری ئەوە چەن مانگە دووکانێکی بیرە فرۆشی کردوەتەوە و خەریکی کاسبییە... گشت ئەم پەت پەتیانەی زیاتر لە بەر داهاتووی کاردۆ کێشا، حەزی نەئەکرد کاردۆ لە ئەریوان بمێنێتەوە و گرفتاری ڕەفتاری شۆوینیستی ببێتە وە و بەقین وسووکایەتی بینینەوە گەورە بێ . پاشان بیکەن بە سەرباز و بیبەن لە قەرەباخ بە کوشتی بدەن؟ بۆچی کوڕەکەم بکەم بە ئاگرەوە...؟

نزیکی شەقامی هۆڵی شانۆگەری مۆسکۆ سیکەنەوسەرخان بوو. دەیان ئوتۆمبیل وماتۆڕسیکلەتی پۆلیس دەور و بەری شەقامەکەی گرتبوو. سەدان کەس لە بەر دەمی هۆڵەکەدا کۆ ببوونەوە و پۆلیس ئەیویست لەو دەور و بەرە دووریان بخاتەوە...«تیگران» چۆکی لەرزا... بەڵام درێژەی بە ڕۆیشتندا. کچە پۆلیسێک هاتە پێشەوە ووتی: قەدەغەیە! وەڵامی داوە: من باوکی کاردۆ ڕە شۆم. کوڕەکەم لە هۆڵەکەدایە. خوێندکاری کۆلیجی فەلسەفەیە...تکایە ئیجازەم بدەن بچمە ژوورەوە ببینم، هەر لە دوورەوە لە کونێکەوە، لە شوێنێکەوە ئیجازەم بدەن تەنیا بو چرکەیەک ببینم و دڵم سوکنایی بێ...ئەبێ وەڵامی سەلامەتییەکەی ببەمەوە بۆ دایکی...

کچە پۆلیسەکە بە مێهرەبانییەوە ووتی:...ئەزانم...باوکی من!!!

برووسکەیەک لە دڵی تیگرانیدا، ووتی: کاردۆ ئەناسن؟! بینیتان؟ کچە پۆلیسەکە ماندوو ببوو، ووتی: کام کاردۆ باوە گیان؟

– کاردۆ ڕەشۆ، کوڕەکەی من... مەگەر ئێوە نەتانووت ساخ و سەلامەتە؟

کچە پۆلیسەکە ڕقی هەستا: کەی من کوڕی تۆ ئەناسم؟ من ئەڵێم ئەزانم کە تۆ پەژارەی کوڕەکەتی بەڵام من هیچم لە دەس نایە! ئەبێ بوەستین هەتا بزانین چ شتێک دێتە ئاراوە؟...

تیگران ناهومێد ،چووە ناو ئەو خەڵکەی کە لەو پەڕی شەقامەکەوە ڕاوەستابوون. هەموویان تووشی نیگەرانی ببوون...چەن ژن بە دەنگی بەرز ئەگریان. کاتژمێرێکی تر فاتمە بە تاکسی گەییشتە شوێنەکە... ڕەنگی هەڵپڕوکابوو... ئەتوت خوێنی دەمارەکانی ئەوتان کێشاوە، دەم و لێوی باری گرتبوو. چەناکە ی ئەلەرزا، قسەی نەئەکرد...

زاواکانی یەک لە دوای یەک لە مینسک و تبلیسەوە تەلەفوونیان بۆ کردن...کاتێ زانییان کاردۆ یەکێ لە بارمتەکانە، یەک لە دوای یەک هەتا ڕۆژی دوایی خۆیان گە یاند...

هەتا چەن ڕۆژ قەیرانەکە بەر دەوام بوو... دە یان ڕیپۆرتەر و هەواڵنێری ناو خۆیی و بیانی خویان گە یاندە شوێنی ڕووداوەکە...دەنگی بێتەل هەموو شوێنەکە ی داگرتبوو... پۆلیس و جەندەرمەکان هەر ئەهاتن و ئەچوون... شاندێک بۆ ووت و وێژ لە گەڵ بارمتەچییەکان چووە هۆڵەکەوە...دەوڵەت داواکارییەکانی ئەوانی پەسەند نەکرد... چەن شاندی تر چوون... ئەوان داوای مافی سەر بەخۆیی چەچەنستانیان ئەکرد... دەوڵەت ئەم داواکارییانە ی پێ فشە و قسەی قۆڕ بوو...

فاتمە ڕەش داگرسابوو...چاوەکانیشی قووڵ ببونەوە تیگران تەنیا هێشتی کچێکی بە لایانەوە بمێنێتەوە ، ئەوانی تری ناردەوە بۆ مینسک...جارجار بە نۆرە ئەچوونەوە بۆ ماڵی خویان...

تیگران،فاتمە و ڕەوشەنی بە شەودا ئەنارده وە بۆ ماڵەوە... بەڵام خوی هەر لەو شوێنەی خۆیدا ئەخەوت... بابۆڵەیەکی ئەخوارد و چۆڕێ ئاو...

کاتێ پۆلیسەکان هێرشیان کردە ناو هۆڵەکەوە، لە پێشدا خەڵکیان لە شوێنەکەدا نەهێشت... ووتیان ئەگەر تیرۆریستەکانمان دەسگیر کرد ئێوە ئەتوانن بێن و خزم و کەسەکانتان وەر بگرنەوە...

دوای ئۆپەراسیۆنەکە تیگرانو خەڵکەکەی تر بەرەو هۆڵەکەچوون... بەڵام پۆلیس بەری پێگرتن ، ووتیان دوای ئەوەی کە لە ساردخانە جەنازەکانیان ناساندەوە ئەو کاتە ئەتوانن وەرن و کە س وکارەکەتان ببەنەوە...

گەنجێک هاواری کرد: مرۆڤ کوژانە... ئەبێ وەڵام بدەنەوە! ئێوە بە گاز هەزار کەستان بۆ چەن بارمتەچی چەچەنی کوشتوە. فاشیستانە...تێرۆریستانە...

ئەتووت سەحرای کەربەلایە و جەنازەی حسەینیان هێناوەتەوە بۆ خێمە ی ژن و منداڵەکەی... قیژەو گریان ئەو دەور و بەرەی گرتبوو...

فاتمە ڕومەتی خۆی هەلکەندبوو بە چنگ... ئاور بەردایە دڵی تیگران... بۆ فاتمە.فاتمە بە قەت منالێکی بێ دایکی لێهاتبوو. وردو بچووک و بێ دەسەڵات...

«تیگران»... کاردۆی لە دەس چبوو... وەک دەیان شتی تر کە پێشتر لە دەستی دابوو...باوکی هەمیشە ئە یووت«سابیحا گوکچەن» بۆردمانی کردین بە بۆمبای ژاراوی... کوێستانەکانی خارپێت ودێرسمی لێ کردین بە دەشتی کەربەلاوە... یا خوا ماڵی

کەماڵ ئاتاتۆرک وێران بێ کە ماڵی وێران کردین... کەوتە بیری باوکی پێش لەوە ی بمرێ ئەم شتانەی پێ ووتبوو..

1- ڕێفۆرمی سیاسی لە دەوڵەتی سۆشیالیستی سۆڤیەتی سەر دەمی میخاییل گۆرباچۆف
2- ڕێفۆرمی ئابووری
3- شارێکی ئەرمەنستان
4- پایتەختی ئەرمەنستان
5- شاری بەناو بانگی هەرێمی چارسنجەخ لە باکووری کوردستان
6- شارێکی باکووری کوردستان
7- شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەر ئەم ناوچەیە لە پاش ڕووخانی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت
8- پایتەختی گۆرجیا

سێڤدا

کاتێ سیمای کچەکەی بینی کە بە خۆشەویستیەوە یان بەڵکوو باشتر وایە بڵێین- ئاوڕدانەویەک- لەو بەری پەنجەرە ی مێترۆوە لای بۆکردەوە و بە جووڵاندنی لێوی پێی ووت خواحافیز، تەزووی حەز و غروور هات بە لەشیدا.مێترۆ کەوتە ڕێ و کچەکە کاتێ خەریک بوو وەک ڕابووردنی زەمان لە ناو مێترۆکەدا لە پێشیدا دەرباز ئەبوو دەستی بۆ ڕاوەشاند بە واتای بای بای، لە خۆشیدا شانێکی هەڵتەکاند و بە بزەیەک بە لێویەوە دەستی لە گیرفانی دەر هێناو دەستی بۆ ڕاشەکاند بە واتای سەرچاو.

لە پاپیلکەکانی توونێلەکەدا سەرکەوت و کەم کەم ڕوشنایی ڕۆژ سە ری هەڵئەهێناو و شکڵ و شێوە ی ئاسمان و نەڕە نەڕی قەڵەباڵغی شار پێکەوە چاو و گوێی ورووژاند. تیشکی خۆرەکە هەندێ چاوی تەزاند بەڵام بە قەد چەن چرکەیەک کە لە دوو یان سێ پاپیلکە ی

ترسەر کەوت چاوی عادەتی بە ڕووناکایی ڕۆژ گرت. دەنگە دەنگ هەر ئەڵێی لەزروانی هەبوونەوە هەتا ئێستا هەرهەیە و هەر قەرار وایە ببێ.

هەموو دڵ و گیان و هەست و ناخی پڕ بوو لە شادی و کامە رانی. کاتێ دوایین پاپیلکە ی تێپەڕاند و پێی نا بەسەر ئەسفاڵتی شەقامەکەدا لە خوشی ئەو دیدار و ئاشناییی‌یەی‌کە لە گەڵ ئەو کچەدا هەبووی وای ئەزانی خەریکە باڵ ئەگرێتەوە و ئەڕوا بەرە و ژوور، بەرەو ئاسمان، خەریکە لە منارەکانی مزگەوتی سولە یمانیە بەرزتر ئەبێتەوە . ئەوەندە بەرز بووەتەوە کە دەریای ئەگە [1] ; و مارمارە [2] ; و بوغاز [3] ; و ئەستەمبوڵ بە قەد چنگێکی لێ دێ و بە هەموو دانیشتوانەکانیەوە لە لەپی دە ستی‌دا جێی ئەبێتەوە . لە دڵ خۆیەوە ووتی خۆزگە عەلیشان لێرە بوایە و منی بینیبایە و چاوی دەر پەڕیبایە... ئەو کات ئە یزانی هەر تەنیا ئەو نیە کە ئەزانێ کچێکی خەپەو ناسکی تورک بە دۆست بگرێ... سەباب! بەم ژنە قرژاڵە جندۆکەیەوە چەندە شانازی ئەکا. ئەڵەی شاژنی دنیایە!!. وائەڵێ سێڤدا، کە س نە زانێ سێڤدا بێت و نەبێ حەزرەتی زلێخایە. خوەلی سەرتە بە! بێ لۆمە!.

بە سەر شۆستەکەدا ئەڕۆیی، پیرە پیاوێک بەرەو ڕووی هات، سمێڵی وەک باوکی بە چەشنی قەیتانی تاشیبوو. کەوتە بیری باوکی، ڕقی هەستا، باوکی هەرکات ئەیبینی پێی ئەووت:«ئەوەندە ئەبداڵ مەبە سێوی، بخوێنە با تۆش وەک عەلیشان بچی بۆ زانکۆ، ڕەبەنی بەتاڵێ!».

ئەوەتا هاتم بۆ زانکۆش...، بگرە زۆر باشتریش هاتم بۆ زانکۆ، عەلیشان لە ئانقەرە خوێندی من لە ئەستەمبۆڵ. دەیان جار پلەو پایەی زانکۆی من باشترە، چونکە لە ئەستەمبۆڵم!!!، بەڵام خوی باش ئەیزانی قەت وەک عەلیشانی پێ ناکرێ، ئەو دەیان قات جوانتر و قۆزتر و شێوە پیاوتر بوو. یەکەم بابەتی تاقمی ڕێ ڕێ بە پێڵاوی وێڕنی‌یەوە ئەو هێنایە ئامەد.

تە نیا ئە و بوو پاپیونی ئەخستە مل. کام گەنج لە ئامەد وەک عەلیشان ئە یتوانی بە ڕێک و پێکی و ڕەوتەوە جلی شیک یەک بخات و لە بەری بکا و سەرنجی کچان و ژنان بە لای خۆیەوە ڕابکێشی؟. دایکی ئەیووت: بە قەد ئەکرەم پاشا بە شکۆیە!. سێڤدا هیچ لەم نازناوانەی نە ئەدایە بەڵام بەو ڕوانینە پڕ لە خوشەویستی یەوە هە ستی خوی سە بارەت بە مێردەکەی دەر ئەبری. کێ حەز بە کوڕێکی قۆزی شیک‌پوشی خوێندەواری گەرم و وەفاداری کورد ناکا؟- سێڤدا بە خوشکەکانی عەلیشانی ئەووت-پاشان خوی و دشەکانی لە خۆشی‌دا ئەیاندا لە قاقای پێ‌کەنین . سێڤدا زۆر جوانە... هەر بە قەد

عەلیشان...عەلیشان دنیای بۆ ئەو ئەویٚ... کاتیٚ لە شەقام پیٚکەوە پیاسە ئەکەن، هەر کەسیٚ بیانبینیٚ بە ئافەرەم و خۆشەویستی‌یەوە سە یریان ئەکات...

ئا...خ عەلیشان، سیٚڤدا...

جاریٚکیان پیٚکەوە فیلمی«دوکتۆر ژیواگۆ»[4] ; یان بینی، هەر عەلیشان بە سیٚڤدای ووت تۆ شیٚوە ی«لارا»[5] ; ئەدەی، سیٚڤدا بۆ دوارۆژیدا دەسماڵیٚکی وەک لارا بەسەریەوە گریٚدا و ئەهات و ئەچوو.عەلیشان وەک بولبول ئەیچڕاند و باسی جوانی سیٚڤدای ئەکرد.مافی خۆی بوو!سیٚڤدا ژنیەتی ، ناموسیەتی ، بەڵام جارجار باوکی ئەیووت : ئەوەندە ئەم هەتیوەم ئەوکچەی خۆش ئەویٚ گەوجی کردوە ... تۆ بزانە چی بۆ ئەکات؟ ئەترسم ئەم کچەتیوە «لاز[6] ; »ە کوڕکەم لیٚ دووربخاتەوە.

ئەمیش تەنیا یەک وشەی لە ناولووتی‌دا بە دەنگی بەرز دەر ئەبڕی-هـم!!!- واتە قۆڕ و بیٚسەری! قسەی هیچ!...ریٚبواریٚک لە شۆستەکەدا خۆی کیٚشا بە قەبرغە ی‌دا، کەلەکە ی هاتە ژان. هەر ئاوڕیشی نەداوە بۆ لیٚبووردن. دووکچ بە لایدا ڕۆیشتن ئەوانیش دەسماڵەکەیان وەک سیٚڤدا بەسەریاندا گریٚداوە...، سیٚڤدا،سیٚڤدا!!!

ڕۆژیٚک هاتە وە بۆ ماڵ یەکسەر چووە نهومی ژوورەوە، نەیزانی عەلیشان و سیٚڤدا لە ماڵەوەن، ڕۆژی پشوودانیش نەبوو بەڵام نە یزانی بۆچی لەو کاتەی ڕۆژدا لە ماڵەوە بوون؟ سیٚڤدا نیوە ڕووت پاڵی دابوو بە دیوارەوە و عەلیشان هەموو گیانی ئەلستەوە. ڕاوەستا، داچڵەکا، هەنگاوییٚک ڕۆیی بەڵام ڕاوەستا، چاوی بریبە هەردووکیان، ئاگایان لە دەور و بەر بڕابوو... چۆکی سست بوو. سیٚڤدا لە مەڕمەڕی یۆنانی ئەچوو. سپی و بیٚ گەرد وەک کۆتەڵی ڤینووس.ساف.

دووکچەکە دەستیان کردبە پیٚکەنین. کاتیٚ بە لایدا دەر باز بوون، یەکیان ووتی: داماو! دیارە قەت ژنی نەبینیوە. ئەوە ی تریان ووتی: لە گوندەکە یان تەنیا مەڕوکاژوڵەی بینیوە!.

تەریق بوەوە، ویستی بڵیٚ من گوندی نیم من شاریم، خەڵکی دیار بەکرم و زۆر لە ئیٚوە ش ڕەسەنترم !. بەڵام نە یتوانی . دەم و زمانی قفڵ کرابوو... هەستی کرد خویٚنی هەموو لەشی دراوەتە ناوچاوی،گەرم داهات، دڵی تەنگ بوو. پیٚی عەیب

نەبوایە دە ستی ئەکرد بە گریان.

نەفرەت لە ژن دای‌گرت، لە سەرووی هەموویانەوە سیٚڤدا! ئەویش یەکیٚکە لەم کچە بەر هەڵدایانە... بەڵام عەلیشانی خویٚڕی چۆن توانیویەتی لە گەڵ کچیٚکی‌وا ببیٚتە هاوسەر؟ دیارە ئەم ناپیاوە هەر پیاو نیە... هەندیٚ دڵی هیٚمن بوەوە... لە دڵ خۆیەوە ووتی: مرۆڤ

هەر دۆستی نەبێ لەم شارەدا باشترە، ماقوولترە ! کچەکەی لە بیر نەمابوو. لە بیری نـەمـابوو کە لەگەڵ ئەو کچەدا کە چـەن خولێـک پـێش لـە ئێسـتا لـە مێتـرۆ لـە یـەک جیـا بوونـەوە، قەراریان داناوە سبەی ئێوارە کـاتژمێر شـەش لـە وێسـتگەی«ئـەمـین ئـونـو» یـەک ببیننـەوە. کچەکە زۆر جـوان نیـە. ڕەشتاڵـەییێکـی کورتـە باڵـایە. کاتێ لـە پیلکانـەکـانی مێتـرۆ سـەر کەوتبوو لە دڵ خۆیەوە ووتبووی : خراپ نیە، نە جوانە نا ناشیرین، باشە، بەڵام نە بـە قـەت سێڤدا...

1- دەریای نێوان تورکیا و یۆنان

2- دەریای نێوان تورکیا و یونان

3- گەرووی بۆسفوڕ ، ئاسیاو ئە ورووپا لە یەک ئەکاتەوە

4- فیلمێکی بە ناوبانگی دە یوید لین ڕێژیستۆری هالیوود لـە سـەر کتێبێکی بۆریس باسترناک

5- کە سایەتی سەرەکی فیلیمی ناوبراو

6- بە خەڵکانی دەورو بەری کەناری دەریای ڕە ش ئەڵێن

« لۆزی حۆرت»

نقه حورته سپیه‌كه‌ی ناو فیلم هه‌ر كات لۆزه دڵتۆقێنه‌كه‌ی ئه‌كاته‌وه ددانه بڕكه بڕكه‌كانی هه‌ر وه‌ک مشار ده‌ر ئه‌كه‌ون و مچۆڕكه به له‌شدا ئه‌هێنن. ئه‌و ددان و شه‌ویلكه و لۆزه هه‌راوه خودا ئه‌زانێ به چه‌ن مه‌ن گوشت تێر ئه‌بێ و گیانی چه‌ن گیانله‌به‌ری بۆ ئه‌بێ بكێشرێ كه ته‌نیا بۆ چه‌ن ساتێكی كه‌م بڕواته بن ده‌ریاوه و واز له خواردن بهێنێ.

خه‌ڵكێكی زۆر له سینه‌ماكه‌دا دانیشتوون . گشت سه‌نده‌ڵیه‌كان گیراون، هه‌مووی خه‌ڵكی له سه‌ر دانیشتوه . ده‌ستكی زۆربه ی سه‌نده‌ڵیه‌كان به هۆی گووشینیان له له‌پی خه‌ڵكدا عاره‌قه‌یان كردوه و گه‌رم داهاتوون. ئه‌و ده‌ستانه‌ی كه وا له ترسی ئه‌و نقه بێ به‌زه‌یی‌یه‌ی ناو فیلمه‌كه په‌نایان هێناوه‌ته ده‌ستكی سه‌نده‌ڵیه‌كی بێ‌گیان و بێ هه‌ست. ژیان هه‌ر چه‌نده ناخۆشیش بێ به‌ڵام مه‌رگی ناخۆشیش كاره‌ساته و هه‌مووشت له پێشی چاوی مرۆڤدا تاڵ ئه‌كا. ئه‌و كه‌سانه‌ی كه وائه‌كه‌وتنه به‌رده‌م و ددانی نقه سپیه‌كه به چركه‌یه‌ک، له‌ت و په‌ت ئه‌بوون و ئه‌خوران و پاشماوه‌ی جل و كڵاوه‌كه یان له سه‌ر ئاوه‌كه‌دا تێكه‌ڵ به خوێنیان ئه‌بوو.ژنێک له په‌نای ده‌ستیه‌وه دانیشتوه، قژی زه‌رد كردوه و به مودێلی ئاژداپێكان[1] ; ده‌ری هێناوه. بۆنی مه‌كیاژ و پودر ده‌وروبه‌ری گرتوه. له تاریكایی سینه‌ماكه‌دا سه‌روسیمای به ئاشكرا دیار نیه به‌ڵام هه‌بوونی ژنێكی وا كه بۆنی عه‌تر و مه‌كیاژه‌كه‌ی پیاو یاخی ئه‌كا له تاریكایی‌دا له پاڵ ده‌ستی مرۆڤێكی گه‌نجی نۆزده ساڵانه‌دا هه‌ستی مه‌رگ له بیر ئه‌باته‌وه . هه‌ركات نقه‌كه ده‌م ئه‌كاته‌وه و كه‌سێک ئه‌گرێ ئه‌م ژنه پڕ به گه‌رووی ئه‌زریكێنێ. ئه‌ڵێی نقه‌كه ئه‌وی گرتوه. هه‌ندێ جار دا ئه‌چڵه‌كێ و له پڕ ده‌ستی به شێوه‌یه‌كی هیستریک له سه‌ر ڕانی هه‌ڵئه‌گرێ و هه‌ناسه‌یه‌كی ده‌نگدار و زیق هه‌ڵئه‌كێشێ و ئه‌ڵێ: ئاخ!

نینۆکە درێژەکانی سێبەر ئەخەنە سەر دەم و لووتی. زەندو مەچەکی زۆر جوانە!. ئـەڵـێی بلورە... بە گۆشەی چاوی ئەڕوانێتە ئەو ژنە. ژنەکە ئاگای لە هیچ نیە، بـە هـەمـوو ناخیـەوە سەیری فیلمەکە ئەکا.

ژنەکە بەڕاستی ترساوە. بە جم و جۆڵ و قیژەکانیدا دیارە.خۆی لە سەر سەندەڵـیەکـەدا ناگرێ. پای بە چەشنێکی هیستریک ئەهەژێنێ. پەنجە ی بە پەلە ئەبـا بـۆ دەمی.چـوار قـامکی دەستی ڕاستی بە دەمیەوەن وئەویش لە ترسدا بە ددان پەنجەکانی ئەگەزێ.

دڵی بۆی ئە سووتێ، لە دڵ خۆیەوە ئەڵێ: ئەم ژنە بەم هە ستە ناسک و نەرمەیـەوە چـون ئەبێ ژیان بکات؟ خۆ بەرگەی دوو خەفەتی گەورە ناگرێ!. یـان حـەیـف نیـە ئـەو هـە سـتە ناسکە بمرێ و بچێتە ژێر خۆڵەوە؟. خۆ ئەگەر مەرگ بێ بۆلای بە جارێک ئەبوورێتەوە!.

لە بەر ئەوە ی دڵی بۆی سووتا هە ستی کرد بە جۆرێک لەگەڵ ئەو ژنەدا پەیوەندییەکی دڵسۆزانەی پێک هێناوە. ئەو ژنە زۆر بێگوناح و فەقیر دیار بـوو. دیـارە خـۆی ڕەنگانـدوە ،ئەوەش خەتای تەربیەت و ڕاهاتنی بنەماڵە و کۆمەڵگاکەیەتی. نابێ بـەو هۆیـەوە ئـاوڕی لـێ نەدەیتەوە. دەستی بە پاکەتێکی بچووکی قاقەزییەوە بوو. پڕ بوو لە گوڵەبەڕۆژە. ویستی هە ست و ڕوحمی خۆی نیشان بدا، دەستی بردە پێشەوە بـە ژنـەکـە ی ووت فـەرمـوو! ژنـەکـە ئاگای لێنەبوو، وەڵامی نەداوە. هەندێ تەریقەوە بوو. بەڵام وازی نەهێنا دیسان ئـەمجـارە بـە دەنگێکی بەرزتر ووتیەوە: فەرموو خانم!

ژنەکە وەک داچڵەکابێ بە سـەیـر و مـەراقـەوە لای بـۆ کـردەوە. لـەو تاریکاییـەدا وردە کاریەکانی سیمای دیار نەبوو تاکوو بزانێ ئاخۆ لە میمیکی دەم و چاویدا چ بەر هەڵستێکی سەبارەت بە پێشنیازەکە ی ئەو کوڕە گەنجە نۆزدە ساڵانە کە لە تەنیشتیەوە دانیشـتوە چیـە؟ زۆر بە دەنگێکی سارد و بـێ ئێحسـاس ووتی: نـاخۆم! مێرسی...دیسـانەوە ڕووی کـردەوە بەلای پەردە ی سینەماکەوە . هەندێ زریکاندی ووتی ئاە! و خۆی بە پشتدا خست و لکا بە سەندەڵیەکەوە: کوڕەکە پێی وابوو ئەو ژنە پێی زانیوە کە ویستویەتی بەزەیی پێدا بـێ لـە بەر ئەوە داوای لێ کردوە لە گوڵە بەڕۆژەکەی بخوا، ئەو ژنەش بۆیە نەیخواردوە کـە حـەزی نەکردوە ئەو کوڕە بە هەستە دەروونیەکەی زانیوە، دیارە ئەو ژنە ئافرەتێکی ورە بـەرزە بۆیـە پێی خوش نەبوە کەسێک بەزەیی پێدا بێتەوە هەر بۆیە پاڵی داوە بـە سـەنـدەڵـیەکـەیدا کـە بزانرێ چەندە بە ورەیە و لەو فیلمە ترسناکە نە ترساوە!

پێی خوش بوو ژنەکی بەو جۆرە دڵناسک، لە کاتی خۆیدا دڵفراوانە... دەستی کـردەوە بە تروو کاندنی گوڵە بەڕۆژە . چاوی هێنا خوارەوە، نیگای بە ئەنـدامی ژنـەکـەدا خشـاند و

چۆک و سمت و پووزێکی پتەو لە ژێر شەرواڵێکی تەنکدا خوێنی دەماری پیاوی سەت ساڵە ش ئەبزوێنێ چ بگا بە گەنجێکی نۆزدە ساڵانەی تینوو!

خەیاڵ و ڕامانی باڵی بەلای وێنە قەدەغە کراوەکاندا ڕۆیی. لە پڕ هە ستی کرد ترسی ئەو ژنە ئەوەندەی تر شەهوانی تر و دڵخوازتری ئەکات. بۆنی مەکیاژ و ڕیمل و ماتیک چەن جار وزە ی باڵی خە یاڵ زۆرتر ئەکات و ڕامان و خە یاڵاتی وروژاوی کوڕەکە ئەباتە بەرزایی ئاسمانی ئەواتە بێ کۆتاییەکانیەوە.

ژنەکە ئێستا زۆر نەی ئەزریکاند، هەندێ ئارام ببوو، یان وای ئەنواند کە ئارامترە. بەڵام نا! هەر جار دیمەنێکی ترسناکی نقەی سپی ئەبینێ و مەرگی مرۆڤێک سەیر ئەکا ئەقیژێنێ و ئەڵێ ئاخ، بمرم بۆت!.

وای زانی بەو ئەڵێ بمرم بۆت! وای دانا کە ژنە بەو نیازەوە ووتویەتی بمرم بۆت...چۆکی بە یەکەوە لکاند. حەزی ئەکرد بیتوانیبایە بچێتە ژووری ئاپاڕاتەوە ومستێک لە دەمی ئاپاڕاتۆڕ بدا و پێی بڵێ فیلمەکە بڵاو نەکاتەوە، یان بچێ و پەردە کە بدڕێ لە بەر ئەوە ژنەکە لە ئەو شیزوفڕنیایە کە تووشی بوە دەرچێ و بگەڕێتەوە دنیای ئارام و هێدی خۆی. پاشان ژنەکە لە دەسخۆشانە ی ئەو کارە جوامێرانەیدا دە س بکاتە ملی و ماچی بکا و ئەویش دەست و زەندی بلێسێتەوە و بەڵگی گوێی بگەزێ و لێوی بمژێ...

لەم بیرانەدا بوو، دەنگە دەنگێک هاتە گوێی، لە دەرەوەی هولی سینەماکە وە ئەهات. گشت دەرکەکانی هۆڵەکە بە دەنگێکی هەراش و دڕاو کرانەوە، بە شەق کرانەوە. دەنگی بێ تەل ژوورەکەی گرت، بە جارێ هەموو دانیشتوانەکە سەریان وەر چەرخاند بە لای دەرکەکانەوە . نقەکە هەر خەریکی خواردن بوو. خوێن کەوتبوە سەر ئاو.

لامپەکانی هۆڵەکەیان هەڵکرد. سینەما شەڵەژا، خەڵک بۆڵەو پرتەیان ئەهات. زەلامێک بە جلی سەربازییەوە هاتبوە هۆڵی سینەماکەوە دوو دەمانچەی بە کەلەکەی ڕاست و چە پیدا کردبوو. دوو قەیتانی درێژ بە شوێنی ڕاگیرکردنی دەمانچەکانیدا شۆڕ ببونەوە و هەتا قولی پۆتینەکانی هاتبوونە خوارەوە.

چاوی بە ناو خەڵکەکەدا گەڕاند. بێدەنگی کەشی سینەماکەی داگرت. ترس باڵی بە سەر خەڵکدا کێشابوو. هەوەس و بەزەیی لە دڵیدا مرا. ترس و بێ چارەنووسی سەری لێدابوو. ئەو ئەفسەرە سەربازییە ئێستا ببوو بە دەسەڵاتداری گیانی ئەو چوار سەد کەسە کە لە سینەماکەدا دانیشتبوون، هەر کەس بیەوێ کارێکی نابەجێ بکا کەوڵی خۆی کردوە.

لە پڕ ژنەکەی تەنیشتی داچڵەکاو بە خۆشحاڵیەوە بانگی کرد هاکان! لە سەر سەندەڵیەکەی هە ستا وبەرەو ئەفسەرەکە ڕای کرد . کاتێ پێی گەییشت خۆی فڕەدا ئامێزی و دەستی کردە ملی و دەمی نا بە ڕوومەت و گۆنای ئەفسەرەکەوە. هەر دووکیان بە جۆرێکی سەیر یەکیان ماچ ئەکرد. خەڵک بێ دەنگ سەیری ئەو دیمەنەیان ئەکرد. کەس نقەی ناو فیلمەکەی لە بیر نەمابوو. جەماوەر بە حەسرەتەوە ئەیانڕوانیە ئەو ژنە و ئەفسەرەکە . هەر کەس لە دڵی خۆیەوە شتێکی ئەووت. یەکێک ئەیووت، دیارە کابرا لە قوبرس بوە و چەن مانگە یەکیان نەبینیوە، یەکێکی تر ئەیووت: دیارە لە مەئموریەتی شەرق [2] ; بوە و تازە هاتوەتەوە. پیاوێکی پەنجا ساڵانە لە دڵ خۆیەوە ووتی: ئەم تورکانە هیچیان پێ عە یب نیە. گەواد ! لە بەر چاوی ئەو خەڵکەدا باوەشی بەو ژنەدا کردوە!

ژنەکە ئەگریا، فرمێسک بە چاویدا ئەهاتە خوارەوە، بە دەسماڵ فرمێسکی ئەسڕیەوە، لە پەناش‌دا وریابوو مەکیاژەکەی نەسڕێتەوە. بە دەنگێکی کپ و پڕ لە گریانەوە ووتی: وام ئەزانی قەت ناتبینمەوە؟. ئەفسەرەکە دەستێکی هێنا بە سەری‌دا. بە دەنگێکی نەرم و مێهرەبانەوە ووتی: هاتمەوە... مەترسە، هەموو شتەکان بە خۆشی و کامەرانی کۆتایی پێ‌هات.. لە گەڵ قسەکانی‌دا دەستی ژنەی گرت و بە ئاسپایی لە هۆڵەکە چوونە دەرەوە، چەن سەرباز و ئەفسەری تریش کە هاتبوونە ساڵۆنەکەوە پشتیان لە خەڵک کرد و سینەمایان بەجێ هێشت. نقە سپیە کە خەریک بوو گەمیەکی بچووکی هەڵئەگەڕاندەوە کە نوقمی بکات.

کوڕەکە لە خەفەت و مەراق‌دا حەزی ئەکرد وەک ئەو نقە یاخی بێت و هەر کەسێکی بەر دەست بکەوێ لەت و پەتی بکاو وسینەماکە ژێر و ژوور بکات. لەم بیرەدا بوو، کابرایەک هاتە هۆڵەکەوە ووتی:بینەرە خوشەویستە کان ببورن! فەرمانداری سەربازی«مەرئە ش [3] ; » ئاگاداری داوە کە حاڵەتی نائاسایی گشتی دەستی پێ کردووە. تکایە سینەماکە چۆڵ بکەن . کەسێک بە دەنگێکی هێواش ووتی: نەمووت! کودەتای [4] ; سەربازی کراوە!...

1- دەنگبێژی ڕێبازی پاپ لە هەفتاکانی تورکیادا
2- شەڕی کوردستان
3- شارێکی باکووری کوردستان

4- رۆژی 26ی سێپتامبەر کەنعان ئەڤرەن سەروکی سوپای تورکیا دژ بە دەوڵەتی ئەوکاتە کودەتای کرد

«ئەنفال»

هێشتا هاڕە و نەڕە ی بۆڵدزێرەکان و سەربازەکان زۆر دوور نەکەوتبوونەوە بەڵام بە لەرەی زەوی‌دا دیارە ئەیانەوێ دەس‌هەڵگربن و لەو شوێنە دوور بکەونەوە.«نازەنین» دەستی بەرەو ژوور بردە سەرەوە. بە ناو شەپولی بژو زبری خاکەکەدا پەنجە ی ئەبردە پێشەوە، پەنجەکانی ئەڵێی مەلەوانن و بە ناو دەریای خاکدا جەستە و بەدەنیان با ئەدەن و بەرەو پێش ئەچن. یان نا! ئەڵێی ڕیشەی دارە و خەریکە خۆی لە زەوی‌دا پتەو ئەکا... ئەوەی دیارە پەنجەی نازەنین لە خاکدایە و تێ ئەکۆشێ

بگاته هێڵی پێگەی خاک و هەوا. لەو هێڵەی وا پەنجەی مرۆڤ توو، شەتڵ و نمام ئەوەشێنێ و ئەچەقێنێ و ژیان ئەژێنێ.

سەرە نینۆکی گەیشتە هەوا، بەڵام چاوی پڕبوو لە خۆڵ. ئەو سەر پەنجە و نینۆکە ئازادە کە وەک چرۆی گەنم سەری هەڵداوە، لە تۆکمەیی خاکدا بە سراوەتەوە، مەودای گەڕانی نیە تەنیا بۆ یەک چرکە کە خۆی بێنێتە قوولکەی ئەو چاوانەی کە پڕ بوون لە خوڵ! کێ چاوی مرۆڤی بینیوە لە خۆڵدا هەڵنەیێ! مەگەر مردوو بێت و هە ستی نەمابێ، ئەگینا کام مرۆڤی زیندووتان بینیوە چاوی لە خۆڵدا نوقم بوبێ؟! ئەو سەرە نینۆکە خۆزگا بگەییشتبایە چاوم و خۆڵەکەی لە چاوم لابدایە... خۆئەم دەستەی تریشم گیراوە، دەستم ناوە بە بەرچاوی بەفرینەوە باخۆڵ نەچێتە چاوی. ئەگەر دەستم لا بەرم خۆڵ و خاک کوێری ئەکەن.

– نازێ!

– ئا!!!

– ئەوە بۆ لاناکەیتەوە؟

– ناتوانم سەرو ملم بە زەوی‌یەوە دووراوەتەوە.

– نازێ!

– ئەڵەی چی زانا؟ لەم شاڵاو و پەت پەتی‌یەدا کارت چیە؟

– هیچ! هەر ئەڵێم پێم خۆشە سە یرێکی من بکەی با بتبینم . پێم خوشە لەم کات و ساتانەدا بۆ دوایین جار سەیرت بکەم با هەتا هەتایە وردەکاریەکانی سیما و ڕوخسارت بە مێشکم ڕابسپێرم نەکا لە بیرم بچێتەوە!!

– زانا قسەی سە یر ئەکە ی! چۆن ئەبێ منت لە بیر بچێتەوە؟ من و تۆ ژن و مێردین. ئەوە تا مردنەکەشمان پێکەوەیە؟ ئیتر لە چی ئەترسی کەوا ئەتەوێ وردە کاریەکانی سیمای من بسپێری بە هزر و بیرت؟! بۆ قەرار وایە من نەبینیتەوە؟!

– نازەنین تکایە بە قسەم بکە... حەز ئەکەم بۆ دوایین جار بتبینم و پاشان دوا هەناسەم بدەم بە دەم خاکەوە...

– دیسانەوە ئەڵێی دوایین جار!... من و تۆ و کچەکەمان پێکەوە کراوین بە ژێر خۆڵەوە، چارە نووسمان پێکەوە گرێ دراوە، ئیتر بۆ وا بیر ئەکە یتەوە گوایە من و تۆ قەت یەک نابینینەوە؟

– نازەنین ئەزانم لە بەهەشتدا لە کەسێکی ترمارەت ئەکەن وئەبی بە ژنی کەسێکی تر.

– قەت!

– به دەستی خۆت نیە! تۆ ئە بی بە حۆری بەهە شتی و حۆری هەر لە سەرەتاوە بۆ خزمەتی کەسانی بەهەشتی خولقێندراوە...

– بە حوکمی کێ زانا؟ من تەنیا بۆ تۆ درووس کراوم!!! ئەگەر قەرار وایە من بچمە بەهەشت تۆ لە من بەهەشتی تری و پێش لە مندا ئەچی بۆ بەهەشت. ئەگەر هەر دووکمان لە بەهەشتدا بین لەوێش هەر ژن و مێردین.

– نازێ! تکایە لام بۆ بکەرەوە با بتبینم...خەریکە دڵم بۆ بینینی ئەو خەت و خاڵە جوانەت تۆق ئەکا.

– ئەزانم زاناگیان! بڕوا بکە ناتوانم بجوڵێمەوە . ئەگەر ئەتوانی تۆ وەرە بۆ لام.

– ناتوانم ، هەر دوو باڵم لە گرێژەنە دەرهاتوون ، دەستم کەوتوەتە ژێرم! منیش وەک تۆ دیلی خۆڵ و خاکم...

– زانا!

– گیانی زانا!

– من حەز ئەکەم تێر بگریم...

– بگری با دڵت سووک بێ... با فرمێسکەکانت خۆڵی چاوت بشۆنەوە...

پاش ڕووخانی دە سەڵاتی دیکتاتۆر سەدام دە یان هەزار کەس لە گۆڕە بە کومەڵەکاندا دۆزرانەوە. لە یەکێ لەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا سێ جەنازە دۆزرایەوە کە سەرنجی هەموو کەسی ڕاکێشا. یەک لەوانە ئێسک و پرووسکی زەلامێک بوو کە بە دەمەو ڕوودا کەوتبوو، لە لای چەپیەوە ژنێک بە پشتدا کەوتبوو، دەستی چەپی خستبوە سەر چاوی منداڵێکی ساوا. جەنازەکان هێشتا جل و بەرگیان لە بەردا نەڕزابوو، بەڵام گوشتیان پێوە نەما بوو. ئێسکەکانیان نەببوون بە فۆسیل، پێویستی نەئەکرد پسپۆڕان وەرن و لە چیرۆکی ئەو ئێسک و پروسکانە بکۆڵنەوە. بەڵام شتێکی سەیر لە جەنازە ناوینیەکە ڕوویدابوو . هەمو ئەو کە سانەی کە خەریکی هەڵکۆڵینی گۆڕە بە کومەڵەکان بوون هەتا هەتایە ئەو شتە سەیرەی کە بە چاوی خۆیان بینیان لە بیری نا بەنەوە: لە چاڵایی چاوی ئەو کەلە سەرە کە بە جلەکانیدا دەر ئەکەوت ژنە، دڵۆپەی ئاو دزەی ئەکرد. ئەڵێی فرمێسکە و لە چاوی مرۆڤی زیندوو دێتە خوارەوە. یەک لەو کرێکارانەی وەزارەتی ئەنفال دەستی دایە جەنازەکان و هەموویانی کۆ کردەوە و هەموویانی تێکەڵی یەکتر کرد و خستیە ناو نایلونێکی گەورەی خاوێنەوە. سەری نایلۆنەکەی گرێدا و لە لای نایلۆنە داخراوەکانی تری دانا کە پڕبوون لە ئێسقان وپێشەی مردوە ئەنفال کراوەکانی تر.

کرێکاران ورەیان تێک چبوو. هەموویان بە دەوری ئەو نایلۆنەدا کۆ ببونـەوە. ئـەوەنـدەی پـێ نەچوو کارمەندەکانی ; CPA[1] گەییشـتن. چـەن سـەربـازێکی هێـزی هاوپـەیمانـان بـوون. وەزیری ئەنفال و ئاوارەکان لە دەسەڵاتی کوردیشەوە لەگەڵیاندا هاتبوو. ئـەوەنـدە ی نـەخایانـد کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆژنامەوانان و هەواڵنێرانی کاناڵە ئاسمانی و ڕادیۆ تەلەڤـیزیۆنەکـان گـەییشـتن وجەماوەرێکی زۆریان پێـک هێنـا. هـەموویـان هـاتبوون ڕاپۆرتێـک لـە دۆزینـەوەی گـۆڕێکی بـە کۆمەڵ بۆ مەدیا گشتیەکان بەرهەم بکـەن و بڵـاو بکرێتـەوە . بـەڵـام هـەموویـان ئـەیانویسـت لـە کەلەسەری ئەو ژنە کوردە ئەنفالکراوە گوزارشت پێک بهێنن کە وا ئاو لە چاویـەوە ئـەتکـێ بـێ ئەوەی ئاسەواری جنچکە گۆشتێک بە لەشیەوە مابێ. هەموویان بە شک و ڕاڕایی یـەوە هاتبوونـە هەرێمەکەوە. بەڵام هەواڵەکە ئەوەندە سەیر و سەمەرە بـوو کـە سـەرنجی هـەمـوو کـەسـی بـەلای خۆیەوە ڕائەکێشا.

ئەفسەرێکی ئەمریکایی بە دەنگی بەرز هاواری کرد کەس لەو هێڵـە دیـاری کـراوە ، دەر بـاز نەبێ جگە لە کرێکارە قەبرکەنەکانی وەزارەتی ئەنفال! نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزیـری ئەنفال و ئاوارەکان و ئەفسەرە ئەمریکاییەکە بەرەو شوێنی ڕیزی توورەکـە نایلۆنـەکـان چـوون. کرێکارێک پێشیان کەوت و یەکسەر ئەوانی برد بۆ لای ئەو پاکەتە نایلۆنیەی کە پاشمـاوەی سـێ ئەنفالکراوی بە ناوی نازەنین و زانا و بەفرین لە ناویدا کۆکرابوونەوە.

هەتاوی گەرمی مانگی جۆزەردانی دەشتی«دووزخورماتوو» مێشکی هەمووی ئەکوڵـاند. لـەو ڕێگە قیرتاوەی کە بەرەو«کەرکووک» ئەچوو هەڵمی گەرمـا هـەڵـئەسـتا. لـە دوورەوە تراویلکـە چاوی مرۆڤی ئەخەڵەتاند.

ئەوچەن کەسە کاربەدەستە گەییشتنە سەر نایلۆنەکە. کرێکارەکە دەستی دایە و هەڵـیگـرت و بەرزی کردەوە . هەڵم وبۆقی کردبوو. ئەفسەری ئەمریکایی ووتی بیکەوە! گرێی تـوورەکـە کـە یان کردەوە .بۆنی تەم و خۆڵ و جەنازەی کۆن درا لە لـووتی ئـەو چـەن کـە سـە. کرێکـارەکـە سەرێکی دەرهێنا . بە سووچی چاوەکانییەوە تـەڕایـی ئـاو ئـەبینـرا. جـوان دیـارە کـە ئـاو ئـەزێتـە سووچی ئەو قووڵکە تاریکەی وا بینایی لێوە ئەڕۆیی. هەتا چەن خولەک هەموویـان کـپ و کـش و ماتن.

ئەفسەرە ئەمریکی‌یەکە سەری هەڵبڕی. جەماوەرێکی بەرچاو لە پەنجا مەتری‌دا ڕاوەستا بـوون. هەموویان چاوەڕوانی بەڵێنی ئەفسەرەکە بوون کە ڕێگەیان پێ‌بدا بێنە پێشەوە و بە ڤـیدیۆکامێرا و دووربینی وێنەگرتن دیمەنی ئەو ماجەرایە تۆمارکـەن و بـە خـەڵـکی سـەرانسـەری جیهـانی نیشـان بدەن .

ئەفسەری ئەمریکی بە دەنگی بەرز بانگی لـە سـەربازێـک کـرد کـە لـە پـێش جـەمـاوەرەکـەدا ڕاوەستابوو. سەربازەکە بە پەلە هاتە پێشەوە و ڕێزی سەربازی بەجێ هێنـا. ئـەفسـەری فـەرمانـدە ووتی: هەتا هاتنی دەستوور لە مەقاماتی سەرەوە ئەم هەرێمە ئابلۆقەی لە سەرە و کەس نابێ بێتـە ئێرە. هەر ئێستاش بڵاوە بەو کۆڕە بدە... سەربازەکە بە شێوە و سیمایدا لە خەڵکانی باشـووری ئەمریکا ئەچوو گەڕایەوە و خەڵکی پەرتەوازە کرد. هەموو بە پرتـە و بۆڵـە شـوێنەکـەیان بـەجێ هێشت.

ئەفسەری ئەمریکایی و سەرۆکی ئۆفیسی مافی مـرۆڤ و کـار بـەدە سـتێکی وەزارەتی ئـەنفـال ڕوویان کردە شوێنی دۆزینەوەی جەنازەکان و بەرەو ئەوێ ئەچوون. ئەفسەرەکـە بـازی دایـە نـاو چاڵەکەوە. بە کرێکارەکانی ووت: لە کوێدا ئەو سێ جەنـازەتـان بینیـوەتـەوە؟ کرێکـارەکـە بـە قامک ئاماژەی کردە شوێنەکە، هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی تێدا نـەبـوو. وشـک و بـرین. چـەن لەتە پارچە و پەڕۆی ڕزاو کە پاشکۆی جل و بەرگی ئەو چەن کـەسـە بـوو لـەو شـوێنەدا بـەجێ مابوو. ئەفسەری ئەمریکی دەستی خستە ناو خاک و خۆڵەکـە. دەسـتی دەر هێنـا ووتی: سـەیـرە! لەم شوێنەدا تەڕاییەک پە یدا نابێ، کانی و ئاویشی تێدا نیە، هەمـوو ئێسـک و پرووسـکی ئـەو سێ کەسەش وشکە ، بەڵام بۆچی ئەبێ تەنیا لە چاوی ئەو ژنەوە ئاو بتکێ؟!

کەس هیچی نەووت. کەش و هـەواکـە ئـەوەنـدە پـڕ لـە ڕازو نهـێنی بـوو، کـەس سـەری لـەم ڕووداوە دەر نە ئەکـرد. کارمـەنـدی مـافی مـرۆڤ پرسـیاری لـە کرێکـارەکـە کـرد ووتی: ئـەمـە چەندەمین کە سە کە لەم گوڕەدا ئـەدۆزرێتـەوە ؟... کرێکـارەکـە ووتی بـەڕێـزم! ئـەم گـۆڕە بـە پێچەوانە ی ئەو دوو گۆڕە کە باشتر وایە بڵێم دوو کاناڵی سێسەد مەتـرین کـە بـەرەو ڕۆژاوای دووزخورماتوون، ئەم گـۆڕە بـە چـەشـنی هێڵـێکی شـەفتـوور هـەڵـکەنـدراوە. ئێمـە وامـان زانی ئیشەکەمان لەم شوێنەدا خە لاس بـوە. هـاتم لـە سـەر ئـەم شـوێنەدا کـە ئێسـتا هـەڵـمان کـەنـدوە دانیشتم. جگەرەیەکم هە ڵکرد. لێواری کڵاوەکـەم هێنـا خـوارەوە چونکـە تـاو ئـازاری ئـەدام . خەریک بـووم مـژم لـە جگـەرەکـە ئـەدا و چـاوم بـڕیبوە زەوی، بینـیم لـە پێشـمدا شـتێک وەک مێتاڵێکی زەرد بەڵام تۆزاوی لە زەویدایە. لە بەر خۆمەوە ووتم: بەردە یان تەنەکەیە.!

بە ڵام هەر لە خۆمەوە هاندرام دەستی بۆ بەرم، بە هێزی قـامکی دەسـتم هـەنـدێ پـەنجـەم تـێ گیراند، دەستم تۆز و خۆڵی کانزاکەی سڕییەوە دەستم لابرد شەوقی هەتاو لێیداو درەوشـیـەوە خێرا بە چقڵەک دەوریم دایەوە و بینیم ئێسکی پەنجە ی مرۆڤێکە و ئـەو کـانزاش، ئـەنگوسـتیلەی زێڕی ژنانەیەو لە گرێی سێهەمی قامکی چوارەمیدایە کاتێ شوێنەکەم هەڵکوڵـی بینـیم دەسـتێکی سـاخە و ڕووی پـەنجـەی بـەرەو سـەرەوەیـە و سـەر پـەنجـەکـان وەک مسـت کـرابێتن پـەنگیـان

خواردوەتەوە بەرەو خاک. ئەو ئەنگوستیلە زێڕە دەر کەوتبوو منیش بینیم و ئەوەش بوو بە هۆی دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کومەڵی تر.

ئە فسەری ئەمریکی سەری سوور مابوو... ووتی: ئە ی ئەو تەڕاییـیە لە کوێوە دێت؟. کرێکارەکە ووتی: قوربان!من نازانم هی چیە، بەڵام ئەوەندە ئەزانم ئەوکە سانە کە ئەنفال کراوون شەهیدن و بە بەهە شتی پیرۆز شاد ئەبن، خودا ویستویەتی بەو شتە کە ئێستا ئێمە پێمان زانیوە بە خەڵکی جیهان ڕابگەیێنێ ئەم خەڵکە بێتاوانن. ئەوەندە بێتاوانن کە تەنانەت ئەو ئێسک و پرووسکانەش بۆ چارە نووسی ڕەشی ئەو گیانانە کە بە ناڕەوایی دران بە داوی مەرگەوە ئەگرین.

ئەفسەری ئەمریکی چاوی بڕیوەتە ئەم کرێکارە نیمچە گوندیەی دەشتی گەرمیانی کوردستان. خڕ سەر و چاوی ڕەش کردوەتەوە. لێوی باری گرتوە. ڕیش و سمێڵی ئەڵێی بە تاوی تیژی خۆر برژاون. بەژنێکی کورت و جەستەیەکی تۆکمەی هەیە. دەنکە دەنکەی عارەق لە ناو چاوی نیشتوە. لە کاناڵەکە هاتە دەرەوە. بە کارمەندی وەزارەتی مافی مرۆڤی ووت: من لە بیری ئەوەدا بووم ئەم ئێسک و پرووسکانە بەرێ بکە ین بۆ یەکێ لەو زانکۆ مەزنانەی ئەمریکا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ئاناتۆمیای لە سەر بکرێ و سڕی ئەو شتە سەیرە ئاشکرا بکەن . ڕاستە! مۆعجیزە لەم دەورانەشدا ڕوو ئەدا بەڵام مۆعجیزەکانیش هۆکاری زانستی هە یە و من لێم ئایەنە دزەی ئاو لە سووچی چاووی ئەو کەلە سەرە بێ هۆکاری زانستی نیە. بەڵام من پێم وایە سەری لێ بنێینەوە نەهێڵین ئەم ماجەرا پەرە بگرێ. ئێمە ئەبێ ئەم ڕووداوە وەک قسە لۆک لە قەڵەم بدەین و بڵەین شتی وانەبووە و تەواو. بە دڵنیایی یەوە ئەڵێم ئەگەر ئەم ڕووداوە ئاشکرا بکرێ زیانی زۆری لێ ئەکەوێتەوە و لانی کەم سەری ئەو ژنە ئەبەن بۆ تاقیگە پزیشکیەکان و لە جەستەکەی و کەسانی تری بنەماڵەکەی دووری ئەخەنەوە . سەدام گیانی لێ ستاندە ، ئێمەش ئەگەر جەستە یان لە یەکتر دوور بخەینەوە ئەوەندەی سەدام زوڵمیان لێ ئەکەین، باشتر وایە هەر سێکیان پێکەوە بشارنەوە. من بەڕاستی شتی وا بە سەیر ترین ڕووداوی ژیانم ئەزانم. من چیرۆکی مومیاکانی میسرم خوێندوەتەوە. تەنانەت لە مۆزەی قاهیرا جەنازەی مومیام بینیوە . بەڵام بایەخی بەرزی ئەو ئێسکە پرتووکاوانەم لە دەیان مۆمیای فرعەونەکانی میسر بەلاوە پێ گرینگترە. ئەوان بەو هەموو زێڕوزێو و جل و بەرگە گرانبەهاوە لە مرۆڤدا هە ستی مەرگ ئەخولقێنن، بەڵام ئەم جەنازە و ئەو چاوە بە فرمێسکە کە ئاڵاون بە چوار لەتە قوماشی شڕەوە سەرەڕای هەرزان بایی بوونی ئەو جلانە بێ ئەوەی مۆمیا کرابێ باسی ژیان ئەکا...

لە ناو ماشینەکەدا John – ئەفسەری ئەمریکایی- و دوو کاربەدەستی کورد لە وەزارەتی ئەنفال و مافی مرۆڤ بێدەنگ بوون. خۆر لە چوارداسێ بەشی ئاسمانی پێوا بوو. شۆفێری ترۆمبێل دەستیدایە ڕادیوی ماشینەکەو هەڵیکرد. ڕادیۆ کەرکووک لە شەپۆلی FMدا گۆرانییەکی بە دەنگی ژنەکی دەنگ خۆش بڵاو ئەکردەوە.جان (John) پرسیاری کرد ئەو ژنە ئەڵێ چی؟

- ئەڵێ: من لەوەی کە مردووم پەشیمان بوومەتەوە، حەز ئەکەم تۆ بە عەشقی خۆت زیندووم بکە یتەوە...

ئەفسەرە ئەمریکیەکە دەستی بە پێکەنین کرد .بە کارمەندەکە ی پاڵ دەستی ووت: تۆ پێت وانیە ئەو ژنە ئەنفال کراوە ئەویندار نەبووبێ؟!

کارمەندە کوردەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا ووتی: هیچ دوور نیە! بەڵکو ئەوەندە ئەوینەکەی قووڵ بووە کە پەنگی خواردوەتە ئێسک و پروسکیەوە... چووزانم بەڵکوو بۆ چارەنووسی ڕە شی خوی ئەگری یان بۆ منداڵەکەی یان بۆ هەر شتێک بێ ئێمە نازانین هۆکارەکەی چیە...

John ووتی: بەڕاستی مرۆڤ خولقێندراوێکی هەرە سە یرە. تەنانەت نەبونیشی ئەبێتە هوی دەیان بیرۆکەو چیرۆک و کێشەی زانستی و مێژویی...

شۆ فێرەکە لە بەر ئەوە قسەو باسی ئەو دووکەسە ببڕێتەوە دەنگی ڕادیۆکەی زۆر کرد. گۆرانی بێژەکە ئەیووت: ئەلف و بێی نوێ بۆ داستانم...

1- کاتێ لە ساڵی 2003دا دەوڵەتی سەدام حسێن ڕووخا، دەوڵەتێکی بیانی کە لە هەموو دەوڵەتەکانی بەشداربووی جەنگ پێک هاتبوو کاروباری ئیداری و سیاسی و ئابووری فێدراڵی کوردستان و عێراقی بەڕێوە ئەبرد.

1

«خوێرێژە پیاو» ;

لە کانە خوێیەک لە دەورو بەری «زەنگان» پاشماوە ی زەلامێکیان دۆزیەوە، پسپۆڕانی ئاسەوارناس دوای تاقی کردنەوەی پاشماوەی لاشەی ئەم پیاوە بە کەربۆنی( C14) ڕایانگەیاند: تەمەنی ئەم مرۆڤە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر دەمانی کۆن و دەیان سەدەی بە سەردا هاتووە. من ئەم کابرایەم لە مۆزەخانەی«تاران» دیتوە. بە بینینی ئەم زەلامە کە دوای چەن هەزار ساڵ دۆزرابوەوە تیشکێک لە مێشکیدام و ئەم چیرۆکەم نۆوسی:

«پیرشات» لە ڕەفتاری قەڵاداری قەڵای «زەردووکە» دڵگران بوو. دوای چەن ساڵ خزمەتگوزاری و کات فەوتاندن لە پێناوی ئەم کابرا بێ ویژدانە لەم هەڵس و کەوتە نامرۆڤیانە سەری سووڕمابوو«شیدی پەڕنە»ی قەڵادار مروڤێکی تەماحکار و بێ بەزەیی بوو. هەموو شتێ بۆخۆی ئەویست و حەزی لە هەر شتێک ببوایە تەنانەت ئەگەر هی کەسێکی تریش بوایە بە فێڵ یان بە فیلسواری داگیری ئەکرد و شەرم و شکۆی لە کەسیش نەبوو، لە بەر ئەوە ی گەورە ی قەڵاکە بوو، ئێستاش هەڵیکوتابوە سەر«پیرشات» و زوڵمی لەویش کردبوو، زوڵمێکی ناخوش و زەبرێکی جەرگ بڕی نا پیاوانە ، ئەوەندە ناخوش کە هەنگوین بە دەمی تاڵ ببوو...

هە ستی بە خوێریەتی ئەکرد. بەڵام ڕەفتاری خوێریگەری پێوە دیار نەبوو: کەڵپۆسە زەردەکەی، چەکمە چەرمەکەی، قژە پڕە جوانەکانی کە بای لای ئێوارەی دەشتی«خارخار» لێی ئەدان و هەروەک پرچی شێر پەرێشانی ئەکرد جۆرە نەجیبی و جوامێریەکی تایبەتی پێ ئەبەخشی.

تەنیا دەنگی پێی خۆی ئەبیست، لە ڕاستیدا گوێبیستی هیچ دەنگێکی تر جگە لە دەنگی پێی خۆی نەبوو. نەرمە نەرمە ڕێگەی ئەبڕی و قاییم و توکمە پێی بە سەر زەویدا ئەنا.

کاتێ دەرکی قەڵایان لێ داخست ، لەدڵ خۆیەوە ووتی : ئەچم بۆ پایتەخت ، سکاڵانامەیەک ئەدەم بە «گەورەی کاوییەکان 2 ; » و گازندەی خۆمی بۆ ئەنووسم تاکوو مافم بستێنێتەوە . هەر لەو کاتەشدا دەستی خستە گیرفانی کەڵپۆسە بەقیمەتەکەی و سەری خوار کردوەوە تاکوو پەیکەرە بچووکەکەی خودای «دایک» 3 ; ببینێ . «خودای دایک» قاچی ڕاکێشابوو هەردوو مەمکی ئەوەندە گەورە بوون کە شۆڕ ببوونەوە بەسەر ڕانەکانی. چاوی بەو پەیکەرە کەوت دڵی گەرم داهات، کەوتەوە بیری هێشتا ڕاستی و مافی ئینسانی نەمردوون، لە بەر ئەوەی مرۆڤە باشەکان لە سەر تا سەری جیهاندا خەریکی مافپەروەری و تێکۆشانن تاکوو داد و ڕاستی لە جیهاندا بچەسپێ. هەر بەو هۆیەوە ویستی بچێ بۆ«ئیزیرتۆ 4 ; » لە بەر ئەوەی کە ئەوێ

شوێنێکی پیرۆز بوو، هەر لەکۆنەوە شاری دادپەروەری بوو. دادیارێکی بێ لایەن لەوێ کێشەی خەڵکی هەرێمە جیاوازەکانی وڵاتی ئەبڕانەوە. دادیاری دیوانی باڵای داد کەسێکی زاناو خوێندەوار و بە ناویدە بوو، هەمووکەس بە باشی باسی ئەکرد. لەوێ لە «ئیزیوتۆ«ی پایتەخت کە لە دڵی هەرێمی«خۆریاش» و لە کەناری چەمی «گەورە ; »دادگای باڵای وڵات بەرپا کرابوو، دادیار کە پیاوێکی ڕیش سپی و بە تەمەن و بە جەرگ بوو سکاڵانامەکانی ئەخوێندەوە و دەستی بە لێکدانەوەی سکاڵانامەکان و شیرۆڤەی داخوازەکان و لێپرسینەوەی لایەنەکانی ئەو فایلە ئەکرد.

«پیرشات» هەموو ئەم شتانەی ئەزانی بۆیە ووتی ئەچم بۆ ئیزیرتۆسکاڵانامە ئەدەم بە دادگەی باڵا، بەڵام دواتر بیری کردەوە کە «شیدی پەڕنە« کاوی قەڵای «زردووکە» زوڵمێکی ئەخلاقی لێ کردوە، ئەویش نابێتە هۆی مەحکوم کردنی لە ڕوانگەی دادوەرییەوە، بیری لەوەش کردەوە کە ناوی خۆیشی لە نێوان هۆزەکاندا ئەزڕێ و ناڕاستەو خۆ ئابڕوی ئەچێ، گەرچی کارێکی ئەوتۆی نەکردوە کە شیاوی سەرکۆنە و بێ ئابڕویی بێ بەڵام هەندێ لە ڕووداوەکان بە جۆرێک بۆگەن و پیسن کە ئەگەر ناوی مرۆڤ تەنانەت وەک شایەتحاڵیش لە ئارادا بێت، ناوی ئەکەوێتە سەر زاری خەڵک چ بگا بەوەی کە بە جۆرێ باسی بکەن کە گوایە دەستگیرانەکەی لێ داگیر کراوە.

هەستی بە ڕووخان و داڕمان کرد... بەڵام دەستگیرانەکەی بێتاوان بوو،«لولوپەڕ» بێتاوان بوو، تاوان لە خۆیەوە بوو، ئەوەندە شەرمی کرد و نەپەرما کە بچێ داوای بکا کە درەنگ کەوت، گەرچی هەموو کەس ئەیزانی«پیرشات» و «لولوپەڕ» ئەویندارى یەکن و یەکیان خوش ئەوێ... چەن جار«شیدی پەڕنە» سەر زارەکی بە «پیرشات»ی وتبوو: ئەگەر پێت خۆش بێ مـن دوو پیاو بۆ ماڵی «گاوەسپە» بەرێ ئەکەم تاکوو خوازبێنی «لولوپەڕ»بۆ تۆ بکەن...«پیرشات»یش هیچی نەوتبوو... هۆکارەکەشی ئەوە بو کە کوڕی چەن سەرۆک هۆزی تری دەوروبەر وەک «گاووارۆ» یان کاوی قەڵای «سووردەرە» لە «لولوپەڕ» خوازبێنی یان کردبوو گاوەسپەش وەڵامی «نا»ی دابوەوە... ئەی باشە چاوەڕوانی کێ بوو کە بێت و کچەکە ی بخوازێ؟!

ڕاوە ستا... لە دوورەوە ڕەشایی چەن کەسی بینی کە بەرەو ڕووی ئەهاتن. دەستی دایە شمشێرەکەی کاتێ گەییشتنە پێشەوە سڵاویان لە «پیرشات» کرد:

- ڕۆژ باش!
- ڕۆژی هەمووتان باش! بەرەو کوێ ئەچن براگەل؟!

ئەو چەن کەسە لە پڕ بێ دەنگ بوون، وەڵامیان نەداوە...«پیرشات» زوو تێگەییشت بۆ کوێ ئەچن... سەرێکی ڕاوەشاند و ووتی:

– دەردی ئێمە تەنیا ئەوە نیە پاشاکەمان هاوپەیمانی ئاشوورە، دەردی ئێمە پەرتەوازەیی خۆمانە، هەزار هۆز و سەدان هەزار هێزی شەڕکەر لە ماننا [6] ; و ئۆرارتۆ [7] ; دا بێ کەڵک ماونەتەوە لە کاتێکدا«ئازارحادوون [8] » بە سەد فایتۆنی جەنگی‌یەوە کە ئەسپەکە ی هی دەشتی« هانی گاڵباتە [9] ; »و دارو درەختەکانی لە دارستانی«ئارتەتە10»یە دێت بۆ داگیرکاری، ئێمەش لە خاکی خۆماندا بە سەدان دیزە و گۆزە شەرابی پێ ئەدەین کە بە شەراب و ئاردی خۆمان میواندارێمان بکات... بڕۆن برا بەڕێزەکانم... هیوادارم سەرکەوتوو بن...

یەکێ لەو کەسانە ووتی:

– ئەی تۆ نایی؟

– ئەوەندە نیە هاتوومەتەوە، لە ساڵی پارەوە لەوێ بووم چوار مانگ پێش لە ئێستا گەڕامەوە، هەموو گیانم بریندار بوو، زامەکانم ئەوەندە نیە سارێژ بوونەتەوە. هەتا عیلامیەک تیرێک ئەهاوێژێ و بابلیەک گورزێک ئەوەشێنێ سوارێکی«ئاری زەند» چوار سەربازی«ئاشووری»ی لە خوێندا گەوزاندەوە ، بەڵام چ فایدە کاتێ سەرگەورەکەمان یاریدەمان نادا، بە قەت ئەو زاد و توێشەی کە بە«سەناخریبی» ئەدا بۆ دژایەتی کردنی «ڕووشا»،«بەگدات» و جوامێرەکانی‌تر، ئەگەر بە دزیشەوە بۆ شەڕ کەرەکانی ماننای بناردبایە کە خایینێکی وەک «ئەسپەبارە»ی پێ لە ناو بچێ خەممان چبوو؟

– ڕاست ئەکەی برا! بەڵام خۆ ناکرێ نەچین بۆ بەرگری کردن لە وڵاتەکەمان؟... خوشت ئەوەندە نیە لە شەڕ گەڕاویتەوە... وانیە؟ ... دەی... بە خۆشیتەوە، ئەگەر ئیجازە بدەی ئێمە با بڕۆین!

– سەر خێر بچن، هیوادارم سەکەوتووبن... دوور نیە دیسان هاتمەوە بۆ ئەوێ...

تەپ و تۆزی پێی ئە سپی ئەو چەن شۆڕە سوارە بەر پابوو، ئەوان بەرەو«ئەلیپی» ئەڕۆیشتن کە ماوەیێکە کەوتوەتە ژێر ڕکێفی ئاشووریەکان... ئێستا «تالتای» بە کرێگیراو مردوە و «نیبە»ی برای لە سەر تەختی ئەم هەرێمە دانیشتووە ، «نیبە» پیاوە و مل بە دەسەڵاتی بێگانە نادا، سەناخریب سوڵتانی ئاشوور، «ئەسپەبارە»ی خۆێری لێ هان داوە،

حەوت سەرۆک هۆزی ئەو مەڵبەندەش یاریدەری ئەدەن... تف لە ڕووتان ناماقوڵانە! ڕووی کـردە چیاکـانی باشـوور، بـە دەنگێکـی نـەرم لـە بـەر خۆیـەوە دەسـتی کـرد بـە خوێنـدنی هــەڵــبەســتێکی عاشــقانە کــە پــێش لــەوەی بچــێ بــو شــەڕی ئــەلیپــی هۆنیبویــەوە و پێشکەشی«لولوپەڕ»ی کردبوو:

گۆزە سوورەکەم! چەرخی کام وەسا — هەوێنی کرد و گیانی بە تۆدا؟
کام ناسک خەیاڵ چاوانی ڕەنگاند — کامە هونەرمەند وێنەتی نەخشاند؟
زێڕنگەری کوێ گوارەتی بۆکرد — خەملی گەردن و چەناکەتی کرد؟
هەڵاڵەدڵمە وتەنم گۆڕمە — فرمێسکی چاوم گەردە شۆڕمە
وەرە سەر گۆڕم ساتێ سەوداکە — ئەوینی بەینمان بەبێ مەوداکە

«لولوپەڕ» دەستی بە پێکەنین کردبوو، لە بەر هە یوانی ماڵی باوکیدا دانیشـتبوو، کچـان بە دەوریەوە ڕاوەستا بوون، پیرشات بە سواری ئەسپەوە دەر باز ببوو، ئـەم هـەڵـبەسـتەی بـە دەنگی بەرز ووتبو...

چـۆکی لـە سـەر کۆگایـەک خـۆڵدا دانـا بـە دەنگـی بـەرز دەسـتی بـە گریـان کـرد . فرمێسکەکانی کەوتنە سەرکۆگا خۆڵەکەوە، خاکی تینوو فرمێسکەکانی بە پەلە هەڵ ئەمژی حەزی ئەکرد ناخی هەر وەک ئەو فرمێسکانە هەڵوەرێـن.«پیرشـات» تـێ گـەییشـتبوو کـە « شیدی پە ڕنەش» ئەترسا داوای « لولوپەڕ» بکات،نە بە ئەو جۆرەی کە «پیرشات» ئەترسـا. شیدی پەڕنە ئەترسا «لولو پەڕ» پێی بڵێ نا؟ ئەگینا ئەیزانی گاوە سپە، ئـەوەنـدە ڕژدە هـەر کات زرنگەی پارە ببیسێت ئیتر دەس هەڵگر نابێ، ئـەو کـابرا تـەنیـا لـە بـەر پـووڵ و پـارە حەزی ئەکرد کچەکەی بە شوو بدا، بەڵام بۆ بە کوڕی کاوی«سـووردەرە»ی نـەدا؟ بـۆچی بەو کاویانەی نەدا کە داوای کچەکەیان ئەکرد؟ مەگەر ئەوان دارا و پوڵدار نە بوون؟...

« پیرشات» بیری کردەوە «شیدی پەڕنە» و«گاوە سپە» لە هـە سـتی«لولوپـەڕ» سڵـیان ئەکرد.ئەترسان دان بە ئەوینی خۆیدا بنێ و بڵـێ«پیرشـات»م خـۆش ئـەوێ. دیـارە ئـەگـەر تەنانەت خوازبێنی لەو کچە بکردایە «گاوە سپە» بیانوویەکـی ئـەبینیـەوە، ئـەو بـیری لـەوە ئەکردەوە ببێتە قەڵـاداری«زەردووکـە» ئـەگـەر ببێتـە خـەزوورەی «کـاوی شـیدی پـەڕنـە» قۆناغی گرینگی ئەم ئامانجە ئەبڕێ هەر بۆیە قەت کچی بـە « پیرشـات» نـەئـەدا و ئـەو دوو ئەویندارەش قەت بە یەک نە ئەگەییشتن... چارەیەک لە ئارادا نەبوو. ئـەگـەر پێکـەوە ڕایـان بکردایە بە پێـی یاسـا سـزا ئـەدران و هـەردووکیـان ئـەکوشـتن، جگـە لـەوە ی سـزای کـچ هـەڵـگرتن و ڕەدووخسـتنی ناموسـی خـەڵـک مـەرگ بـوو، بـەڵـکوو، هۆیـەکـی تـری

سزادانەکەش ئەوەبوو کە بە بۆنەی خوازبێنی کردن و بێ ئـەوەی بزانـرێ ئـاخۆ بـاوکی ئـەو کچە ڕازی بە خزمایەتی کردن ئەبێ یان نا کچەکە ی ڕفاندوە و ئەمەش تەنیـا بـە مـەبـەسـتی ئەتک کردنی کەسایەتی یەکی پایە بـەرزی وەک« گـاوەسـپە» کـراوە... ئـەگـەر بـە ڕەسمـی داوای ئەو کچەی بکردایە، باوکی ئەیووت «نا» و خێرا

«شیدی پەڕنەش» ئەهاتە پێشەوە و بە فەرمی ئەیووت: من خـوازبێنی لـەو کچـە جوانـەت ئەکەم و ئەزانم وڵامی ئەرێ بە من ئەدرێتەوە... هەستا سەر پێ... ڕێگەی گرتەوە... دڵنیاوە بووکە بریاری بەجێ هێشتنی«زەردووکە» تەنیا ڕێگەی دەرچوون لەم بەربەستە ئاڵۆزە بـوو .
بارو دۆخەکە بە قازانجی نەبوو، پیاوێکی وەک ئەو هیچ کات نەیئەتوانی بێ شی کردنـەوەی ڕەوتەکە لە مێشکی‌دا، بڕیارێک بدا کە هەمووشت لە دەستی دەرچێ تەنانەت ئابڕوو...

گـەییشـتە بـەر کانـە خوێیـەک کـە لـە دۆڵـێکـدا بـوو...« بـەڵـام ئـەی ئـەویـن؟!. خۆشەویستی؟!...چۆن ئەبێ ئەوەش لە بیر بکەم؟»

هە ستی کرد کەسێ خەریکی چاودێریەتی... سەیرێکـی دوای خـۆی کـرد. کـەس دیـار نەبوو. تەنیا دەرمان فرۆشەکان و دەباخەکان ڕێیان ئەکەوتە ئەم کانە خوێ تـەریکـەوە... لـە پڕ زرمەی پێ لە پێشیەوە هە ستا. زەلامێک بە خنجێرێکی ڕووتـەوە بـەرەنگـاری بـوو. پـێش لەوە ی دە س بکاتەوە،ئەو زەلامە چوار پێنج زەرگـی لـە ورگ و بـەر مسۆڵـدانی وەشـاند. ئاگر بەردرایە جەرگ و هەناوی... ناسیەوە... یەکێ لـە نۆکـەرەکـانی شـیدی پـەڕنـە بـوو. هەناسەیەکی دژواری هەڵکێشاو ووتی: ئەتناسمەوە ناپیاو! تۆ بۆچی وەهات کرد؟

کابراکە بە پەلـە بـەردێکـی گـەورەی هـەڵـگرت و بـە کـەڕاکـەی«پیرشـات»ی کێشـا و سەروچاوی هاڕی. خوێن لە دەم و لووت و گوێیەوە فیشقاندی...

کاتێ جەنازەکەی فڕە درایە سەر کانە خوێکەوە، ئەمجارە خوێنەکەی ئەتکا بە سەر خـوێی تینوودا و ئەویش بێ وچان هەڵی ئەمژی.

2006/5/17 سەقز

1- ئەم چیرۆکە سپاس‌نامەی دەستە ی ژووری لە فێستیوالی هەشتەمینی چیروکی بانە 2006 وەرگرتووە .

2- شای دەوڵەتیماننا، ئەم دەوڵەتە بە شێوە ی کۆنفیدراسیۆنی عە شیرەتەکان بەڕێوە ئەبرا ، سەرۆکی هەر هۆزێک ناوی«کاوی» بوو وەک کاوی خەسرەو ، کاوی کاوس... لە سەرووی هەمویانەوە گەورەی کاوییەکان بوو

3- لە کوردستانی کوندا نزیکەی 6-8 هەزار ساڵ پێش ئێستا دایک پەرستن باو بووە

4- پایتەختی دەوڵەتی ماننا ، دیاکۆنۆف پێی وایە سەقزی ئێستا هەمان شارە

5- دایتی ، تایتی ، تاتاهو ، ئەو چەمەی کە زەردەشت لێی پەڕاوەتەوە

6- دەوڵەتێکی بەشکۆ لە دەوروبەری دەریای ورمێ لە کوردستانی کۆندا615-900 پ.ز

7- دەوڵەتێکی بەشکۆ لە دەورو بەری دەریای وان لە کوردستانی کۆندا609-900 پ.ز

8- سوڵتانی ئاشوور

9- دەشتی حەڕان لە باکووری کوردستان

10- لە ویژەی سومەری دا بە کوێستانەکانی باکووری مێزوپوتاریا(کوردستانی ئێستا) ئەوترا